# ئەندازیاران

بەردەوام دەبین لە پێناوی گەیشتن بە ئایندە


ساڵی هەژدەهەم پایزی ٢٠٢٠ ژمارە (٧٤)

ڕێکخستنی بابەتەکان پەیوەستە بە دیزاینی هونەری گۆڤارەوە

بەپێی مۆڵەتی ژمارە ٣٥ لە ٢٦-١-٢٠١٠ ی سەندیکای ڕۆژنامەنوسی کوردستان دەردەچێت


## لەم ژمارەیەدا


هەواڵ و چالاکی
لاپەرە ٢

ئەندازەی کیمیاوی چییە؟ بوارەکانی گرنگیدانی ئەندازەی کیمیاوی چین؟ ( ئەندازیاری شارەزا/ نەوزادی مهندس )
لاپەرە ٩

فەرهەنگی پێناسەکانی ڕێکخراوی فڕینی نێودەوڵەتی شارستانی / بەشی چوارەم (ئەندازیار/ طاهر عبدالله قادر )
لاپەرە ١٨

ڕیپۆرتاژ / پرۆژەی ئۆتۆبانی بابان لە سلێمانی/ (ئەندازیاری شارستانی/ شاباز صدیق )
لاپەرە ٢٩

بۆ زاخاوی مێشک
لاپەرە ٣٣

تۆڕەکانی ڕێگاوبانی کوردستان، لەنێوان گرفت و چارەسەر (مامۆستای زانکۆ و ئەندازیاری ڕاوێژکار ( برهان محمد شریف )
لاپەرە ٤٠

چۆنێتی کارکردن لەسەر پرۆگرامی ئیتابس (ETABS) بەشی چوارەم (ئەندازیاری تەلارسازی/ جلال حەمە ئەمین )
لاپەرە ٤٦

چاوپێکەوتن / ئەندازیاری کیمیاوی/ سۆران دلاوەر جەلال )
لاپەرە ٦٠

کۆچی دوایی
لاپەرە ٦١

پلە بەرزکردنەوە
لاپەرە ٦٢

بنەوتار/ ساڵی ٢٠٢٠ ناسۆرترین ساڵەکانی سەدەی بیست و یەکەمی جیهان!
لاپەرە ٦٣



خاوەنی ئیمتیاز

یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان

سەرنوسەر

ئەندازیار/ نەوزاد عوسمان
( نەوزادی موهەندیس )

رئيس التحرير

نوزاد المهندس

Editor-in-chife

Nawzad Almohandis

nawzad_mohandis@yahoo.com

ژ.م: 07710251171

ژ.م: 07501047235

ناونیشان

سلێمانی / شەقامی سالم
بارەگای یەکێتی
ئەندازیارانی کوردستان
ژمارەی تلفون : ٣٢٠٨٨٠٨

www.keu92.org

نەخشەسازی بەرگ و ناوەڕۆک

ڕێبین حمە غریب

rebeeng2002@yahoo.com

www.facebook.com/rebeen79

چاپخانە

چاپخانەی زانا


نوسەری بابەتە ئەندازیاریەکان خۆیان بەرپرسن لە ناوەڕۆکی زانستی بابەتەکانیان

# هەواڵ و چالاکی




## نوسینگە ئەندازیاریەکان

• لەبەر ڕۆشنایی مادەکانی ( نظام مكاتب الهندسية )ی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ کە پەسەندکراوە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە. کۆمیتەی باڵای **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان** مۆڵەتی کارکردنی بەم نوسینگە ئەندازیاریانە داوە :

١. نوسینگەی ئەندازیاری بەناوی ( کۆبین- Cobin ) کە بەڕێوەبەری ڕێپێدراوەکەی ئەندازیار( هەرێم حسێن حسن )ە،بەژمارە ( ٣٠٤ ) لە ڕێکەوتی ( ٢٠٢٠/١٠/٨ )دا مۆڵەتی کارکردنی پێدرا بە فەرمانی کارگێڕی ژمارە ٤٧٨ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٨ دا.

٢. نوسینگەی ئەندازیاری بەناوی ( ڕەنجدەر فتاح حەمە ) کە بەڕێوەبەری ڕێپێدراوەکەی ئەندازیار (ڕەنجدەر فتاح حەمە )ە،بەژمارە ( ٣٠٥ ) لە ڕێکەوتی ( ٢٠٢٠/١٠/٨ )دا مۆڵەتی کارکردنی پێدرا بە فەرمانی کارگێڕی ژمارە ٤٧٩ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٨ دا.

٣. نوسینگەی ئەندازیاری بەناوی ( ڤالیۆ-Value ) کە بەڕێوەبەری ڕێپێدراوەکەی ئەندازیار( سمکۆ حسن سلێمان )ە،بەژمارە ( ٣٠٨ ) لە ڕێکەوتی ( ٢٠٢٠/١٠/٢٢ )دا مۆڵەتی کارکردنی پێدرا بە فەرمانی کارگێڕی ژمارە ٤٩٨ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٢٢ دا.

٤. نوسینگەی ڕاوێژکاری بەناوی ( دانۆ ) کە بەڕێوەبەری ڕێپێدراوەکەی ئەندازیار( دانا علی عبدالرحمن)ە ، بەژمارە ( ٣١٠ ) لە ڕێکەوتی ( ٢٠٢٠/١٠/٢٣ )دا مۆڵەتی کارکردنی پێدرا بە فەرمانی کارگێڕی ژمارە ٥٩٦ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/٢٣ دا.

٥. نوسینگەی ڕاوێژکاری بەناوی ( تۆپ دیزاین ) کە بەڕێوەبەری ڕێپێدراوەکەی ئەندازیار( ڕەوا احمد فتاح )ە ، بە ژمارە ( ٣١١ ) لە ڕێکەوتی ( ٢٠٢٠/١٠/٢٤ ) دا مۆڵەتی کارکردنی پێدرا بە فەرمانی کارگێڕی ژمارە ٥٩٨ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/٢٤ دا.

٦. نوسینگەی ڕاوێژکاری بەناوی ( سلێمانی پلازا ) کە بەڕێوەبەری ڕێپێدراوەکەی ئەندازیار( خالد حسن محمد )ە ، بەژمارە ( ٣١٢ ) لە ڕێکەوتی ( ٢٠٢٠/١٢/٩ ) دا مۆڵەتی کارکردنی پێدرا بە فەرمانی کارگێڕی ژمارە ٦٥١ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٢/١٠ دا.

• لە ڕۆژی ٤ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٢٨ لەلایەن کۆمیتەی باڵاو لقی سلێمانی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان ، بینای نوێی بارەگای نوێنەرایەتی دەربەندیخانی ئەندازیاران کرایەوە ، کە پێش ساڵێک دەستکرابوو بە دروستکردن و نوژەنکردنەوەی ، خۆشبەختانە لەکات و ساتی خۆیدا بەپێی گرێبەستێک هەموو ئیشوکارەکان تەواو کران .




• دروستکردنی ئەم بارەگایە بۆ نوێنەرایەتی دەربەندیخان لەپاڵ دروستکردنی ٤ بارەگای تری نوێنەرایەتیەکانی ئەندازیاران لەهەریەکە لە شارۆچکەکانی ( هەڵەبجەی شەهید و ڕانیە و قەڵادزێ و چەمچەماڵ )دا دێت . بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی ئەندازیارانی ناوچە جیاوازەکان و ڕێکخستنەوەی ئیشوکارە ئەندازیاریەکان و نوسینگە ئەندازیاریەکان لە تەواوی شار و شارۆچکەکاندا .





• هەموو ئەم کارو دروستکردنی بارەگایانە لەسەر ئەرک و خەرجی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان خۆی بوە . ئیدی ئەندازیاران لە کرێچێتی ڕزگاریان دەبێت و دەبنە خاوەن بارەگایەکی جوان و فراوان و دەتوانن کارو چالاکیەکانی خۆیانیان تیادا ئەنجام بدەن . پیرۆزە لە ئەندازیارانی شاری دەربەندیخانی خۆشەویست و چاوەڕوانی کار و چالاکی و هیمەتی ئەندازیارانەتانین .

• لە ڕۆژی **شەممە** ڕێکەوتی **٢٠٢٠/١٢/٥** و کاتژمێر **١١**ی پێش نیوەڕۆ لە بارەگای **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان** لە شاری سلێمانی ، کۆبونەوەی ژمارە (**٧٦**)ی دەستەی ڕاوێژکاری سازدرا ، بە ئامادەبوونی سەرۆک و جێگر و ئەندامانی کۆمیتەی باڵاو و سەرۆک و ئەندامی لقەکان و سەرنوسەری **گۆڤاری ئەندازیاران** و ژمێریاری یەکێتیەکە .

• سەرەتای کۆبونەوەکە بە بەخێرهاتنی ئامادەبوان دەستیپێکرد لەلایەن سەرۆکی **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان**ەوە و دواتر بەرنامەی کاری کۆبونەوەکەی بۆ ئامادەبوان ڕوونکردەوە کە بریتی بوو لەم بابەتانەی لای خوارەوە:



١. بەهۆی قەیرانی دارایی و کەمبونەوەی داهاتی یەکێتیەکە و لقەکان ، داواکرا کە هەوڵبدرێت خەرجیەکان کەم بکرێتەوە و بگەڕێن بەدوای دۆزینەوە و پەیداکردنی سەرچاوەی داهاتی تردا.

٢. بابەتی کێشە و گرفتی نوێنەرایەتی چەمچەماڵی سەر بە **لقی کەرکوکی** یەکێتی ئەندازیارانیش باسکرا ، کە لە دوای دەست لە کارکێشانەوەی سەرۆکی نوێنەرایەتیەکە . هەنگاو دەنرێت بۆ سازدانی هەڵبژاردنێک بۆ سەرۆک و جێگری نوێنەرایەتیەکە لە نێوان ئەندازیارانی نوێنەرایەتی چەمچەماڵدا بەمەبەستی گوڕوتین پێدانی کار و چالاکیەکانی ئەو نوێنەرایەتیە . کێشەکە بەخۆشحاڵیەوە چارەسەرکرا و لەپای ئەو ئەرک و ماندوبونەی کە لەساڵانی ڕابووردوودا سەرۆکی نوێنەرایەتیەکە پێشکەشی کردبوو ، لەلایەن کۆمیتەی باڵای یەکێتی ئەندازیارانەوە مەدالیای ڕێزلێنان و سوپاس و پێزانینی ئاڕاستە کرا لە کۆبونەوەی ئەندازیارانی نوێنەرایەتیەکە .لەڕۆژی **٤ شەممە** ڕێکەوتی **٢٠٢٠/١٢/٢** .






٣. باس لە باشتر ڕێکخستنی ئیشوکارەکانی نوێنەرایەتی کەلاری سەر بە لقی کەرکوک کرا و بڕیاردرا کە ئەندازیارێکی خاوەن ئەزموون و شارەزا بکرێتە لێپرسراوی ئیشوکاری نوسینگە ئەندازیاریەکان.

٤. خۆشبەختانە باس لە تەواوکردنی بینای نوێنەرایەتی دەربەندیخان و هەڵەبجەی شەهید کرا ـ کەتوانراوە لەسەر داهاتی **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان** دروستبکرێن و چیدی ئەندازیاران و ئەو نوێنەرایەتیانە لە بینای کرێدا نەبن.

٥. بڕیاریشدرا بەگوێرەی داهاتەکان و هەنگاو بەهەنگاو کاربکرێت بۆ تەواوکردنی بینای هەریەکە لە نوێنەرایەتیەکانی چەمچەماڵ و ڕاپەڕین و پشدەریش. کە دەستیان پێکراوە و کاری باشیشیان تیادا ئەنجامدراوە .

- دواتر هەریەکە لە لقەکان باسیان لە کێشە و بابەتی هەنوکەیی و گرنگی لقەکانیان کرد و ئامادەبوانیش تێچێن و ڕاوبۆچونی خۆیان دەربارەیان خستە ڕوو .
- لەلایەن لقی کەرکوکەوە باس لە هەڵبژاردنی سەندیکای ئەندازیارانی عێراق کرا کە بەنیازن لە ئایندەدا سازیبکەن و باسی لە ڕۆڵ و بەشداریکردنی ئەندازیارانی کورد کرد لەو پرۆسەیەدا .
- بۆ نوێنەرایەتی کۆیەش بڕیاردرا ئەندازیارێکی خاوەن ئەزمون و شارەزا دیاریبکرێت بۆ لێپرساوێتی نوێنەرایەتیەکە ،کە نیشتەجێی شارۆچکەی کۆیە بێت و سەرپەرشتی ئیشوکارەکان و ڕێکخستنەوەی بکات.




- لەلایەن جێگری **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان**ەوە باس لە هەریەکە لە :

١. ئیشوکارەکانی زەوی **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان** کرا لەگەڵ ( کۆمپانیای هیوا فاوەندەیشن ) دا و لەلایەن سەرۆکی لقی سلێمانیشەوە ڕوونکردنەوەی پێویست درا کە بەڵێندراوە تا ٢٠٢٠/١٢/٢٥ ئیشوکارەکان تەواوبکرێت لە لایەن کۆمپانیای ناوبراوەوە و چیدی لەوە زیاتر کارەکان دوانەخرێن .

٢. باسیش لە پرۆژەی ( شاری ئەندازیاران ) کرا کە لەبەرنامەی **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان**دایە کە جێبەجێبکرێت وەک دەسکەوت و خزمەتێک بە ئەندازیاران ، ئەوە ڕوونکرایەوە کە ئیشوکارەکان لەلای دەستەی وەبەرهێنان و ئەنجومەنی باڵای ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستانە .

دواتر لەلایەن ژمێریاری **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان**ەوە ڕاپۆرتی دارایی بۆ ١١مانگی ساڵی ٢٠٢٠ خوێندرایەوە و لەلایەن ئامادەبوانی کۆبونەوەکەوە پەسەندکرا.

• جێگەی باسە کە دەستەی ڕاوێژکاری بەرزترین ئۆرگانە و باڵاترین دەسەڵاتی هەیە و هەر ٣ مانگ جارێک کۆبونەوەی ئاسایی خۆی گرێدەدات ، کۆبونەوەکەش نزیکەی ٢ کاتژمێری خایاند و بڕیاریشدرا کە کۆبونەوەی داهاتوو لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٣/٨ ئەنجام بدرێت.

• بەخۆشحاڵیەوە لەم وەرزەی ساڵی ٢٠٢٠ یشدا سەرنوسەری **گۆڤاری ئەندازیاران** ( نەوزادی موهەندیس) ، توانی دووەم کتێبی خۆی لەم ساڵی کۆرۆنایەدا بەچاپ بگەیەنێت و بڵاوبکاتەوە .بەناونیشانی ( مێژووی گفتوگۆکانی کورد و حکومەتەکانی عێراق لە ١٠٠ساڵی ڕابووردوودا ١٩٢٠-٢٠٢٠ )دا، ئەم کتێبە لە ٣١٨ لاپەڕەی نیو A4 و لە ٤ بەش پێکهاتوە لە باسکردنی هونەر و زانستی گفتوگۆ و دواتریش قۆناغەکانی گفتوگۆکانی کورد و حکومەتە جیاوازەکانی عێراق لە سەرەتای دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٩٢٠ وە تاکو ساڵی ٢٠٢٠ و دواتریش وێنەی هەموو ئەو کەسایەتیانەی کە ڕۆڵیان هەبوە لە دانوسانەکانی کورد و عێراقدا و دواتریش لە بەشی کۆتایدا گەلێک پاشکۆی مێژوویی خراوەتە ڕوو.

• ئەم کتێبە کە ١٦ هەمین کتێبی نوسەرە، دەچێتە چوارچێوەی بابەتی مێژووییەوە ،نوسەر لەم کتێبەدا تیشک دەخاتەسەر ١٠٠ ساڵی ڕابووردووی مێژووی گفتوگۆکانی کورد و حکومەتە جیاوازەکانی عێراقدا .بەداخەوە لەماوەی ئەو ١٠٠ ساڵەدا کورد نەیتوانیوە لە هیچ کام لەو دانوسانانەدا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت،لەبەر مکوڕی دوژمنان و داگیرکارانی کوردستان لەلایەکەوە و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی کۆڵەواری کورد خۆیەوە لە بواری گفتوگۆکاندا .کە بەداخەوە لە ئێستا و لە دوای ١٠٠ ساڵ لە گفتوگۆکان هێشتا کوردانی باشوری کوردستان هەڵەکانی ڕابووردوو دووبارە دەکاتەوە.

• لەکۆتایدا ، وێڕای دەستخۆشی و ماندونەناسی لە سەرنوسەری گۆڤارەکەمان ، هیوای تەندروستی باش وبەخشش و بەرهەمی زیاتری بۆ دەخوازین لە پێناو خزمەتکردنی زیاتری مێژوو و کتێبخانەی کوردیدا.



• ( هەڵەبجەی شەهید لەتاریکیەوە بۆ ڕووناکی ) ناونیشانی نامیلکەیەکی قەوارە مام ناوەندی و ١٦٢ لاپەڕەدا ، هاوکاری ئەندازیارمان بەڕێز ( حەمە تاهیر عەلی مولود )ە، وەک بەشێک لە یادەوەریەکانی ئەندازیارێکی کارەبایی ڕاوێژکار ، لەساڵی ٢٠٢٠ بە تیراژی ٥٠٠ دانە بڵاوکراوەتەوە و بەچاپ گەیشتوە . کە کۆمەڵێک وێنەی ڕەنگاوڕەنگی قۆناغە جیاوازەکانی پرۆژەکەش لەخۆدەگرێت. ئەم نامیلکە و بیرەوەریانە،دەستپێکێکی جوان و ئەزمونێکی نوێشە وەک ئەندازیارێک کە کار و پرۆژە و بیرەوەریە ئەندازیاریەکانی خۆی بنوسێتەوە ، خۆزیا هەموو ئەندازیارێک کۆتەڵێک لەکار و پرۆژە و بیرەوەریەکانی خۆیان دەنوسیەوە بۆ ئەوەی ببەنە مەڵۆ و خەرمانێک لە کاروان و پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و کار و پرۆژە ئەندازیاریەکان و بۆ مێژووش بمێننەوە لە کتێبخانە و زانکۆ و کۆلێژەکاندا. کاک ( حەمە تاهیر ) بەم کارەی سەردەقی ئەو بوارەی شکاندوە . ئەو بەووردی باسی لەهەنگاو وسەرەتاکانی جێبەجێکردنی پرۆژەی گەڕاندنەوە و ڕاکێشان و دامەزراندن و بنیاتنانی کارەبا و ستون و تاوەر و بەڕێوەبەراەتی کارەبای هەڵەبجەی شەهیدی لە ٢٠٠٥/٥/٤دا کردوە لەدوای ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١وە و بەدیاریکراویش لە ساڵی ١٩٩٢ -١٩٩٣دا. ئەندازیاری هاوکارمان بە دیقەت باسی کێشە و گرفت و ڕێگرییە ئیداری و دارایی و کۆمەڵایەتیەکانی ناوچەکەی کردوە کە بونەتە ڕێگر لەبەردەم ئەنجامدانی پرۆژەکەدا. بەڵام بەهەوڵی خەمخۆرانی هەڵەبجە لە ئەندازیاران و تەکنیکی و کرێکاران و لێپرسراوان و خەڵکی ناوچەکە هەموو بەربەستەکانیان تێپەڕاندوە و بە خۆشحاڵیەوە پرۆژەکە بوە هۆی ڕووناکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی شاری خۆشەویستی هەڵەبجەی شەهید کە بەعسیەکان لە ١٩٨٨/٣/١٦دا کیماوییبارانیان کرد. لە کۆتاییدا وێڕای دەستخۆشی و ماندونەبونیکردن لە هاوکاری ئازیزمان کاک حەمە تاهر بۆ ئەم بابەتە و نامیلکەیە. هیوای تەمەندرێژی و تەندروستی باش و کار و پرۆژە و بەخششی زیاتری بۆ دەخوازین بۆ خزمەتی بواری ئەندازاری و کوردستانە خۆشەویستەکەماندا.




● بۆ یەکەم جار و لەلایەن ئەندازیاری شارستانی ( بلال ابوبکر عبدالمحمد ) وە لە **نوێنەرایەتی هەڵەبجە**ی سەر بە لقی سلێمانی **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستانەوە**، ( **ڕۆژمێری ئەندازیاری**) بە چاپ گەیەنرا . کە وەک کارێکی نوێ جێگەی دەستخۆشی و ماندونەبوونیکردنە .

● ئەم ڕۆژمێرە ٣٨٥ لاپەڕەیە و قەوارەی ١٧×٢٤ سم . ئەوەی ئەم ڕۆژمێرە لە ڕۆژمێرەکانی کلاسیکی و سونەتیەکانی ڕابووردوو و ئێستاش جیادەکاتەوە ئەوەیە کە تەنها گرنگی داوە بە زانیاری و بابەتی ئەندازیاری کە ئەندازیاران لە سەرجەم پسپۆڕیەکاندا سوودی لێدەبینن. وەک مەرجەکانی بەلێندەرایەتی بۆ کارەکانی ئەندازیاری و ڕێنمایی ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١٦ی گرێبەستە گشتیەکان و پوختەیەک لە کتێبی (Road works according to standerd specification for road and bridge ESORB ) و چارەسەری لادانەکان لە تێکەڵاوی قیری و نیزامی نوسینگە ئەندازیاریەکانی ژمارە ( ٣ )ی ساڵی ٢٠١١ و هەندێک بابەت و زانیاری تری ئەندازیاری .

● ئەم ڕۆژمێرە بۆ یەکەم جارە لە ساڵی ٢٠٢١ دا چاپ و بڵاودەکرێتەوە و نیازیش وایە کە ئیدی ساڵانە چاپ بکرێتەوە و هەر ساڵێکیش بابەتەکانی دەوڵەمەندتر و گشتگیرتر دەبێت و زانیاری ئەندازیاری نوێ لە خۆدەگرێت.

● لەکۆتاییدا هیوای سەرکەوتن وتەندروستی باش بۆ هاوکاری ئازیزمان ئەندازیار ( بلال ابوبکر ) دەخوازین و خوازیارین کە بۆ ئایندەش بەرهەم و بەخششی زیاتر و بەسوودتر پێشکەش بە ئەندازیاران بکات .



1992 — 2692

KURDISTAN ENGINEERS UNION

یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان

# پیرۆزبایی

## بەبۆنەی هاتنەوەی

## سەری ساڵی زاینی ٢٠٢١ وە

گەرمترین و جوانترین پیرۆزبایی
ئاراستەی سەرجەم ئەندازیارانی
ئازیز دەکەین و هیواداری کە هەموو
ڕۆژێکیان هەر جەژن و خۆشی بێت و
وولاتیشمان ئاوەدان و گەشاوە بێت و
دوور بێت لە جەنگ و کاولکاری و
نەخۆشی .

دووبارە پیرۆز بێت...

*گۆڤاری ئەندازیاران*

# ئاگاداری

* بەمەبەستی زیاتر دەوڵەمەندکردن و پێشخستنی گۆڤاری ئەندازیاران لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە .

* داواکارین لە سەرجەم ئەندازیارانی ئازیز کە بە ناردنی بابەتی ئەندازەیی یان بە ڕەخنە و پێشنیاز هاوکاریمان بکەن...و لەکاتی ناردنی بابەتەکاندا تکایە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بکەن... لەگەڵ ڕێز و سوپاسماندا..

١. بابەتەکان لە یەکێک لە بوارە ئەندازەییەکاندا بێت .

٢. هەر بابەتێک لە ١٠ لاپەڕەی (( A4 ))کەمتر نەبێت .

٣. گەر بابەتەکە وێنەی تایبەتی لەگەڵدا بوو باشترە .

٤. بابەت بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بڵاودەکەینەوە . بەڵام چانسی بڵاوکردنەوەی بابەتەکان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی زیاترە.و تکایە ناوی سەرچاوەکانیش بنوسن .

٥. تکایە بابەتەکان گەر بەزمانی کوردی بوو بە فۆنتی (( Ali_K_Sahifa Bold )) بێت و گەر بەزمانی عەرەبیش بوو بە فۆنتی (( Ali-A-Sahifa Bold )) بێت.و بە قەوارەی ١٤ بێت .

٦. بابەتەکان گەر لەسەر CD یان لە ڕێگەی ئیمەیلی سەرنوسەرەوە ((nawzad_mohandis@yahoo.com)) بێت ساناتر و خێراتر بڵاو دەکرێنەوە و لەهەڵەی چاپکردن دووردەکەوینەوە.

٧. تکایە لەگەڵ ناردنی بابەتەکاندا وێنەیەکی کەسی و کورتەیەکی ژیاننامەی خۆشتان بنێرن..

٨. گەر بابەتەکانتان لە نوسینی خۆتان نەبوو. وە وەرتان گێڕابوە سەر زمانی کوردی یان عەرەبی تکایە لە چ سەرچاوەیەک یان پێگەیەکی ئەندازیاری لە ئەنتەرنێتەوە وەرگیرابووئاماژەیان پێبدەن.


دووبارە ڕێز و سوپاسمان قبوڵ بفەرموون....

گۆڤاری ئەندازیاران

## ئەندازەی کیمیاوی چییە ؟
## بوارەکانی گرنگیدانی ئەندازەی کیمیاوی چین ؟
## ڕۆڵی ئەندازیاری کیمیاوی چیە و دەتوانێت چی پێشکەش بە کۆمەڵگا بکات ؟



ئەندازیاری شارەزا
نەوزاد عوسمان عبدالرحمن
پسپۆڕ لەنەوت و پترۆکیمیاویات
nawzad_mohandis@yahoo.com




• ئەم بابەتە دەستپێدەکەین بە پێناسەی ئەندازەی کیمیاوی و ڕۆڵی ئەندازیاری کیمیاوی: مێژووی ئەندازەی کیمیاوی لە ئێستادا نزیک دەبێتەوە لە ١٠٠ساڵ ، و پێدەچێت ڕێگای خۆی دۆزیبێتەوە لە بواری پیشەسازی کیمیاوی و پیشەسازی نەوت و پترۆکیمیاویاتدا و ئەم دوو بوارەش گەورەترین بواری ئەندازیارانی کیمیاوین تاکو ئێستا .


ئەندازەی کیمیاوی لە پیشەسازی نەوت و پترۆکیمیاویاتدا بۆ نمونە بەمانای – پاڵاوتنی نەوت و بەرهەمێکی گەورە لە پلاستیک و لەدائن و پەینەکان و توخمە کیمیاویەکانی تردا خۆی دەبینێتەوە و بەهەمان شێوە بەرهەمهێنانی ئەو توخمە کیمیاویانەش دەگرێتەوە کە سروشتێکی تایبەتیان هەیە وەکو بۆیەکان و ئامادەکراوە دەرمانخانەییەکان .

دەتوانین کە ئەندازەی کیمیاوی وەربگرین بەوەی کە دوو جەمسەر کۆدەکاتەوە ، یەکێکیان زانستەکان و ئەویتریشیان دەچێتە ژێر ناونیشانی زانیاریە ئەندازەییەکان.

لایەنی زانستی ئەندازەی کیمیاوی بەمانای کەرتکردنی سیستەمە گەورە و ئاڵۆزەکان دێت بۆ سیستەمە لاوەکیەکان کە دەتوانرێت بنوێنرێت بە پرۆسە کیمیاوی و فیزیاویە بنچینەییەکان .

بەڵام لایەنی ئەندازیاریەکەی ئەوە بەمانای دیزاینکردن و پێکەوەنان و ئیشپێکردنی کارگەکان و دامەزراوەکان دێت کە توانای بەرهەمهێنانی بەرهەمی خوازراویان هەیە ( بنچینەیی و پێویستەکان ) تەنانەت ئەگەر زانیاری پێویستیش نەبێت دەربارەی سیستەمە لاوەکیە تەواوکەرەکان .

١. ئەندازیارانی کیمیاوی هەڵدەستن بە بەڕێوەبردن و



دیزاینکردنی کارگە پیشەسازیە ئاڵۆزەکان کە توێژینەوە تاقیگەییەکان و نیمچە پیشەسازیەکان دەگوازنەوە و دەیچەسپێنن بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنانی پیشەسازی گەورە . هەروەها هەڵدەستن بە سەرپەرشتیکردن لەسەر دروستکردن و پێکەوەنانی ئەو دامەزراوانە و ئەوان بەرپرسیاریشن لە پرۆسەکانی ئیشپێکردن و سازکاریش.

• ئەندازیاری کیمیاوی پێویستە گرنگی بدات بە زانستەکانی بیرکاری و فیزیا و کیمیا و جێبەجێکردنەکانیان و گواستنەوەی مادە و وزە و بەتایبەتیش کە پەیوەست بێت بەبری گەورەوە لە توخمە کارلێکەکان و ناکارلێکەکان و ئەو پرۆسانەی کە دوا ئەوانیش دێن وەک ساردکردنەوە و گەرمگکردنەوە و گواستنەوەیان لە نێوان یەکەکانی سیستەمی دروستکردنی دامەزراوەکە.


• هەروەها پێویستە ئەندازیاری کیمیاوی گرنگی بدات و زانیاری هەبێت دەربارەی سروشت و سیفاتەکانی توخمە بەکارهێنراوەکان بۆ دروستکردنی ئامێرەکانی دامەزراوەکە و چۆن ئەو یەکە و توخمانە بەرگەدەگرن و بەتواناوە کاردەکەن لە ژێر پلەی گەرمی و فشاری بەرزداو هەروەها چۆن بەرگری دەکەن لە داخوران و تەربوون.

٢. ئەندازەی کیمیاوی بەشداریدەکات لە پێشخستنی بەردەوام بۆ توخمەکان و پرۆسە پیشەسازیەکان و بەرهەمەکان . بەشێوەیەک هەڵدەستێت و بەشداری دەکات لە بەرهەمهێنانی زۆربەی کەلوپەلەکان و بەرهەمەکاندا کە تاکەکان بەکاریان دێنن لە کۆمەڵگای مۆدێرندا لە ژیانی رۆژانەیاندا . سووتەمەنی بۆ گەرمکردنەوە و وزە بۆ ئۆتۆمبێل و مەکینەکان ، پەینەکان و لەناوبەری مێروەکان و گژوگیاکان و ...هتد. لە توخمە کیمیاویە کشتوکاڵیەکان بۆ بەرهەمهێنانی خۆراکی ،



داوودەرمان بۆ ژیان و چاکبونەوە، کاغەز و مەرەکەبەکان بۆ پەیوەندیکردن و نامەناردن،جۆرەکانی رووپۆشکردن و لەدائینەکان و مەتات و چنراوەکان بۆ کەلوپەلەکان و ئامێرەکان بۆ بەکارهێنانی رۆژانەی ژیانێکی سەردەمیانە .

٣. رۆڵی ئەندازیاری کیمیاوی گەورەتر دەبێت لە بواری سووتەمەنی و وزە بەبەرهەمهێنانی بەرهەمە نەوتیەکان و پاڵاوتنی نەوت ، و پیتاندنی سووتەمەنی ئەتۆمی و وزە نوێیەکان و نوێبووەوەکان و جێگرەوەکان،ئەمەش مانای additives و چارەسەریەکان ناگەیەنێت. و گەڕان بەدوای جۆرە نوێیەکانی سووتەمەنی و زیادکراوەکان نەک تەنها بەبەرهەمهێنانی سووتەمەنی بەڵکو بە پێشخستنی رێگەکانی بەرهەمهێنانیش و گەڕان بەدوای جێگرەوە و پاراستنی ژینگەدا لەکاتی بەرهەمهێنانی سووتەمەنی و بەکارهێنانیدا .



٤. ئەندازیاری کیمیاوی رۆڵی کاریگەر و گرنگیان هەیە لە بواری پیشەسازی خۆراکی و خواردنەوەکانیشدا و ئەوان کۆنترۆڵی پێکهاتەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی باشێتی و چاککردنی شێوە و بۆن و تامەکانیان دەکەن،هەروەها هەڵدەستن بە پێشخستن و نوێکردنەوەی رێگاکانی پێچانەوە و بەکارتۆنکردن و رێگاکانی پاراستن و وشککردنەوە و ساردکردنەوە و بەستن و خاوێنکردنەوە و بەستەرکردنیش.




٥. ئەندازەی کیمیاوی بەشدار و هاوکاریش دەبێت لە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان ئەوانەی پەیوەندیان بە ژینگەو تەندروستی و سەلامەتیەوە هەیە. ڕۆڵی ئەندازیاری کیمیاوی گەورەتر دەبێت ، ئەوان بە ژمارەیەکی زۆرەوە جێگە و پێگەی خۆیان دەگرن لە بوارەکان کۆنترۆڵ و بەڕێوەبردنی کارەکان و ڕێگەگرتن لە پیسبوونی ژینگە و بە بازاڕکردنی تەکنۆلۆژیا زیندەییەکاندا.

• ئاراستە و پسپۆڕییە نوێیەکان لە ئەندازەی کیمیاویدا..

لە ئێستادا داواکاریەکی زۆر هەیە لەسەر بەروبومە پیشەسازیەکان و لەبەرامبەریشدا گرنگیدانێکی گەورەتر هەیە بە ژینگە و سەلامەتی. بەم شێوەیە پیشەسازیە کیمیاویەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە لە ڕووی تەکنیکی و زانستیەوە ڕووبەڕووی دوو ئاڵنگاری دەبنەوە:

١. گەڕان و داهێنان و دۆزینەوەی تەکنەلۆژیای نوێ بۆ بەرهەمهێنانی کەلوپەلە بەکارهێنراوەکان ڕەچاودەکرێن لەگەڵ بواری ئابوری کلاسیکی و دەسکەوتی ئابوری بۆ بەرهەمەکە یان چۆنێتی بەرهەمهێنان بەشێوەیەک کە زیان بە ژینگە و تەندروستی و سەلامەتی نەگەیەنێت لەکاتی بەرهەمهێناندا یان لەکاتی بەکارهێناندا . لە ئێستادا دانانی نرخی ڕاستەقینە بۆ تەکنەلۆژیاکانی هاوڕێی ژینگە بۆتە کارێکی زۆر پێویست کە تیایدا بەفیڕۆدانی کەرەسە خاوەکان و وزە کەمبۆتەوە کە مامەڵەی زۆریشی تیادایە بۆ دووبارە بەکارهێنانەوەی بەرهەمە لاوەکیەکان و پاشەڕۆکان بۆ گەڕێکی تری دروستکردنەوە . ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە لەکارگە گەورەکاندا بەبری زۆر گەورە بەرهەمبهێنرێن و تەکنەلۆژیای خاوێن بەکاربهێنرێت و بەرهەمەکانیش بێ کەموکوڕی بن و زۆر تەواو سەلامەتیش بن .

٢. گەڕان لە پیشەسازیە پێشکەوتوەکان و جیبەجێکردنە




نوێکاندا و بەتایبەتیش ئەوانەی کە هاوبەشی دەکەن و دەچنە پسپۆڕییە( هاوبەشەکان ) لە نێوان فیزیا و کیمیا و زیندەوەرزانیدا.

• ئەندازەی کیمیاوی شانازی دەستپێشخەری هەیە لە داهێنان و پێشخستنی بەروبومەکان و تەکنەلۆژیا نوێیەکان کە دەبنە هۆی زیادکردنی خۆشگوزەرانی مرۆڤایەتی و دابینکردنی داخوازیەکانی ژیانیان واتە باشترکردنی ئاستی ژیان.بواری ئەندازەی کیمیاوی فراوان دەبێت بە تێکراییەکی خێرا بۆ ئەوەی جێبەجێکردنە هەمەجۆرەکان لەخۆبگرێت لە زیندەوەرزانی و کیمیا و زانستی توخمەکان. بۆ تێگەیشتن و دۆزینەوەی جێبەجێکردنەکان و کۆنترۆڵکردنی زۆرێک لە دیاردەکانی زانستە جیاوازەکان و پسپۆڕیەکانی تر وەک بیرکاری mathematics و زانستی توخمەکان material science و زیندەوارزانی ، biology و زانستی نەخۆشیەکان ، physiology و ژینگە و ڕوانگەی کەشوهەوا science atmospheric بابەت و زانستی نوێ دەرکەوتن کە توانرا زۆرێک لەوانە جێبەجێبکرێن بۆ پرۆسە کیمیاویە بەرهەمێنەرەکان و ئەوانی تریشیان گرەنتیەکی گەورەیان هەیە بۆ جێبەجێکردنیان کە لە قۆناغی گەڕان و پێشخستنیدان.

• توێژینەوەی زانستی و قسەکردن لەسەر بوارە تازە و هەمەجۆرەکان بۆتە لقێکی سەرەکی لە ئەندازەی کیمیاویدا.و بەو شێوەیەی کە ئەندازەی کیمیاوی گرنگی دەداتە بوارەکانی توێژینەوە نوێیەکان کە لەگەڵ پسپۆڕیەکانی تردا تێکەڵ دەبن و پێدادەچن،ئەوا ئەو ئاراستەیە پێویستی بە بەرنامەی خوێندنی باڵای تەواو هەیە بۆ ئەوەی ئەو پێکداچوون و هاوبەشیە لەگەڵ پسپۆڕیەکانی تردا تێبگات.

• زۆر بابەتی تر بەدەرکەوتون لەوانە تەکنیکی و زانستی توخمە زۆر بچوکەکان،زیندە ئەندازەیی وئەندازەی پرۆتینات و ....هتد.ئەندازەی کیمیاوی بە زانستە بنچینەیەکانیەوە وەک پرۆسەکانی گواستنەوە و ئەندازەی کارلێکە کیمیاویەکان و داینەمیکی گەرمی بژاردەیە بۆ هاوبەشیکردن لە پێشخستنی بواری زۆردا کە پێکداچوون لەگەڵ پسپۆڕیەکانی تردا.هەروەها گرنگە کەلەسەر ڕۆڵی ئەندازەی کیمیاوی جەخت بکەینەوە وەک پسپۆڕیەکی

خزمەتگوزاری کە داواکاریەکانی ژیان دابین دەکات بە سوود وەرگرتن لە پێشکەوتنەکانی زانست لە زانستە بنەرەتیەکاندا.بۆ نموونە پێویستە ئەندازیاری کیمیاوی دەربارەی گواستنەوەی ئەلکترۆنات بخوێنێت و شیبکاتەوە لە دۆخە چربۆوەکاندا بۆ ئەوەی بتوانێت هاوبەشی بکات لە پیشەسازی و دروستکردنی هاوشێوەی گەیەنەرەکان.



• ئەندازیارانی کیمیاوی لە بواری ئەندازەی زیندەییدا ( **ئەندازیاری زیندەیی** ) دەگەڕێن لە بواری تەکنیکی زیندەییدا و جێبەجێکردنەکانی پرۆسەکانی دروستکردنی زیندەیی لە بوارەکانی پیشەسازی خۆراکی و کیمیاویات و پیشەسازی زیندەیی تەندروستی . زۆرجاران خانەی زیندوو یان توخمی بەرهەمهاتوو بەهۆیەوە بەکاردەهێنرێن بۆ بەرهەمهێنانی توخمی تر وەک چوونە ناوەوە بۆ پیشەسازیەکانی تر.لێرەدا ئەندازیاری کیمیاوی هەڵدەستێت بە دیزاینکردن و پێشخستنی پرۆسە تەکنیکیە زیندووەکان بۆ گەشەپێدان و چارەسەر و دواتریش کۆکردنەوەی بونەوەرە زیندوە زۆر وردەکان و ئەو بەرهەمانەی کە لە توخمەکانەوە بەرهەمی دێنێت.نمونەی ئەوانەش بریتین لە بەرهەمهێنانی دژەکان و **...هتد**.هەروەها



بوارەکە گەشەپێدان و بەرهەمهێنانی ڕووەکی تێکەڵیش DNA زیندەیی دەگرێتەوە.ئەنسۆلین،ئەنترۆفیرۆن، و ئەندامی دروستکراو و دژە بونەوەر و ئافاتە کشتوکاڵیەکان و وشکەساڵیش.

• ئەندازیاری کیمیاوی لەبواری ئەندازەی مەوادا(**ئەندازیاری مەواد**) هەڵدەستن بە پێشخستن و چاکردن و بەکارهێنانی پرۆسەکان و شێوازی گۆڕینی توخمە سەرەتاییی و خاوەکان بۆ مەوادی ئەندازەیی کە سیفاتی دیاریکراو ویستراویان هەیە.توخمی تازە و تایبەت کە توانای بەرزیان هەیە و سیفاتی جیاکەرەوەی تایبەتیان هەیە و سیفاتی ویستراویان هەیە وەک سوکی کێش و بەهێزی و توانای گواستنەوەی گەرمی وتیشکدانەوە و خاوێنی. ئەم توخمە سیفات تایبەتانە دەچنە بواری پیشەسازی و خزمەتگوزاری زۆرەوە لەوانە ئامێر و کەلوپەلی بەکارهێنراو لە بۆشایی و فرۆکەوانیدا.توخمی خۆراگر بۆ تواندنەوە،توخمی وێنەگرتن و ئەلکترۆنیات و بەرهەمهێنانی پارچەی تەنکی زۆر وورد و بەرهەمهێنانی بەشەکانی کە توانای زۆر گەورەیان هەیە بۆ ووردبوون و بڵاوبونەوە و خۆرزگارکردن لە وزەی گەرمی لەگەڵ کارکردن بەخێرایی لە ڕادەبەدەر وەک لە کۆمپیوتەر و **...هتد** هەیە.




لەوانەیە پسپۆڕیەکەیان ئەندازەی شوشە و گڵێنە و توخمی بەکارهێنراو لە بوارەکانی ئەلکترۆنیات و کانزاکان و دارشتەکان و پۆلیمەرەکانیش بگرێتەوە.لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر پەیوەندی لە نێوان سیفاتەکانی توخمەکان بۆ پرۆسەکانی دروستکردن و توانا ئەندازەییەکانیان و توانای هەڵبژاردنی شیاو بۆ توخمەکان بۆ بەکارهێنانە جیاوازەکان.

**Chemical Engineer's Median Salary**

| Country | Annual Salary (USD) |
|---|---|
| USA | $73,626.00 |
| Germany | $64,304.00 |
| Australia | $62,038.00 |
| Canada | $60,304.00 |
| UK | $56,246.00 |
| Japan | $45,539.00 |
| Saudi Arabia | $36,670.00 |
| UAE | $35,467.00 |
| Qatar | $30,900.00 |
| Source: Payscale.com | |
| @adwa_h | |

ناوەندی مووچەی ئەندازیاری کیمیاوی لە هەندێک لە وڵاتانی پێشکەوتوی دونیادا

• ڕۆڵـی ئەندازیـاری کیمیـاوی لـە بـواری ئەندازەی کانزاکانـدا ( ئەندازیـاری کانـزاکان ) پەیوەسـتە بـە پرۆسەکانی هەڵهێنجانی کانزاکان لە کەرەسە خاوەکانیان و دیزاینکردنی پرۆسـەکانی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانی دارشـتە جۆراوجۆرەکان و دیاریکردنی سـیفاتەکانیان و هـەروا دیاریکردنی پێوانەکانـی هەڵبژاردنی گونجاو بۆ توخمەکان بەمەبەسـت و بەکارهێنانـە جۆراوجۆرەکان. ئـەوان گرنگی دەدەن بە داخـوران و جۆرە زۆرەکانی و شێوازی پاراستن لێی.



• بەپێشـکەوتنی پیشەسـازی و قوڵبونەوە بەناو پسـپۆریە ئەندازەییەکاندا و دەرکەوتنی پیشەسازی وەها کە سوود دەبینێت لە زانیاریـە ئەندازەییە جۆراوجۆرەکان ئەوکات پێویسـتی پیشەسـازی بـۆ ئەندازیـار هەمەجـۆر بوو بۆ زانیاریەکان کە پاشخانێکی ئەندازەیی گشتیان هەبوە . ئەو کەسـە پیشـەگەرەی کە دەتوانین ناوی بنێین ئەندازیاری گشـتگیر: کە بریتیە لـەوەی کە پاشـخانی خوێندنەکەی خوێندنـی زانسـتەکانی ئەندازەیی بنەرەتەیـەکان لەخۆ دەگرێت لە : میکانیکی بەستوەکان ، میکانیکی شلەکان، خوێندنـی هەندێک سیسـتەم کە پێکهاتـە زیندەییەکان و کیمیاویـەکان و کارۆ میکانیکیـەکان لە خۆ دەگرێت. لەگەڵ زانیـاری دەربارەی ئیـدارەی کارەکان و ئابوری و بازارکـردن و توێژینـەوەی پرۆسـەکان.لەوەوە ئـەوە ڕووندەبێتەوە و دەردەکەوێـت کە ئەندازیاری کیمیاوی نزیکتر و گونجاوترە بۆ ئەوەی هەستێت بەو ڕۆڵە.

• بەوەی کە سیفاتی نەرمی هەیە ئەندازەی کیمیاوی بۆتە چەنـد لق و پۆپێـک و بەرەو ئاسـۆی فراوانتر هەنگاوی ناوە بە دەرکەوتنی پسـپۆریە نوێکان کە زۆریان توانروە جێبەجێکرێـن بۆ پرۆسـە کیمیاویـە بەرهەمهێنەرەکان وەک :


١. تەکنیکـی زانسـتەکانی مـەوادە زۆر بچوکـەکان nanoscience and technology:




٢. زینـدە تەکنیەکـەکان ( بایۆتەکنەلۆجـی و جێبەجێکردنەکانی biological sciences ) .




٣. بەرهەمهێنانـی توخمـە تێکەڵـەکان composite materials, such as carbon or glass fiber dispersed within a polymer matrix




٤. ئەندازەی پزیشکی زیندەوەرزانی biomedical engineering: کە گرنگی دەدات بە زۆر لە و بابەتانەی کە پەیوەستن بە ئیشوکارەکانی ئەندامانی لەشی زیندووەوە و سەلامەتیەکەی: وەک دیزاینکردنی دڵی دروستکراو و وەصفکردنی وەرزشی بۆ کۆنترۆڵکردن بە کاتی دابەشکردنی دەرمان لەناو ئە و ئەندامانەدا mathematical modeling of controlled drug release.



• ئەندازەی کیمیاوی لە بواری پزیشکیدا:

ئەندازەی کیمیاوی لە بواری پزیشکیدا هاوبەشی زۆری هەیە لەوانە بەرهەمهێنانی پێداویستیە پزیشکی و تەندروستیەکان لە داودەرمان و پاکژکەرەوەکان و لەناوبەرەکان و ئەو ئامێرانەی کە سروشتی تایبەتیان هەیە و سەرەڕای هاوبەشیکردنی لە دروستکردنی صەیدەلانی




و بەرهەمهێنانی تۆخمە جوانکاریەکان و ڕازاندنەوە و بۆن بەهەموو جۆرەکانیەوە و شێوە جیاوازەکانیەوە.لەم بەشەدا کەمێک لەو هاوبەشیانە و تەکنیکە نوێیانە باس دەکەین و دەیانخەینە ڕوو:

١. دروستکردنی بەشەکانی لاشەی مرۆڤ گەڕان بەدوای ئەو تۆخمانەدا کە دەگونجێن لەگەڵ خانەکانی لاشەی مرۆڤدا بەبێ دروستکردنی کاریگەری خراپ یان ڕەتکردنەوەی لەش بۆیان biocompatibility کەئەمەش بۆخۆی گەورەترین ئالنگاریە بۆ ئەندازیاران.ئەو ئامێرانەی کە کاردەکەن و ئیشەکانیان بە توانایەکی سەرکووت جێبەجێ دەکەن لەدەرەوەی لاشە مەرج نیە کە لەناوەی لاشەدا کار بکەن. لاشەی مرۆڤ دادەنرێت بە ئاڵۆزترین سیستەمی ئەندازیاری.زانایان و ئەندازیاران لەهەوڵدان بۆ پێشخستنی ئەو تۆخمە زیندەوەریانە biomaterials و ئەو ئامێرانەی کە ژیان باش دەکەن. دیزاین و دروستکردنی ئەو تۆخمە زیندەوەریانە جێبەجێدەکرێن بۆ ئەوەی هەستن بە ئیشوکاری دیاریکراو لە لاشەدا و بەکاردەهێنرێن وەک جێگرەوەیەکی ئەو ئەندامانەی لاشەی زیندوو.ئەو ئامێر و کەلوپەلانەش پێویست دەکات کە لە تۆخمی تایبەت بن و گونجاوبن بۆ مەبەست و کاری داواکراو.لە نمونەی ئەو ئامێرانە: جومگەی ئەژنۆکان و ئانیشک،تۆخمی نێوان بڕبڕەی پشت و ئامێری پاڵپشتی ئێسکەکان.هەروەها زمانەی دروستکراوی دڵ و جێگرەوەی ڕیشاڵە خاوەکان و زۆرێک لە پێکهاتەکانی ددان.

٢. ئامێری دروستکراو بۆ گۆڕینی جومگەکان کە جومگەکە پێکدێت لە پەرداخێکی دروستکراو لە پۆلی ئەسیلین کە کێشی گەردیەکەی لەسەروو بەرزەوەیە ultrahigh molecular weight polyethylene و تۆپێکی کانزاییش یان گڵێنەیی کە نوساوە بە بۆریەکی کانزاییەوە. کانزا بەکارهێنراوەکان بریتین لە تیتانیۆم titanium یان دارشتەی کۆباڵت و کرۆمیۆم cobalt-chromium alloy و بەشە گڵێنەییەکەش لە ئۆکسیدەکانی زرگۆنیۆم zirconium وئەلەمنیۆم aluminum پێکدێت.

٣. پلێتە ئەفسوناویەکە — پلێتی پەنجەی بۆ ماوەیی DNA chip ئامێرێکی بچوکە وەک پلێتی پێدەری میکانیکی کە هەڵدەستێت بە دەرهێنانی ترشی ناوکی لە دڵۆپێک خوێن

و دواتر هەڵدەستێت بە دیاریکردن و خوێندنەوەی پەنجەی بۆماوەیی و لەکاتێکدا کەسەکە چاوەڕوانی ئەنجامەکان دەکات ، لەماوەیەکی کەم و کورتدا هەڵدەستێت بە دیاریکردنی نەخشەی تەواو بۆ توانای کەسەکە بۆ تووشبون بە جۆرەها نەخۆشی جیاواز.بەکارهێنانی ئەم پلێتە پێشەنگی دەکات بۆ گۆڕینێکی سەرتاپاگیر لە هەلسوکەوت و توانا بۆ دۆزینەوە و پێشخستنی دەرمان و دەرزی و شێوازی توشبوون و نەخۆشیە جیاوازەکان. ئەوەی کە بەدەستهاتوە لە پێشکەوتنی کۆمپیوتەرەکاندا لە پلێتی سلیکۆن silicon chip پێشبینی دەکەین بۆ ئەندازەی زیندەیی و توێژینەوەکان لە زانستەکانی زیندەوەرزانیدا بەگشتی لەو پلێتەوە دەستبکەوێت .



پاڵاوتە پزیشکیەکان و کۆکەرەوە دروستکراوەکان :زۆر جۆر پاڵاوتە هەن کە بەکاردەهێنرێن لە بواری پزیشکیدا کە زۆر جیاواز نیە لەو پاڵاوتانەی کە لە پیشەسازیدا بەکاردەهێنرێن کە هەمان بنەماکانی بەسەردا دەسەپێنرێت لەگەڵ زیادکردنی یەدەگەکان و ڕێوشوێنی پزیشکی بۆ پەناگرتن لە کاریگەریە خراپەکان لەسەر مرۆڤ. لەوانە پاڵاوتەی هەوا کە زۆر ووردە لە ژووری عەمەلیات و پاڵاوتە ووردەکان لە هێڵی پێدانی دەماری و کۆکەرەوەی دروستکراو. ئەندازیارە کیمیاویەکان کاردەکەن لەگەڵ پزیشکەکاندا بۆ پێشخستنی کۆکەرەوە دروستکراوەکان کە هاوشانە لەگەڵ کۆکەرەوەیەکی سروشتیدا لە ئیشوکارەکانیدا.کۆکەرەوەی دروستکراو پێکدێت لە پاڵاوتەی خوێن کاردەکات بە ڕۆیشتنێکی پچرپچر hemofiltration یان لە پاڵاوتەیەکی خوێن کاردەکات بە هەموو لە بڵاوبونەوەی ریشاڵی و ڕۆیشتنی پچرپچر پێکەوە hemodialysis ،کۆکەرەوەی دروستکراو ماتۆرێکی پاڵنەری خوێنی پیس لە خۆدەگرێت بە پاڵاوتەکەدا و گەڕانەوەی بە پاکی بۆ لەش سەرەرای ئامێری کۆنترۆڵ تیایدا وەک ڕێگریەک بۆ خەستبونەوەی خوێن لەکاتی ڕۆیشتنیدا لە پاڵاوتەکەدا و بازنەی بۆریەکان و خۆرزگارکردن لە بلقی هەوا لە بازنەی بۆریەکانی دەرەوەدا کە خوێن دەگوێزنەوە و هۆکارەکانی شۆردن و هەروەها ڕێگای خاوێنکردنەوە.

•لایەنی مرۆڤایەتی لە ئەندازەی کیمیاویدا ( ئەندازیاری کیمیاوی و کۆمەڵگا )



گەڕان بەدوای لایەنی مرۆڤایەتی بۆ زانستەکانی ئەندازەی کیمیاوی ئەوەیە کە پێی دەڵێین ( ئەندازەی کیمیاوی و کۆمەڵگا ).کە گرنگی دەدات و پسپۆرە لە خوێندن و شیکردنەوە و ڕووبەڕووبونەوەی پێکداچوونە ئاڵۆزەکان لە نێوان تەکنەلۆژیاو و کۆمەڵگادا بە ڕۆشنبیری و مێژوو و دابونەریتی کۆمەڵایەتی و چۆن چۆنی ئەو دابونەریتانە کۆنترۆڵ دەکەن لە گواستنەوەی تەکنیک یان ئەوەی پێی دەڵێین ( کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لە تەکنیکدا ). و چۆن کە پیشەسازیە کیمیاویەکان و پرۆسە کیمیاویەکان بەشێوەیەکی گشتی پێشکەوتن لە میانەی رابووردوودا و زانینی کاریگەریەکانی لەسەر کۆمەڵگا بە باش یان خراپ . بە تێڕوانین لە ژیانی ئێستامان جیاوازی زۆر گەورە و دراماتیکی دەبینین لە ژیانی باوباپیرانماندا– ئەو جیاوازیانەش زۆرینەیان بەرەو باشیە– ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ داهێنان و پێشکەوتنی تەکنیکی و ئەندازیاری هەروەک چۆن خوێندنەوەمان بۆ ئایندەی نزیک ئاماژە دەدەن بۆ توانینی ڕوودانی ئاستێکی گەورە لە پێشکەوتنی تەکنیکی و زانستی کە کاریگەریەکی باشیان دەبێت لە سەر ژیانی مرۆڤایەتی . هەموو ئەمانەش ڕۆڵی ئەندازیار گەورەتر دەکەن لە کۆمەڵگادا کەئەمەش لێپرسراوێتی پیشەیی و ئەخلاقیشی بەدوادا دێت.

• لە ئامانجە سەرەکیەکانی ئەندازەی کیمیاوی و کۆمەڵگا بریتین لە :

• هەوڵدان بۆ دابینکردنی تێگەیشتنی فراوان و پانوپۆر کە پاشخانی کۆمەڵگا لە خۆ بگرێت کە لەمیانەیدا ئەندازەی کیمیاوی کاری تیادا دەکات بە شێوازە نوێ و پێشکەوتوەکان.

• گەران بەدوای هۆکار و لێهاتوویە داواکراوەکان بۆ پێشخستن و بانگەشەکردن بۆی و چەسپاندنی پێگەی لە کۆمەڵگادا.

• ڕێکخستن و بەرزکردنەوەی ئەخلاقیاتی پیشەیی و لێپرساوێتی ئەندازیاری کیمیاوی بەرەو کۆمەڵگاکەی و تێگەیشتنی بۆ ئەو ڕۆڵە.

• هەستکردن بە کاریگەری پرۆسە پیشەسازیەکان لەسەر کۆمەڵگا و ڕۆڵی لە بەرزکردنەوەی بۆ ئاستی ژیانی لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر سەلامەتی کۆمەڵگا و ژینگە.

• هوشیاری بۆ لێپرساوێتی کۆمەڵگایی و یاسایی ( سیستەمی ) کە کۆنترۆڵی ئەندازیاران و جگە لە ئەندازیارانیش دەکات لە پیشەگەراکان کە کاردەکەن لە پیشەسازیدا.

• تێگەیشتن و خوێندن و ئاراستەکردنی بەرەو چارەسەری مەسەلە پەیوەستەکان بە کۆمەڵگا و بەتایبەتیش کۆمەڵگا گوندنشینەکان وەک شێوازێکی تەکنیکی ئاو و تەکنیکی پیشەسازی بچوک وەک پیشەسازی صابون و زەیتەکان و بەکارهێنای ئاقلانە و تەندروست بۆ پەین و لەناوبەرەکان.

• دەرهێنانی هۆکار ورێوشوێنەکان بۆ ڕووبەڕووبونەوە و چارەسەری کێشەکان کە خاوەن سروشتی تایبەتن و پەیوەستن بە کۆمەڵگاوە وەک بەکارهێنانی تەکنیکە هەبوەکان بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوەی خاوێن بۆ نمونە کە هیچ خوێی زەرنیخی تیادا نەبێت .

• هەڵسەنگاندنی کاریگەریە پێشبینکراوەکان بۆ پرۆژە پیشەسازیەکان .

• گرنگیدان بە ڕێگاکان و شێوازەکانی پاراستنی خاوەندارێتی تاک: مافی داهێنان ، مارکەی بازرگانی ، دیزاینی تۆمارکراو .

بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە واتا ئەندازیاری کیمیاوی لە خوێندنی مێژوو و پێشکەوتنی ئەندازە( پیشەسازیە کیمیاویە نوێکان و کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگا و پێشخستنی بەردەوام ) بۆ پرۆسە پیشەسازیەکان. هەروەها بە شیکردنەوەی سوڕی ژیان و هۆکارە مرۆڤی و کۆمەڵگاییەکان. هەروەها بەمانای خوورەوشتی کار و پلان و گەشەپێدان و کۆکردنەوەی سەرمایە دێت. هەروەها گرنگەی دەدات بە بنەما داتا و پەیوەندیە هاوبەشیەکان لە نێوان ئەو بنەما و پاشماوەی بەجیهانبون و دواتر هەڵسەنگاندنی بەپێی یاسا و سیستەم.

• ئەندازەی کیمیاوی ژینگە




یەکێک لە کارە هەرە لە پێشینە و چەسپێنراوەکان لە پیشەسازی کیمیاویدا،بە شێوەیەکی گشتی بریتیە لە ڕێگەگرتن لە پیسبوون بە هەموو شێوازە جیاوازەکانیەوە لە هەر سەرچاوەیەکەوە بێت ئەوەش بە گەران بەدوای نوێکردنەوەی بنەمای تازە و داهێنراو بۆ دیزاینکردنی پرۆسەی پیشەسازی- فیزیاوی و کیمیاوی و زیندەیی- بەشێوەیەک کە هۆکارەکان و دڵنیایی بۆ پاراستنی ژینگە و پاراستنی تەندروستی گشتی و سەلامەتی کارمەندان دابین بکات.ئەوەش پێویست بە دووبارە تێروانین دەکات بۆ بەکارهێنانی تەکنیکەکان نەک تەنها لەلایەنی توانای پرۆسەی دروستکردنەوە و بەرهەمهێناندا بەڵکو لە ڕوانگەی کاریگەری لەسەر ژینگە و پێدەچێت گونجاو بێت گەر سەیری بابەتی کاریگەری لەسەر ژینگە بکەین لە روانگەی( ڕێگەگرتن لە پیسبوون ) کەئەمەش لەوانەیە بمانگەیەنێتە ئەوەی کە دووبارە بەسەرداچوونەوە بۆ زۆرێک لە پرۆسەکانی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی هەندێک بەرهەمدا بکەینەوە . هەروەها ئەو تەکنیکانەی کە گرنگی دەدەنە بابەتی کەمکردنەوەی بەهەدەردان و ونبوون و پاشەڕۆ و دووبارە بەکارهێنانەوەیان پێویستیان بە گرنگی دانێکی تایبەت هەیە و لە پێشترن لە پێشخستن و بەکارهێناندا.

• له ئێستادا دابینکردنی توخمە کیمیاویەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە بەرێگەی هاورێیەتی ژینگە و بەتێچوویەکی ئابوری گونجاوبۆتە کارێکی پێویست.مانای هاورێیەتی ژینگە بە تەنها ئەوە ناگەیەنێت کە پیسبوون روونەدات بەڵکو مانای بەکارهێنانێکی ئابوریش و بەرکارهێنانی سەرچاوەکانی وزەی نوێبۆوە وکەرەسەی سەرەتایی لە سەرچاوە نوێبۆوەکانیشەوە دەگەیەنێت .دابینکردنی توخمەکان مانای دەسکەوتنی لەکاتی پێویستدا دەگەیەنێت ،هەروەها تێچووی ئابوری بەتەنها مانای نزمی نرخەکان ناگەیەنێت بەڵکو مانای نرخی جێگیر و دەسکەوتنی بە ئاسانی دەگەیەنێت .

• ئەندازیارانی کیمیاوی هەوڵدەدەن و بەشداریدەکەن بە شارەزاییان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری مرۆڤ لەسەر ژینگە. ئەو کارەشیان گرنگی دەدات بە باشکردن و بەرزکردنەوەی توانای پرۆسەکانی دروستکردن بە دیزاینی پرۆسەی پیشەسازی کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی پاشەڕۆی پیشەسازی و بەکارهێنانی وزەی کەمتر. هەروەها هەڵدەستن بە پێوانە و دیاریکردنی کێشەی پیسبوون و دیزاینکردنی ستراتیژی بۆ ڕێگەگرتن لە پیسبوون و چارەسەرکردنیشی.

• هەروەها پلان دادەنێن بۆ خزمەتگوزاریە ئەندازیاریە پێویستەکان بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر لایەنی ژینگەیی . ئیدارەدان و چارەسەری پاشەڕۆکان. سووتەمەنی ، هۆکارەکانی گواستنەوە و جوڵە ، سەرچاوەکانی ئاو و گەیاندنی ئاو و چارەسەرکردنیان .



• ئەندازیارانی کیمیاوی ( لێرەدا دەتوانین ناویان بنێین بە ئەندازیارانی ژینگە ) گرنگی دەدەنە کەمکردنەوەی پیسبوون و ڕێگەگرتنیشی لە سیستەم و ئامێرە پیشەسازیەکان و سەرچاوەکانی ئاو و خاک . ئەندازیارانی ژینگە کاردەکەن لە پیشەسازیدا و دامەزراوە ئاویەکان و شارەوانیەکان و... و کۆمەڵە راوێژکاریە ئەندازیاریەکان و دامەزراوە حکومیەکان بۆ پێوانە و کۆنترۆڵی جۆری و لە دامەزراوەکانی توێژینەوە و پێشخستنیشدا کاردەکەن. هەروەها گرنگی دەدەنە دیزاینی سیستەم وئامێری چارەسەری ئاوی ئاوەڕۆکان . هەروەها هەڵدەستن بە چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردنی بەکارهێنان بۆئەوەی هاوشێوەی پێوانەکان و ڕێوشوێنە دانروە یاساییەکانیش بێت. هەروەها سەرپەرشتی کارپێکردنی وێسگەکانی ئاو و ئاوەڕۆ دەکەن بۆ رزگاربوون لە توخمی ڕەق و سوودوەرگرتن لێیان. هەروەها گرنگیش دەدەنە دیاریکردنی جێگەکانی فڕێدانی پاشەڕۆکان وتوخمە مەترسیدارەکان . هەروەها هەڵدەستن بە چاودێریکردنی ئاستی پیسبوونی هەوا و کارپێکردنی ئامێرەکانی پێوانە و چاودێریکردن و شیکردنەوەی زانیاریەکان . بەشداریشدەکەن لە دانانی یاساکانی ڕێکخستنی پاراستنی ژینگەدا.




• پێدەچێت لێرەدا هەست بەوە بکەین کە پێویستە کارکردن بەشێوەی کۆمەڵێکی هەمەجۆر پسپۆری بێت: ئەندازیاران بە پسپۆریە ئەندازەییە جیاوازەکانیانەوە.



❖ سەرچاوە :

• پێگە جیاوازەکانی ئەنتەرنێت

# فەرهەنگی پێناسەکانی ڕێکخراوی فڕینی نێودەوڵەتی شارستانی



ئەندازیار / طاهر عبدالله قادر
بەڕێوەبەری گشتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی

بەشی چوارەم

• ئەندازیاری بەڕێز
• خوێنەری بەڕێز

فڕۆکەوانی بوارێکی فراوانە لە بوارەکانی ئێستای سەردەمی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و گرنگی تایبەتی هەیە لە نزیک کردنەوە و تێکەڵ بوونی کلتور و نەریتی گەلان هەروەها بۆ تەواوی بوارەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگا جێگای خۆی هەیە.

بەندە وەک ڕێکخەری یەکەم فەرهەنگی پێناسەکانی ڕێکخراوی فڕینی شارستانی ICAO و هەست کردن بەوەی کە تا ئێستا ئەم بوارە بوارێکی نوێیە لای کۆمەڵی کوردەواری و ئەندازیاران و خوێنەران و بۆیە بە باشی ئەزانم کە بە (هەلقە) هەر جارێک چەند پێناسەیەک بڵاوبکەمەوە بۆ ڕۆشنکردنەوەی بیری بەڕێزتان و ئاشنابوون بەو بوارە ئەوەندەی ئاسان بێت .

فەرهەنگەکە بە سێ زمانی ئینگلیزی و کوردی و عەرەبی بۆیە بە باشم زانی وەک چۆن خۆی چاپ کراوە بەهەمان شێواز بڵاو بکرێتەوە لەم گۆڤارە تاقانەیەی ئەندازیاراندا . بەهیوای سود وەرگرتن و بە گەورەیی خۆشتان بمان بەخشن لە هەر کەم و کوڕیەکی زمانەوانی چونکە کاری وەرگێران پسپۆڕی باشی ئەوێت و بەندەش هەر ئەوەندەم لە توانادایە.

گومان لەوەدا نییە کە زمان بۆ هەر نەتەوەیەک پایەیەکی گرنگ و بەهێزە بۆ بوونی لەگەڵ هەردوو پایەکەی تر(مێژوو و خاک ) کە بیسەلمێنێت نەتەوەیەک بوونی هەیە لە سەرووی زەوی وەک هەر نەتەوەیەکی تر .

لەم سەردەمەی ئێستادا ئەو کەسانە کەمن کە بەهای دانانی زمان و ڕەنووس و زاراوە سازیەکی یەکگرتووی زانستی بۆ زمانی کوردی بە پێویستییەکی ئەم چەرخە بە گرنگ بزانن .

زمان بە زادەی ژیانی کۆمەڵ دەوڵەمەند دەبێت بە زاراوە و دەستەواژە و پێناسەی کەسێتی و ناوی کەرەستەکان و سروشتی پێشکەوتن و فراوان بوونی زمان هاوشانی گەشەسەندنی چالاکی و پیشەسازی و بازرگانی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و کشتوکاڵی و پارێزگاری کردن و زیندو ڕاگرتنی کەلتوری نەتەوییە .

کۆمەڵی کوردەواری پتر کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵییە و دەرفەتی ئەوەی نەبووە فریای خۆسازدان و پێشکەوتن بکەوێت لە بوارەکانی ( بازرگانی و پیشەسازی ) ،

ئەمەندەش بازرگانی کردووە کە لە ئامرازە سەرەتاییەکان زیاتر هیچی بەکارنەهێناوە بۆ جێبەجێ کردنی کاروبارە بازرگانییەکان تەنانەت ئەوەندەش سەرمایەی نەبووە تا وای لێ هاتووە گەنم بە ترێیان کردوە واتە بەرهەمە خۆماڵییەکانیان ئاڵوگۆڕپێکردوە بۆ بەڕێکردنی کاروباری ڕۆژانە و بژێوی ژیانیان .

هەروەهالەبواری پیشەسازیدازیاتر ئامرازەسەرەتاییەکانی ڕستن و چنین وشەرکردن و بەرگریکردن و دەربازبوون و خۆشاردنەوەیان بەکارهێناوە ، لە بواری کشتوکالیشدا ئامرازی کێڵان ودوورینەوە و کوتان و برین و شکانەوەیان دروست کردووە .

بۆیە ئەگەر گوزەرێک بکەین بەناو ووشە و زاراوە و دەستەواژەکان لە زمانی کوردی دا زیاتر دەستەواژە و زاراوەی کشتوکاڵی و پێداویستییەکانی دەبینین ، هەروەها زاراوەی ئەدەبی بەرخوردان و پیاهەڵدان و شین و شەپۆر و لاوانەوە زیاتر زاڵن بەسەر ئەوانی تردا .

بە کورتی زمانەکەمان زۆر هەژارە لە زاراوەی پیشەسازی و تەکنەلۆجیا و بازرگانی سەردەمدا خۆ ئەگەر کەسێک بیەوێت وانەیەکی زاستی بڵێتەوە یان بابەتێکی زانستی بە زمانی کوردی بنووسێتەوە زۆر ئەستەمە تووشی گیروگرفتێکی زۆر نەبێت لە دۆزینەوەی وشە و زاراوە و دەستەواژە بۆ واتا و زانیارییە زانستییەکان بە تایبەتی ئەو بوارە زانستیانەی کە لە مێژووی ئەم میللەتەی ئێمەدا پاشخانیان نییە و خاوەنی دروستکردن و ئەفراندن نەبێت وەک ( کۆمپیوتەر ، سۆفت وێر ، زانستە نوێیەکانی بواری کیمیا و پزیشکی و فرین و فڕۆکەوانی و فڕۆکە ) .

بەندە وەک بەرپرسیارێتی مێژوویی لەم بوارەدا زۆرم هەوڵ دا تا لەم سەرەتای چەرخی بەکارهێنانی فڕۆکەخانە لە مێژووی میلەتەکەماندا بتوانم ئەوەندەی قەمچی زانیارییەکانم بربکات و پەیبەرم بە واتای تێگەیشتنەکان وەک سەرەتای مێژوویەک فەرهەنگێک ئامادە بکەم بە تەواوی ئەو پێناسە و دەستەواژە و ناو و زاراوانەی ڕێکخراوی فرینی شارستانی نێودەوڵەتی تا وەک سەرچاوەیەک لەبەردەست فێرخوازان و ئەو کەسانەی خولیای فێربوون و شارەزاییان هەیە لە بواری فرین و فڕۆکەوانی ئەستەمە توانیبێم دەقاودەق ئەو مەبەستە بپێکم کە ئامانجم بووە چونکە زۆر بە زەحمەت توانیومە واتاکان نزیک بکەمەوە بە تایبەتی بۆ ئەو بابەتانەی کە هاوتا و وێنەیان نییە لە زمانی کوردیدا جار بووە چەند ڕۆژێک بۆ مانای یەک زاراوە گەڕاوم تا بتوانم ئەگەر وەک خۆی نەبێت شێوەیەک لە زاراوەکان بەکاربهێنم کە نزیک بێت لە واتاکانەوە هەرچەندە ئەگەر زاراوەکە لەنگیش بێت بەڵام ناچار بووم بەکاری بهێنم .

وشە هەیە لە هەردوو زمانی (ئینگلیزی و عەرەبی)دا کە واتاکانیان لەبەردەستدایە بەڵام لە زمانی کوردیدا ناتوانرێت وەکو زمانی (ئینگلیزی و عەرەبی) واتاکان بدۆزینەوە .

هەر بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا وشەکانی (Fulfill , perform , Apply ) هەیە کە هاو شێوەکانیان بە زمانی عەرەبی ( تطبيق ، اداء ، تنفيذ یان أنجاز ) بەکاردەهێنرێت بەڵام لە زمانی کوردیدا تەنها وشەیەک هەیە ئەویش وشەی ( جێبەجێ کردن یا کردن )ە ئەو و چەندەها وشەی وەک ئەوانە کە لەم فەرهەنگەدا پێویست بووە بەکاربهێنرێت ، خۆ ڕەنگە لای هەندێ شارەزایانی زمان وشەی تر یان وشەی داڕێژراو یا داتاشراو هەبێت یان لە شێوە زاراوەکانی زمانی کوردیدا وەک (هەورامی ، بادینی ، زازایی یان لوری ) زاراوە و وشەی پر مانای تر هەبن بۆ هەندێ لەو وشە و تێکست و دەستەواژانە بەڵام مەودای زانیارییەکانی من هەر ئەوەندەیە بۆیە چاوەڕوانی ڕێژنەی وشەی شارەزایانی ئەم بوارەم تا بتوانن ئەم بوارە فراوانتر بکەن .

بەو هیوایەی توانیبێتم کەلێنێک لە کتێبخانەی کوردی پربکەمەوە سەرچاوەیەک بۆ خوێندکارانی کۆلێژ و پەیمانگەکانی ئایندەی کوردستان بخەمە بەردەست وەک سەرەتایەک کە ئومێدم زۆرە کەسانی بە ئەزموون و شارەزایانی تر بتوانن ئەم بابەتە دەوڵەمەند بکەن و لە کۆتاییدا هیوادارم لە ڕووی زمانەوانییەوە ببەخشرێم لەهەر هەڵە و کەموکورییەک یان لەنگەیەک کە هەبێت.

ئەم جۆرە کارانە ئەگەر سەرەتاش بێت یان کەمێک کاڵ و کرچیش بێت بەڵام گرنگ یەکەم هەنگاوە بۆ ئاسۆیەک ڕێچکەی گرتوە دەگاتە مەنزڵ وەکو (گۆران) ی شاعیریش ئەفەرموێ :

**هەر کاروانێ ...... بۆ تیشکی خۆر بڕوانێ**

**کەم بن یا زۆر ...... ئەگەنە خۆر.....!!!**

73-Air Application Service Element (Air-ASE):
An abstract part of the aircraft system that performs the communication related .functions of the application

هێمانەی کارپێکردنی خزمەتی ئاسمانی:

بەشێکی دیارکراوە لە سیستەمی فڕۆکەکە ، ئەو فەرمانانە جێبەجێ ئەکات کە پەیوەستن بە پەیوەندیەکانی تایبەت بە کارپێکردن .

عنصر خدمة التطبيق الجوي :

جزء معين من نظام الطائرة الذي ينجز الوظائف المتعلقة بالإتصالات الخاصة بالتطبيق

( References: Doc 9880 Part I )

74-Airborne Collision Avoidance System (ACAS):An aircraft system based on secondary surveillance radar (SSR) transponder signals which operates independently of ground-based equipment to provide advice to the pilot on potential conflicting aircraft that are .equipped with SSR transponders

Note.— SSR transponders referred to above .are those operating in Mode C or Mode S

سیستەمی لادان لە پێکدادانی سەر فڕۆکەکان:

سیستەمێکە لە سەر فڕۆکەکان ، لەسەر سگناڵەکانی پێدەرەوی ڕاداری لاوەکی SSR کارئەکات ،پێویست بە ئامێری زەمینی ناکات بۆ پێدانی ڕاوێژ و ئامۆژگاری بە فڕۆکەوانەکە سەبارەت بە نزیک بونەوەی مەترسی فڕۆکەیەک لەو فڕۆکانەی کە هەڵگری هەمان سیستەمی پێدەری ڕاداری لاوەکین.

یان دەزگایەکە لە ناو ی فڕۆکەکاندا پشت بە سگناڵی سیستەمی وەلامدەری ڕاداری گەڕۆکی لاوەکی ئەبەستێت ، بە سەربەخۆیی کارئەکات لە دەرەوەی ئامێرە زەمینیەکان و ئاگاداری دەرئەکات بۆ کابتنی فڕۆکەکان بەنزیکبونەوەی پێکدادان بە فڕۆکەکانی تر کە هەمان سیستەمی ڕاداری گەڕانی لاوەکیان هەڵگرتوە .

نظام تفادي التصادم المحمول جوا ( ACAS ) :

نظام طائرات يقوم على اشارات الأجهزة المجيبة للرادار الباحث الثانوي ( SSR ) الذي يعمل بمعزل عن المعدات الأرضية لتقديم المشورة للطيار بشأن احتمال تعارض الطائرات المزودة بالأجهزة المجيبة للرادار الباحث الثانوي.

أوجهاز في الطائرات يستند الى إشارات الجهاز المجيب على الرادار الباحث الثانوي ، ويعمل بصفة مستقلة عن المعدات الأرضية ويصدر إخطارا للطيار بإحتمال التعارض مع طائرات أخرى مزودة بجهاز مجيب على الرادار الباحث الثانوي.

References: Annex 2, Annex 10 Volume IV , Annex 11, Doc 4444, Doc 8168 Volume I, Doc 9643




75-Air Climate Unit ACU:
A self-driven or trailer-mounted compressor unit to provide aircraft with pre-conditioned .air during ground time

بەشی هەواسازی :

یەکەیەکی فشارسازی خود جوڵەیە یان لەسەر گالیسکەیەک بەستراوە بۆ پێدانی هەوای سازکراوی پێش وەختە کە پێویستە بۆ فڕۆکەکان کاتی وەستانیان لەسەر زەوی.

وحدة تكييف الهواء :

وحدة ضاغطة ذاتية الحركة أو مركبة على مقطورة لتزويد الطائرات بالهواء المكيف مسبقا أثناء الوقت الذي تقضيه على الأرض. ( References: Doc 9889 )

76-Aircraft:
Any machine that can be derive support in the atmosphere from the reactions of the air other than the reactions of the air against the .earth's surface

فڕۆکە/ بافڕە:

ئامێرێکە دەتوانێت لە ئەنجامی کاردانەوەی هەوایی لە هەوادا خۆی بهێڵێتەوە نەک لە ئەنجامی کاردانەوەی هەوای سەر زەوی.

المركبة الهوائية :

أي آلة تستطيع أن تستمد بقاءها في الجو من ردود فعل الهواء غير ردود فعل الهواء على سطح الأرض.

References: Annex 1, Annex 2. Annex 3, Annex 6 Part I, Part II and Part III, Annex 7, Annex 8, Annex 11, Annex 13, Annex 19, Doc 4444, Doc 9734 Part A and Part B, Doc 9760, Doc 9869, Doc 9924, Doc 9946, Doc 9962



## 77-Aircraft Accident

The definition of an accident as provided in Annex 13 to the Convention on International Civil Aviation - Aircraft Accident and Incident :Investigation, is as follows

An occurrence associated with the operation of an aircraft which, in the case of a manned aircraft, takes place between the time any person boards the aircraft with the intention of flight until such time as all such persons have disembarked, or in the case of an unmanned aircraft, takes place between the time the aircraft is ready to move with the purpose of flight until such time as it comes to rest at the end of the flight and the primary propulsion ::system is shut down, in which

a) a person is fatally or seriously injured as a result of:- being in the aircraft, or- direct contact with any part of the aircraft, including parts which have become detached from the aircraft, or-direct exposure to jet blast, except when the injuries are from natural causes, self-inflicted or inflicted by other persons, or when the injuries are to stowaways hiding outside the areas normally available to the passengers and crew; or

b) the aircraft sustains damage or structural failure which: - adversely affects the structural strength, performance or flight characteristics Of the aircraft, and- would normally require major repair or replacement of the affected component, except for engine failure or damage, when the damage is limited to a single engine (including its cowlings or accessories), to propellers, wing tips, antennas, probes, vanes, tires, brakes, wheels, fairings, panels, landing gear doors, windscreens, the aircraft skin (such as small dents or puncture holes), or for minor damages to main rotor blades, tail rotor blades, landing gear, and those resulting from hail or bird strike (including holes in the radome); or

c) the aircraft is missing or is completely .inaccessible

## ڕووداوی فرۆکە :

پێناسەی ڕووداو وەک لە پاشکۆی ژمارە ١٣ ی ڕێکخراوی فرینی شارستانی -لێکۆڵینەوە لە ڕووداوی فرۆکەکان- هاتوە .

- کەوتنەوەی ڕووداوێکە پەیوەست بە بەگەڕخستنی فرۆکەیەک لەو کاتەی فرۆکەوان فرۆکەکە لێ ئەخورێت (ئەفرێنێت) لەو کاتەی کەسێک سەر ئەکەوێت بۆ فرۆکەکە بەمەبەستی فرین تا دابەزینی سەرجەم ئەو کەسانەی لە فرۆکەکەدان ، بۆ فرۆکەی بێ فرۆکەوان لەهەرکاتێکدا فرۆکەکە ئامادەبوو بۆ جوڵە بەمەبەستی فرین تا چرکەساتی وەستانی لە جوڵە لە کۆتایی گەشتەکەیدا ئەو کاتەی سیستمی پاڵنانی سەرەتایی فرۆکەکە دادەخرێت.

لەو کەوتنەوەیەدا ڕووئەدات:

أ- تووشبوونی هەرکەسێک بە توش بونێکی کوشندە یان ترسناک لە ئەنجامی:

- بوونی لەسەر فرۆکەکە.
- یان پیاکێشانی بە بەشێک لە بەشەکانی فرۆکەکە راستەوخۆ بەو بەشانەی کە لە فرۆکەکە جیائەبنەوە.
- یان راستەخۆ فیشکەی فرۆکەکە فرێ ی ئەدا.

جگە لەو توشبونانەی کە بەهۆکاری سروشتی کە لەلایەن کەسەکە خۆی یان کەسانی تر یان لەلایەن ڕێوایەک کە دزەی کردۆتە شوێنێکی پەناوە لەو شوێنانەی کە نەگونجاوە (ڕێگەی پێدراو نیە) بۆ ڕێوان و دەستەی فرۆکەوان.

ب- یان کە فرۆکەکە زیانی پێ ئەگات یان

لەکارئەکەوێت کە:

- کاریگەری زیان بەخشینی هەبێت لەسەر هێزی فڕۆکەکە یان کارکردنی یان ڕەوشی فڕینی فڕۆکەکە.
- فڕۆکەکە پێویست بە چاکسازی سەرتاسەری بکات یان گۆڕینی بەشێک لە فڕۆکەکە ئەمانە جگە لە حاڵەتی وەستانی بزوێنەر یان لەناوچونی، لە ناوچونەکەش بۆ بزوێنەربێت (لەگەڵ قەپاغ و سەرقاپەکانی) یان لەسەر پەروانەکان، یان لاتەنیشتی باڵەکانی یان هەواکێشەکان یان بادەرکەرەکان ، یان تایەکان یان پایدەرەکان ، یان پلێتەکان یان دەرگای تایەکانی نیشتنەوە یان شوشەی پێشەوە یان ڕوکەشی دەرەوەی فڕۆکەکە (ڕوشانی بچوک و کون بون) یان زیانی گوێزانی پانکەکان و دیشلەکانی یان زیانەکان کە لە ئەنجامی سەرماوە یان بەرکەوتنی باڵندەوە.

ت- یان ون بونی فڕۆکەکە یان نەگەیشتن بە شوێنە دیاریکراوەکەی.

حادث الطائرة:

تعريف الحادث كما ورد في الملحق الثالث عشر لاتفاقية الطيران المدني الدولي - التحقيق في حوادث ووقائع الطائرات ، هو:

واقعة تقترن بتشغيل طائرة تقع في حالة الطائرة التي يقودها طيار في أي وقت منذ صعود أي شخص الطائرة بقصد الطيران حتى نزول جميع هؤلاء الأشخاص من الطائرة وفي حالة الطائرة بدون طيار في أي وقت تكون فيه الطائرة مستعدة للتحرك بغرض الطيران حتى اللحظة التي تتوقف فيها عن الحركة في نهاية الرحلة ويتم إغلاق نظام الدفع الأولي للطائرة، ويحدث خلالها:

أ) إصابة أي شخص إصابة مميتة أو جسيمة نتيجة لما يلي :

- وجوده على متن الطائرة،
- أو احتكاكه مباشرة بأي جزء من أجزاء الطائرة، بما في ذلك أي جزء ينفصل عنها،
- أو التعرض المباشر للفح النفاث.

وذلك باستثناء الإصابات الناجمة عن أسباب طبيعية، أو التي يحدثها الشخص لنفسه أو التي يتسبب فيها أشخاص آخرون، أو عندما تحدث الإصابة لراكب متسلل مختبئ في مكان غير الأماكن المتاحة عادة للركاب وأفراد طاقم الطائرة.

ب) أو إصابة الطائرة بتلف أو بعطل هيكلي من شأنه أن:

- يؤثر تأثيرا ضارا في قوة بنية الطائرة أو أدائها أو خصائص طيرانها،
- ويتطلب عادة إجراء تصليحات رئيسية أو استبدال الجزء التالف منها، وذلك باستثناء حالات فشل المحرك أو تلفه، وعندما يقتصر التلف على محرك واحد ( بما في ذلك أغطيته أو ملحقاته) أو على المراوح ، أو أطراف الأجنحة، أو الهوائيات، أو المسابر، أو دوارات الريح، أو الإطارات، أو المكابح، أو العجلات، أو جهاز التسليب، أو الألواح، أو بوابات عجلات الهبوط، أو الزجاج الأمامي، أو السطح الخارجي للطائرة، (مثل الخدوش الصغيرة أو الثقوب)، أو ما يتعلق بالأضرار البسيطة التي تلحق بأرياش الدوار الرئيسية أو بأرياش الدوار الخلفية أو بعجلات الهبوط، والأضرار التي تنجم عن البَرد الخفيف أو عن اصطدام الطيور بالطائرة(بما في ذلك الثقوب الموجودة في الرادوم) .

ج) أو فقدان الطائرة أو تعذر الوصول إليها تماما.

( References: Doc 9973 )



78-Aircraft Accident Investigator Authority:

The aircraft accident investigation authority is a government agency, body or commission that has the primary responsibility for the investigation of aircraft accidents, as per Annex 13. Some States refer to this authority .as a safety investigation authority

دەستەڵاتی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوی فڕۆکەکان:

دەستەڵاتی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوی فڕۆکەکان دەستەیەکە یان دەزگایەکی میرییە بەرپرسیارێتی لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکان لە ئەستۆ ئەگرێت وەکو لە پاشکۆی ژمارە سێزدە(١٣)ی ایکاو داهاتووە ، ئەو دەستەڵاتە لە هەندێ وڵاتدا بە ناوی دەستەڵاتی لێکۆڵینەوە لەسەلامەتی ناو ئەنرێت.

سلطة التحقيق في حوادث الطائرات:

سلطة التحقيق في حوادث الطائرات هي وكالة أو هيئة أو لجنة حكومية تتولى المسؤولية الرئيسية عن التحقيق في حوادث

الطيران وفقا لما جاء في الملحق الثالث عشر وُتسمي هذه السلطة في بعض الدول سلطة التحقيق في السلامة.

( 9973 References: Doc )

79-Aircraft Address

A unique combination of twenty-four bits available for assignment to an aircraft for the purpose of air-ground communications, .navigation and surveillance

Note 1.- SSR Mode S transponders transmit extended squitters to support the broadcast of aircraft-derived position for surveillance purposes. The broadcast of this type of information is a form of automatic dependent surveillance (ADS) known as ADS-broadcast .ADS-B

Note 2.- The aircraft address is also referred to as the Mode S address or the aircraft Mode .S address

ناونیشانی فڕۆکە:

پێکهاتەیەکە (ئاوێتەیەکە) لە ٢٤ بت ، تایبەتە بە فڕۆکەیەک بۆمەبەستی پەیوەندیی هەوا بە زەوییەوە ، کەشتیوانی و بینینگێری( سوسەکاری).

تێبینی ١: سیستمی ڕاداری مۆد (S) ی ڕاداری لاوەکی سگناڵ ئەنێرێت بۆ پشتیوانیکردنی کردوکانی ناردنی شوێنی فڕۆکەکە بەمەبەستی بینینگێری ، پەخشی ئەم جۆرە زانیارییانە شێوەیەکە لە شێوەکانی(سوسەکاری) بینینگێری خۆبەخۆ و پێی ئەوترێت پەخشی بینینگێری خۆبەخۆ (ADS – B).

تێبینی ٢ : ناونیشانی فڕۆکەکە دووبارە ئاماژەیەکە بەوەی کە ئەدرەسی شێوەی S ە یان شێوەی (S) ی تایبەت بە فڕۆکەکە.

عنوان الطائرة:

توليفة وحيدة من ٢٤ بت تخصص للطائرة لأغراض الإتصال جو – أرض والملاحة والإستطلاع.

ملاحظة ١:- ترسل منظومة النمط S للرادار الباحث الثانوي إشارات لدعم عمليات إرسال موقع الطائرة لأغراض الإستطلاع.إن بث هذا النوع من المعلومات هو شكل من أشكال الإستطلاع التابع التلقائي ويطلق عليه تسمية بث الإستطلاع التابع التلقائي ( ADS - B ).

ملاحظة ٢. :- عنوان الطائرةَ أيضاً يشار اليه على أنه عنوان النمط S أو عنوان النمط S الخاص بالطائرة.

References: Annex 10 Volume III and Volume ) IV, Doc 4444, Doc 8071 Volume III, Doc 9684, ( Doc 9688, Doc 9924





80-Aircraft Avionics : A term designating any electronic device including its electrical part – for use in an aircraft, including radio, automatic flight control and instrument systems.

ئەلکترۆنیەکانی فڕۆکەکە : دەستەواژەیەکە ئاماژەیە بۆ ئامرازە ئەلەکترۆنییەکانی ناو فڕۆکەکە کەتێیدا بەشە ئەلەکترییەکانی ناو فڕۆکەکە لەگەڵ ئامرازی پەیوەندییە فڕۆکەوانیەکان و سیستمەکانی خۆ ڕێکیف کردن و سیستمە میکانیکیەکان ئەگرێتەوە .

ألكترونيات الطائرة :مصطلح يعبر عن الوسائل الألكترونية في الطائرة والذي يتضمن الجزء الكهربائي من الوسيلة الذي يستخدم في الطائرة ويتضمن وسائل الإتصالات الراديوية وأجهزة السيطرة الطوعية والنظم الآلية.

References: ( Annex 1, Doc 4444 )



81-Aircraft-Based Augmentation System ABAS: An augmentation system that augments and/ or integrates the information obtained from the other GNSS elements with information .available on board the aircraft

Note:- The most common form of ABAS is receiver autonomous integrity monitoring .RAIM

سیستمی فرۆکەکە بۆ ڕێک کردنەوەی سگناڵەکان:

سیستمێکە هەڵدەستێت بەرێک کردنەوەی ئەو زانیاریانەی کە لــە ڕەگەزەکانی تری جیهانی بۆ کەشــتیەوانی مانگە دەســت کردەکانەوە وەرگیراوە یان/ وە هەڵدەســتێت بە یەکخســتنی زانیارییەکان لەگەڵ ئەو زانیاریانەی کە هەن لەسەر فرۆکەکە.

تێبینی : باوترین جۆری ئەم سیســتمە ئەو دەزگای تێبینیە ئامێرییەیە بۆ سەلامەتی پێشوازی کردن (RAIM) .

نظام الطائرة لتقويم الإشارات :

نظام يقوم بتقويم المعلومات الواردة مــن العناصر الأخرى للنظــام العالمي للملاحة بالأقمار الصناعية و/ أو يقوم بدمجها مع المعلومات المتاحة على متن الطائرة.

ملاحظة:- أكثر أشكال هذا النظام شــيوعا هو جهاز الرصد الآلي لسلامة الاستقبال (RAIM).

( References: Doc 9613, Doc 9905 )

82-Aircraft — Category:

Classification of aircraft according to specified basic characteristics, e.g. aeroplane, helicopter, ..glider, free balloon

پۆلی - فرۆکە/ پۆلاندن :

پۆلیــن کردنــی فرۆکەکەیــە لەســەر بنەمــا بنەڕەتییــە دیاریکراوەکانی ، نمونە وەک فرۆکەی هەلی کۆپتەر و فرۆکەی چارۆکەدار و (کلایدر) و باڵۆن .

صنف – الطائرة

تصنيف الطائرةِ طبقاً لخصائصِها الأساسيةِ المحددة ومثالــ على ذلك طائرة الهليكوبتر والطائرات المنزلقة ( كلايدر ) والمنطاد الحر.

( References: Annex 1 )

| Aircraft category | Approach speed $V_{AT}$* (knots) |
|---|---|
| A | <91 |
| B | 91–120 |
| C | 121–140 |
| D | 141–165 |
| E | 166–210 |

* $V_{AT}$ target threshold speed

83-Aircraft Certificated for Single - Pilot Operation : A type of aircraft which the State of Registry has determined, during the certification process, can be operated safely .with a minimum crew of one pilot

فرۆکەیەکــی پەســەندکراو بــۆ خســتنەکاری بەیــەک فرۆکەوان :

ئەو جۆرە فرۆکەیەیە کــە دەوڵەتی تۆمارکەر بە کردەی پەســەندکردن بڕیاری داوە کە دەتوانرێت بەسەلامەتی و بەکەمترین دەستەی فرۆکەوان و یەک کابتن (فرۆکەوان) فرۆکەکە بەکاربهێنرێت

الطائرة المعتمدة للتشغيل بطيار واحد:

ذلك النوع من الطائرات التي قررت دولة التسجيل خلال عمليات إعتمادها أن بالإمكان تشغيلها بسلام بأقل عدد من الطاقم وطيار واحد.

( References: Annex 1 )

84-Aircraft Classification Number ACN:

A number expressing the relative effect of an aircraft on a pavement for a specified standard .subgrade category

Note:- The aircraft classification number is calculated with respect to the centre of gravity (CG) position which yields the critical loading on the critical gear. Normally the aftmost CG position appropriate to the maximum gross apron (ramp) mass is used to calculate the ACN. In exceptional cases the forwardmost CG position may result in the nose gear loading .being more critical

ژمارەی پۆلی فرۆکەکە :

ژمارەیەکە ، ئاماژەیە بۆ کاریگەری ڕێژەیی فرۆکەیەک لەسەر دارشتەی فرگەیەک بۆ جۆرە بناغەیەکی پێوانەیی.

تێبینــی : ژماردنی ژمــارەی پۆلێنی فرۆکەیــەک بەپێی شــوێنی چەقی کێشــەکەی ئەکرێت ئــەو چەقەی کە بە قورسترین کێشی دائەنرێت ، بە ئاسایی لەگەڵ کاریگەری قورســییەکە لەســەر پارکی وەســتانی فرۆکە (ئەپرون) ئەژمێردرێت ، جاریش هەیە چەقی کێشــی فرۆکەکە لە بەشی پێشەوەی فرۆکەکە لەنگەر ئەگرێت .


الرقم الخاص بصنف الطائرة :

رقم يمثل التأثير النسبي للطائرة على المنطقة المرصوفة ( المدرج )

وفقا للصنف الطبقة القياسي الثانوي.

ملاحظة: - يتم إحتساب رقم تصنيف الطائرة وفقا لموقع مركز ثقلها الذي يشكل الحد الأقصى من الثقل على الترس وعادة ما يحسب رقم تصنيف الطائرة وفقا لموقع مركز ثقلها وتأثير ذلك على ساحة وقوف الطائرات وفي بعض الحالات الإستثنائية قد يكون مركز ثقل الطائرة متمركزا في الترس الأمامي لها.

( References: Annex 14 Volume I )




## 85- Aircraft Co-ordinator (ACO):

A person or team who co-ordinates the involvement of multiple aircraft in SAR operations in support of the SAR mission co-.ordinator and on-scene co-ordinator

هاوکار(ی) فڕۆکەکان :

ئەو کەسە یان ئەو تیمەیە کە هاوکار دەبێت بۆ ڕێک خستنی کاروباری هاوبەشی کردنی ژمارەیەک فڕۆکە لە کردەکانی گەڕان و سۆراغ و فریاکەوتن بۆ پشتیوانیی ئەو کەسەی کە کاری گەڕان و سۆراغ و فریاکەوتن لە ئەستۆ ئەگرێت لە شوێنی ڕووداوی فڕۆکەکە.

منسق طائرات :

الشخص أو الفريق الذي ينسق مشاركة طائرات متعددة في عمليات البحث والإنقاذ دعما لمنسق مهمة البحث والإنقاذ والمنسق الميداني.

References: Doc 9731 Volume I, Volume II and Volume III

## 86- Aircraft Data Link Processor (ADLP):

An aircraft-resident processor that is specific to a particular air-ground data link (e.g. Mode S) and which provides channel management, and segments and/or reassembles messages for transfer. It is connected to one side of aircraft elements common to all data link systems and . on the other side to the air-ground link itself

سیستمی تایبەت بە چارەسەری پێبەندی( لینکی) زانیارییەکانی فڕۆکە :

سیستمێکی چارەسەرکەرە لە فڕۆکەکەدا تایبەت بە لیستی زانیارییەکانی هەوا - زەوی (وەکو لە سەر شێوازی S ) کە پرۆسە تایبەتەکانی بەڕێوەبەردنی کەناڵەکەوە دابین دەکات و / یان نامەکان کۆئەکاتەوە بۆ گواستنەوەیان ، ئەم سیستمە بە یەکێک لەڕەگەزە ناسراوکانی فڕۆکەکە و سەرجەم سیستمەکانی لیستی زانیارییەکان دەبەسترێت و لەوێوە بۆ لیستی زانیارییەکانی خودی (هەوا - زەوی) خۆی.

المنظومة المتخصصة بمعالجة وصلة بيانات الطائرة :

منظومة معالجة في الطائرة مخصصة لوصلة البيانات جو - أرض ( مثال على ذلك الطريقة S ) حيث تؤمن العمليات الخاصة بإدارة القناة و / أو تجميع الرسائل لغرض تحويلها . يتم توصيل هذه المنظومة بأحد عناصر الطائرة المعروفة وجميع نظم وصلة البيانات والى وصلة البيانات جو - أرض ذاتها.

( References: Doc 9688, Doc 9871 )

## 87- Aircraft Earth Station (AES):

A mobile earth station in the aeronautical mobile-satellite service located on board an "aircraft see also "GES


وێستگەی زەمینیی لە فڕۆکەکەدا:

وێستگەیەکی زەمینی گواستراوەیە (جوڵۆکە) یەکێکە لە خزمەت گوزاریەکانی مانگە دەستکردە جولاوەکان تایبەت بە فڕۆکەوانی و لەسەر فڕۆکەکان دەبەسترێت .

المحطة الأرضية في الطائرة :

محطة أرضية متنقلة ضمن خدمة الأقمار الصناعية المتنقلة المخصصة للطيران يتم تنصبها على متن الطائرة.

( References: Annex 10 Volume III )



### 88- Aircraft Equipment:

Articles, including first-aid and survival equipment and commissary supplies, but not spare parts or stores, for use on board an aircraft during flight.

**ئامێرەکانی سەر فڕۆکەکە :**

ئەو ئامێر و دەزگا و پێداویستییانەیە کە لەسەر فڕۆکەکە بەکارئەهێنرێن بۆ فریاکەوتنە سەرەتاییەکان، بێجگە لە کەرەستەی یەدەک یان گەنجینە کراوەکان کە بەکارئەهێنرێن لە سەر فڕۆکەکان لە کاتی گەشتدا .

**المعدات على متن الطائرة :**

المستلزمات بما في ذلك معدات الإسعافات الأولية والإنقاذ والسلع التموينية بإستثناء قطع الغيار أو المخزونات التي تستعمل على متن الطائرة أثناء الرحلة الجوية.

( References: Annex 9, Doc 9957 )



### 89- Aircraft Flight Identification:

A group of letters, figures or a combination thereof which is either identical to, or the coded equivalent of, the aircraft call sign to be used in air-ground communication and which is used to identify the aircraft in ground-ground air traffic services communication.


**پێناسەی فڕۆکەکە لە کاتی فریندا:**

ژمارەیەک پیتە یان کۆمەڵێک ژمارەیە یان تێکەڵەیەک ژمارە و پیتە، یان دەق وەک نیشانەی بانگەوازی فڕۆکەکەیە کە بۆ پەیوەندیەکانی هەوا بە زەوی بەکارئەهێنرێت ، یان وەکو دەستەواژەیەکی لێکچوی نیشانەی بانگەوازکردنی فڕۆکەکەیە ، ئەو پێناسەیە بەکارئەهێنرێت وەک بەڵگە بۆ فڕۆکەکە لەکاتی پەیوەندییەکانی زەوی بە زەوی کە خزمەت گوزارییەکانی جموجۆڵی هەوایی ئەنجامی ئەدات.

**تمييز هوية الطائرة أثناء الطيران :**

مجموعة من الحروف ، أو مجموعة من الأرقام ، أو مجموعة من حروف وأرقام ، أما مطابقة لعلامة نداء الطائرة التي تستعمل في الإتصالات جو – أرض ، وأما مطابقة للمصطلح الرمزي المعادل لعلامة النداء ، وهي تستعمل للدلالة على الطائرة في الإتصالات أرض – أرض التي تجريها خدمات الحركة الجوية.

( References: Doc 9880 Part I )




### 90- Aircraft Glide:

Maximum ground distance an aircraft could cover during descent.


**خواربونەوەی(داخزانی) فڕۆکە :**

درێژترین ماوەی زەمینییە کە فڕۆکەکە بتوانێت بیبڕێت لە قۆناغی نیشتنەوە .

**إنحدار الطائرة :**

المسافة الأرضية القصوى التي يمكن لطائرة أن تقطعها خلال الهبوط.

( References: Doc 9731 Volume II )




## 91- Aircraft Identification

A group of letters, figures or a combination thereof which is either identical to, or the coded equivalent of, the aircraft call sign to be used in air-ground communications, and which is used to identify the aircraft in ground-ground air traffic services communications.

**پێناسەی فڕۆکە :**

چەند پیتێکە یـان کۆمەڵێک ژمارەیە یـان تێکەڵەیەکی پیت و ژمارەیە ، یان هاوجوتە لەگەڵ نیشـانەی فڕۆکەکە کـە بەکارئەهێنرێـت بـۆ پەیوەندیی هەوا بـە زەوی وە یـان هاوجوتە لەگەڵ دەسـتەواژەی لێکچوی نیشـانەی بانگـەوازی فڕۆکەکە ، ئـەم پێناسـەیە بەکارئەهێنرێت وەک بەڵگە لەسەر فڕۆکەکە لە پەیوەندییەکانی زەوی بە زەوی کە خزمەت گوزاری جموجۆڵی هەوایی ئەنجامی ئەدات.




**تمييز هوية الطائرة :**

مجموعة من الحروف ، أو مجموعة من الأرقام ، أو مجموعة من حروف وأرقام ، أما مطابقة لعلامة نداء الطائرة التي تسـتعمل في الإتصالات جو - أرض ، وأما مطابقة للمصطلح الرمزي المعادل لعلامـة النداء ، وهي تسـتعمل للدلالة على الطائرة في الإتصالات أرض - أرض التي تجريها خدمات الحركة الجوية.

( References: Doc 4444, Doc 9694, Doc 9924 )

## 92- Aircraft Observation:

The evaluation of one or more meteorological elements made from an aircraft in flight.

**تێبینینی (مشت لێگرتنی) فڕۆکە:**

هەڵسەنگاندنێکە فڕۆکەکە لەکاتی فریندا ئەنجامی ئەدات بۆ دیاردەیەکی هەوایی یان زیاتر .

**رصدة الطائرة :**

تقييم تجريه الطائرة في أثناء طيرانها لظاهرة جوية أو أكثر.

( References: Annex 3, Doc 4444 )



## 93- Aircraft Operating Agency :

The person, organization or enterprise engaged in, or offering to engage in, an aircraft operation.

**ڕێکخراوی بەگەڕخستنی فڕۆکە :**

کەسـێک یـان ڕێکخراوێک یـان پرۆژەیەکـە بەڵێنی بەگەڕخستنی فڕۆکەیەک ئەدات یان ئۆفەرێک پێشکەش ئەکات بۆ بەگەڕ خستنی فڕۆکەکە .

**وكالة تشغيل طائرة :**

شخص أو منظمة أو مشروع يتعهد بتشغيل الطائرة أو يقدم عرضا لتشغيلها.

( References: Annex 10 Volume II )

## 94- Aircraft Operating Manual :

A manual, acceptable to the State of the Operator, containing normal, abnormal and emergency procedures, checklists, limitations, performance information, details of the aircraft systems and other material relevant to the operation of the aircraft.


Note:- The aircraft operating manual is part of .the operations manual




### ڕێبەری ئیش پێکردنی فڕۆکەکە :

ڕێبەرێکـە ڕەزامەندی وڵاتـی بەگەرخەری فڕۆکەکەی لەسـەردراوە کـە تێیدا تـەواوی ڕێـکارە ئاسـاییەکان ، نائاسـایی یـەکان ، ڕێکارەکانـی دۆخـی کتوپـڕی ، لیسـتەکانی وردبینی و ئـەو زانیارییانەی کە پەیوەسـتن بەکارکردنی فڕۆکەکە لەگەڵ وردەکاری سیسـتمەکانی فڕۆکەکە و هەر بابەتێکی تر کە پەیوەندی بە کارپێکردنی فڕۆکەکەوە هەبێت .

تێبینی : ڕێبەری خسـتنەگەڕی فڕۆکە بەشێکە لە ڕێبەری کردەکان .




### دليل تشغيل الطائرة :

دليل حصلت موافقة دولة المشغل عليه ، يتضمن السياقات الإعتيادية وغير الإعتيادية وسياقات حالات الطوارىء وقوائم التدقيق والمحدوديات والمعلومات المتعلقة بأداء الطائرة وتفاصيل أنظمة الطائرة ومواد أخرى لها علاقة بتشغيل الطائرة.

ملاحظة: - دليل تشغيل الطائرة جزءا من دليل العمليات .

References: Annex 6 Part I and Part III, Doc 9760, Doc 9868












## ڕیپۆرتاژ

# پڕۆژەی ئۆتۆبانی بابان

### ئەندازیاری شارستانی

## شاباز صدیق

### بەڕێوەبەری پڕۆژەی ئۆتۆبانی بابان

ئامادەکردنی
**گۆڤاری ئەندازیاران**

**ئەندازیاران / بیرۆکەی ئەم پڕۆژەیە لە کوێوە سەریهەڵداوە؟**

پرۆژەی شـەقامی ١٠٠ مەتری سـلێمانی(ئۆتۆبانی بابان) بۆشاری سلێمانی وهەرێمی کوردستان وتەنانەت عێراقیش زەرورەتێکی گرنگـی ژیارییە کە بە تەواوەتی دەبوو ئەم شارێگە گرنگە لەم شـارە بوونی هەبێت چونکە هۆکارە بـۆ برەودانـی زیاتربەلایەنەکانی بوژانـەوەی بازرگانی و پیشەسازی و گەشتیاری و لەسەرو ئەمانەشەوە شەقامەکە گرفتـی هاتووچۆ لە سـلێمانی بۆ ماوەیەکـی درێژمەودا چارە دەکات کە لە نەبوونی ئەم شـەقامە تەنگە نەفەسـی هاتووچۆ و خنکان لە ناو شەقامەکانی شار و دەروازەکانی هاتنە ناوسلێمانی دروسـت دەبوو ، بیرۆکەی ئەم شەقامە من پێموایە زەرورەتی دۆخەکەیە کە ناکرێت شـارێکی زیندووی وەک سـلێمانی خاوەن شـەقامێکی مۆدێرنی خێرای وەک ١٠٠ مەتری نەبێت .

پێشتر لە سـاڵی ٢٠١٣ دا لەکابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان بـەردی بناغەی ئەم شـەقامە دانرا ، بـەڵام لەدوای ئـەوەی وڵاتەکەمان کەوتـە ناوقەیرانی دارایی وپاشان شەڕی داعش و نائارامی هەرێمی گرتەوە ، نەتوانرا کەشەقامی ١٠٠ مەتری سلێمانی بەسەرکەوتویی تەواوبکرێت . جگە لـەوەش کۆمپانیابیانیەکان کە دەبوو کاری تەواوبوونی شەقامەکە بەئەنجام بگەیەنن ئامادەگی ئەوەیان تێدا نەبوو ، کەشـەقامەکە بە هەرشێوەیەک بێت تەواوبکەن .



ئەندازیاران / ئەم پرۆژەیە لەلایەن چ لایەنێکەوە جێبەجێ دەکرێت ؟

وەڵام : بـۆ جـاری دووەم لـە دوای سـاڵی ٢٠١٣ لـە ٢٠٢٠/٧/١١دا لەلایـەن بەڕێـزان مەسـرور بارزانـی سـەرۆکی حکومەتی هەرێـم و قوباد تاڵەبانـی جێگری سـەرۆکی حکومەتی هەرێم و بەڕێز پارێزگاری سلێمانی و بەڕێوبەرانـی جێبەجێـکاری قەیـوان گـروپ و لایەنە حکومیـە پەیوەندیـدارەکان ، بەردی بناغـەی پرۆژەی شـەقامی ١٠٠ مەتـری سـلێمانی لـە دەروازەی یەکەمی پرۆژەکـە لـە تاسـڵوجە دانـرا ، قەیوان گـروپ لایەنی یەکەمی جێبەجێکاری پرۆژەکەیە و وەزارەتی شـارەوانی وگەشتوگوزار وشارەوانی سلێمانی ڕۆڵی سەرپەرشتیار لە پرۆژەکەدا دەگێڕن لە ژێرچاودێری ئەواندایە .



ئەندازیاران / بودجەی پرۆژەکە چەندە ؟

وەڵام : بودجـەی پرۆژەکە ٤٠٠ ملیار دینـاری عێراقییە ، بەرەچاوکردنـی دۆخـی ئابوری هەرێمی کوردسـتان و لەسـۆنگەی پەرۆشیمان بۆ خێرا جێبەجێکردنی ئەم پرۆژە گرنگ و سـتراتیژییە بۆ شاری سـلێمانی ، قەیوان گروپ تـا ١٠٠ ملیار دینار لـە بودجەی خـۆی تەرخان دەکات بۆ ئەوەی بە سـەرکەوتوویی قۆناغـی یەکەمی پرۆژەکە جێبەجـێ بکرێت کە خۆی دەبینێتـەوە لە ٣٢ کم قۆناغی یەکەمی ڕێگەکە ، دواتر بەگوێرەی ڕێککەوتنی واژۆکراو حکومەت بەشـێوەی قەرز بە چەند گوژمەیەک بودجەی خەرجکراوی گروپی کۆمپانیاکانی قەیوان دەگەڕێنێتەوە ، دەمەوێت باس لەوە بکەم قەیوان گروپ ، مەبەستی بوە کە دوور لە سود ئەم پرۆژە خزمەتگوزارییە بەسەرکەوتوویی تەواو بکات چونکە دواجار سـەرکەوتوویی ئەم پرۆژەیە زۆر دەرگای ئاوەدانی بۆ شـاری سـلێمانی دەکاتەوە کە ئەوەش لە بەرژەوەندی گشتی وڵاتەکەماندا دەبێت .



ئەندازیاران / ئەم پرۆژەیە کەرتی تایبەتە یان حکومی؟ و خاوەنەکەی کێیە؟

وەڵام : وەک لە پێشـتر ئاماژەمان پێکـرد ئەم پرۆژەیە لە لایەن حکومەتەوە سەرپەرشتی وچاودێری دەکرێت بەڵام قەیوان گروپ ، وەک لایەنێکی کەرتی تایبەتی نیشتمانی ، کارەکانی جێبەجێکردنی شەقامەکەی لە ئەستۆدایە .



ئەندازیاران / ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە چەندە ؟

وەڵام : بە گوێرەی گرێبەسـتی ئیمزاکراو لە نێوان گروپی کۆمپانیاکانـی قەیـوان وحکومەتی هەرێمی کوردسـتان ، دەبێـت لە ماوەی سـێ سـاڵ کە دەکاتـە ١١٠٠ ڕۆژی ژمێریکارەکانی ئۆتۆبانی بابان بە سـەرکەوتویی بە ئەنجام بگـات ، ٢٠٢٠/٧/٣٠ تا ٢٠٢٣/٨/٣ مـاوەی دیاریکراوی کارکردنی دەستپێک وکۆتایی پرۆژەکەیە .

ئەندازیـاران / شـێوازی دیزاینەکـەی چ تازەگەریەکی تیادایە ؟

وەڵام : پێشـتر دیزاینی پرۆژەکە لەساڵی ٢٠١٣ وە لە لایەن کۆمپانیای(خەتیب وعەلەمـی)ی لوبنانی کراوە ، ئێمەش وەک قەیـوان گروپ هەوڵدەدەین بە باشـترین شـێوەی ڕێگەی مۆدێرن ، پرۆژەکە بەئەنجام بگەیەنین ، ئەم ڕێگەیە خـۆی لە خۆیـدا ئۆتۆبانێکـی مۆدێرنە ڕەچاوی گشـت

لایەنەکانی هامووشۆی سەلامەتیکراوە ، دەتوانم باس لەوە بکەم ئەم ڕێگەیە هاوشێوەی ئۆتۆبانە مۆدێرنەکانی جیهانە.



**ئەندازیاران / ڕتکایە ووردەکاری پێکهاتەی پرۆژەکەمان بۆ ڕوونبکەنەوە؟ لە چەند ( کم ) و بەش پێکدێت بەشێوەیەکی گشتی ؟**

وەڵام : من دەتوانم باس لەقۆناغی یەکەمی پرۆژەکە بکەم کە خۆی دەبینێتەوە لە درێژی ٣٢ کم کە لە شارۆچکەی تاسلوجە بەیەکتربڕ دەستپێدەکات ولەگوندی دەمرکانی سەر بە ناحیەی عەربەت کۆتایدێت ، لە تەواوی ئەم ٣٢ کم ، ٧ یەکتر بری گەورە و بچووک هەیەو ٥ ئەندەرباس و ١ پردی گەورەی سەرچەم هەیە کە درێژییەکەی ٤٠٠ مەترو لە تانجەرۆ بەشێوەیەکی مۆدێرن دروستدەکرێت ، لەم پرۆژەیەدا لە درێژەی ڕێگەکە ٦٧ قەنتەرە واتە (ئاوبارە) هەیە کەلەیەک چاوی تاشەش چاوی پێکدێت .

کە لە وەرزی باران ولافاودا بۆ گوستنەوەی ئاوی زیادە بەکاردێت ، پرۆژەکە سەرتاسەر پەرژینی سەلامەتی دەکرێت وپانی ڕێگەکە ١٠٠ مەترە بەڵام لای ڕاست وچەپی شەقامەکە ٥٠ مەتری وەک ناوچەی محەرەمات هەیە ئەمە وەکو بەشی خزمەتگوزاری شەقامەکەیەو دەبێت لەکۆتایی بەشی موحەرەمات لە هەردوو بەری شەقامەکە سیاج دروستبکرێت ، واتە پانی جادەکە بەناوچەی محەرەماتەوە دەگاتە (٢٠٠) مەتر .



**ئەندازیاران / ئەم بەش و قۆناغەی ئێوە جێبەجێی دەکەن ، چەندە و لەکوێدایە ؟**

وەڵام : ئەم پرۆژەیە دەچێتە خانەی پرۆژەی ستراتیژی لە وڵاتدا کە ڕۆڵ دەبینێت لە گەشەی ئابوری وئاوەدانیدا ، بۆیە ئەگەر لە پرۆژەکانی تر هاوبەشەکان کۆمەڵێک خەڵکبووبن ئەوا لەم پرۆژەیەدا تەواوی خەڵک وکۆمەڵگە لێی سودمەند دەبێت . بەجۆرێک بوژانەوە دروست دەکات وکەرتە جۆراوجۆرەکان بەرەو پێشدەبات ، کە دەشێ لە ئەنجامدا باشی ئەم پرۆژەیە بۆ گەشەسەندنی ئەمشارە ببینین ، ڕێگە لە وڵاتان وەک شادەمار سەیر دەکرێت ، وەختێک شادەماریش دەبوژێتەوە بێگومان قۆناغێکی تری گەشەی ئابوری نەک هەر لە سلێمانی بەڵکو لە هەرێم وعێراق و وڵاتانی دەوروبەر دروستدەکات ، ئاستی بازرگانی بەتەواوەتی بەرەو پێشدەبات .




**ئەندازیاران / تا چەند مەرجەکانی توندوتۆڵی و سەلامەتی تیادا ڕەچاو دەکرێت ؟**

وەڵام : بەرەهایی کار بۆ ئەو بوارە دەکرێت . سەلامەتی ڕێگە کەواتە سەلامەتی خەڵک و کۆمەڵگە ، ئێمە وەک قەیوان گروپ پابەندیمان لە سیاسەتی گشتی کۆمپانیا هەیە ، بۆمەرجی بەرزی کوالێتی چونکە چاومان لەوەیە کە ئەم ڕێگەیە سەلامەتی گشتی بپارێزێت ، مۆراڵی ئێمە ئاشکرایە لەلای خەڵک کە کارێک ناکەین شیاوی ناوی قەیوان نەبێت ، دەتوانم بڵێم : ئەوەی لەڕێگەی مۆدێرن بۆ بواری سەلامەتی هەیە . بەرپرسانە لەوبوارە دەڕوانین ، زۆرکات لەکوردستان باس لەڕێگەی یەکساید دەکرێت و بەڕێگەی مەرگ نێوزەند دەکرێت ، ئێمە ڕێگەی ژیان بونیاد دەنێین ، چاومان لەخۆشگوزەرانی کۆمەڵگە وسەلامەتییان بپارێزین .

**ئەندازیاران / گرنگی ئەم پڕۆژەیە چی دەبێت بۆ ئایندەی شاری سلێمانی ؟**

وەڵام : بە دیاری کراوی دەمەوێت باری سەرنج وتیبینی خۆم بخەمەڕوو ، ڕێگەکان هۆکاری بەستنەوەی شارستانیەتەکانن بەیەکەوە ، لە کۆندا ڕێگەی کاروانەکان وڵات و شارستانێتی و بازرگانی میللەتانیان بەیەکەوە گرێداوە ، بۆیە بێشک ئەم پڕۆژەیە وەک شەقامێکی گرنگ بۆ شاری سلێمانی دەبێتە مایەی خێروگەشەسەندنی بواری ئابوری وبازرگانی وگەشتیاری...هتد.



**ئەندازیاران / چی و چۆن کاریگەری دەبێت لەسەر هاتوچۆ و کەمکردنەوەی قەرەباڵغی بۆ ناو شاری سلێمانی؟**

وەڵام : ئەوەی لە ڕێگەکانی ئەم شارە تێدەپەڕێت تێ دەگات کە شەقامەکان توانای لەخۆ گرتنی ئەو ژمارە زۆرەی ئۆتۆمبێلی نییە ، ئەم شەقامە لایەنی کەم توانای لەخۆ گرتنی زیاتر لە ٥٠ ملیۆن ئۆتۆمبێلی هەیە لە ساڵێکدا. کۆتایی بەخنکانی ترافیک لەناو شاری سلێمانی دەهێنێت . ئیتر ئەو ئۆتۆمۆبێلە بارهەڵگر و سەرنشینەکان ئاراستەکەیان ناو شاری سلێمانی نییە دەتوانن ڕاستەوخۆ بگەنە دەرەوەی شاری سلێمانی ، بە ڕێژەیەکی بەرچاو کۆتایی بە خنکانی هاتوچۆ لە شاری سلێمانی دەهێنێت و ئەو گرفتەچارە دەکات و هاتوچۆ سەلامەت و خێرا دەکات لە نێوان شار و شارۆچکەکانی دەوروبەری شاری سلێمانی .




**ئەندازیاران / ڕۆڵی ئەندازیاران چیە لە دیزاین و سەرپەرشتیار و جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە؟**

وەڵام : ئەتوانم وەک ئەندازیارێکی ئەم شارە و کوردستان وەک بەڕێوبەری پڕۆژەی ئۆتۆبانی بابان ، سوپاس و ستایشی ئەندازیارانی ناوخۆی شەقامەکە بکەم کە لە ماوەی کارکردنمان زۆر لێبروانە شانبەشانی کرێکارانی جوامێر ، سەرکەوتوانە ڕۆڵی گرنگی خۆیان بۆ سەرکەوتنی پڕۆژەکە گێراوە ، قۆناغ بە قۆناغ ، دەستکەوتی گرنگ لە جێبەجێکردنی ڕێگەکە هەڵدەچنن ، ئەم پڕۆژەیە بۆ ئەوان ئەزمونێکی گرنگە جگە لەوەش دەرخەری توانا گەورە شاراوەکانی هێز و وزەی ناوخۆییە ، دەتوانم باس لەوە بکەم کە ئەندازیارانی ناوخۆیی هیچیان لە عەقل و توانای بیانی کەمتر نییە ، ئێمە بەکارەکانمان وەک ئەندازیاران دەیسەلمێنین کە وڵات لە سۆنگەی خزمەتی گشتیەوە بونیاد دەنێینەوە.



**ئەندازیاران / دوا ووتەتان ...**

وەڵام : قسەی کۆتایی من ئەوەیە هیوادارم کارێک بکەین وەک گروپی کۆمپانیاکانی قەیوان ، کە نەوە لە دوای نەوە بە شانازییەوە باس لە سەرکەوتنە گەورەکانی قۆناغی کارکردنمان بکەن ، هەگبە ڕاست و پڕ خێرەکەی قەیوان گروپ ڕوونە کە مەرامیەتی پڕۆسەی ئاوەدانی بەتەواوەتی بگەشێتەوە .



# بۆ زاخاوی مێشک

ئەم گۆشەیە تایبەتە بە هەندێ کاری سەیروسەمەرە و سەرسورهێنەر و داهێنەرانە کە جۆرێک لە جۆرەکانی دیقەت و پێوانە سازی وبیرکردنەوەی تیادایە کە نزێکە لەکاری ئەندازیاریەوە. هەربۆیە پێمان باش بوو کە ئەم گۆشەیە دروستبکەین بۆئەوەی هەندێ دووربکەوینەوە لە خوێندنەوەی بابەتە ئەندازەییەکان و کەمێکیش مێشکمان هێور ببێتەوە. بەهیوای لێرازیبون سوودگەیاندنی.

هەرلێرەشەوە داواکارین لە ئەندازیارانی ئازیز کە لەم جۆرە بابەتەمان بۆ بنێرن بۆ بڵاوکردنەوە.

لەگەڵ رێزماندا.....

ئامادەکردنی

گۆڤاری ئەندازیاران

## ئەو جێگایانەی دونیا کە زۆر نامۆن !!!..




لە دونیادا گەلێک جێگەی ناوازە و جوان هەن، هەر ئەمەش وایکردوە کە بونەتە جێگەی گەشتوگوزار لە سەرانسەری دونیاوە بۆ ئەو ولاتانە ، بۆ هەموو جوانیەک ئاست و پلەی دیاریکراو هەیە ، هەموو جێگەیەکی گەشتوگوزار وەکو یەکنین بۆ سەردانیکردن ، لەوانەیە زۆربەیان لەبەر نامۆییان بێت کە روویان تێدەکەن ، جا هەر جێگە و شوێنێک چەندە نامۆ بێت ئەوەندەش سەرنج راکێش دەبێت.جابۆئەوەی کە لە جوانیەکانی دونیا تێبگەین ، فەرموون لەگەڵمان بن بۆ ناسینی ئەو جێگایانە کە زۆر نامۆن .

### ١. سالار دو ئۆيني

گەورەترین کۆمەڵگەی خوێین لە جیهاندا، دەکەوێتە هەردوو هەرێمی بۆتۆسی و ئۆرۆسی لە پۆلیڤیا ، جا کاتێک چینێکی ئەستوری ئاو لەسەر روەکەی دەوەستێت هێندەی تر جوانیەکەی دەردەکەوێت ، وەکو ئاوێنەیەکی گەورەی جیهانی لێدێت . دەتوانرێت وێنەیەکی گەورە و جوانی ئەو ئاوێنەیە لە دورگەی ئینکاهوسی ببینرێت.


ئەم دورگەیە پێشتر پربوە لە ئاو ، بەلاَم بەهۆی کارەساتی سروشتیەوە وشک بوە، گۆرەپانێکی چۆڵی بێ ئاوی لەدوای خۆی بەجێهێشتوە ، بەلاَم پر لە خوێ و پێکهاتەی بەردی و روەکی صەبار، گەورەترین کۆمەڵگەی خوێی لە جیهانیشدا بەبێ ژیان نیە، بەڵکو کۆمەڵێکی زۆر لە باڵندەی نوحامی گوڵی تیادایە کە زۆر جوانن و دەتوانرێت ببینرێن لەکاتێکدا لەناو ئاوەکەدان، کە ئەوەش هێندەی تر جوانی دەبەخشێتە تابلۆکە .





## ٢. دەریاچەی نەترۆن

ئەم دەریاچەیە دەکەوێتــە وڵاتی تەنزانیاوە کە جێگەیەی زۆر مەترسیدار و ترسناکە لە هەموو جیهاندا ، لەبەرئەوەی ئــەو ئاژەڵانەی کە مردار دەبنــەوە دەگۆڕێن بۆ پەیکەر ، بەهۆی بەکلسبونیانەوە ، سەرەڕای ئەوەی کە دەریاچەکە ڕەنگێکــی ســوری ئارامی هەیــە ، هەر ئەمەشــە کە ناو دەبرێت بە "Petrifying Lake" سەرەڕای ئەو مەترسیەی دەریاچەکە دەیخاتە دڵــەوە ، بەڵام بەتاڵیش نیە لە ژیان و زیندەگی ، بەشــێوەیەک هەندێک باڵنــدەی تیادا دەژی لەگەڵ باڵندەی نوحامدا.



## ٣. پردی ڕاکۆتز

ئــەم پــردە لــە ئەڵمانیادایــە و لــە ســەدەی نۆزدەهەمدا دروســتکراوە ، بەناوبانگــە بەوەی کــە زۆر بە ووردی و دیقەت و بەرزی و جوانی دروســتکراوە ، بەشــێوەیەک کە لەگەڵ پێچەوانەبونەوەکەیدا تێکەڵ دەبێت بازنەیەکی گەلێک جوان دروســت دەکات ، جا لــە هەر لایەکەوە لــێ بڕوانیت . ئەم پــردە کەمێک ترســناکە ، لەبەر ئەوە ناودەبرێت بە ( پردی شــەیتان ) ، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەر جوانە ، وادەردەکەوێت ئەوکەســەی دروستیکردوە گرنگی زیاتری داوە بە جوانیەکەی نەک کاری بیناکەی ، لە هەردوو جەمســەری پردەکەدا پایــەی بەردین هەیە بــۆ جێگیربوونــی ، کــە وەکو پایــەی بازڵی سروشــتی دەردەکەوێت ، کە لە زۆر جێگەی وڵاتی ئەڵمانیادا هەن .



## ٤. تونێلی خۆشەویستی

تونێلی خۆشەویستی بەشێکە لە هێڵی ئاسنینی دروستکراو لە ئۆکراینا ، بــەڵام ڕووی دەرەوەی ئەوە دەگەیەنێت کە چیرۆکێکــی خەیاڵیــە ، کە پڕە لە گەڵای ســەوزی زۆر جــوان ، ئەوەی ئاشــکرایە کــە باشــترە ژن و مێردەکان لەکاتی بەیانیان و ئێواراندا ســەردانی ئەو جێگەیە بکەن ، جا گەر بتخوازیت هاوبەشــی ژیانت دڵخۆشبکەیت ، ئەوا پێکەوە سەردانێکی تونێلی خۆشەویستی بکەن .







# وێنەی دەریاچە ڕەنگاو ڕەنگە جوانەکان لە سەرتاسەری جیهاندا

لەسەرتاسەری جیهان و لەجێگەی جیاوازدا زۆرێک لە دەریاچەی ئاوی ڕەنگاو ڕەنگی زۆر جوان هەن کە ڕەنگەکانیان لە ڕەنگە سروشتیەکانەوە زۆر دوورن کە بۆتە پێدانی ڕەنگ و جوانیەکی جیاواز و زیاتر بە دەریاچەکان و بەدەوروبەریشیان.وەک ئەم دەریاچانەی لای خوارەوە :

## ١. دەریاچەی لاگوانا ڤێردی

دەریاچەیەکی خوێنە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای دەشتە بەرزەکانی پۆلیڤیاوە و ئەوەی کە ئەم دەریاچەیە جیادەکاتەوە بریتیە لەو ڕەنگە سەوزە کشاوە زۆر جوانەی کە دەکەوێتە سەر لوتکەی بورکانی Licancabur و کە بۆتە هۆی ئاستداری ڕەنگە سەوزەکە بەهۆی پاشماوەی بورکانەکەوە کە بریتیە لە نیشتووی مسی . ئەم دەریاچەیەش دەورەدراوە بە جێگەی سروشتی زۆر جوان و سەرنجراکێش و کانیاوی گەرم .





## ٢. دەریاچەی بەند ئەمیر

بریتیە لە سەیرانگایەکی نەتەوەیی کە پێکهاتووە لە ٦ دەریاچەی شینی قوڵ کە دەکەوێتە بەرزاییەکانی هندۆکوش لە ناوەڕاستی ئەفغانستاندا کە یەکەم باخچەی نەتەوەییە لە ئەفغانستان لە ساڵی ٢٠٠٨وە ، ئەو دەریاچە



جوانانە بریتین لە ئاوی کانزایی کە لە کانیاو و درزەکانی زەویەوە دەردەچن لە دیـواره بەردینەکانی چوار دەوری ئەو دەریاچانە . ڕێـژەی کانزاکان بەرزن لەو دەریاچانەدا ئەمەش بۆتە هۆکاری تۆخی و جیاوازی ڕەنگەکانی ئاوی دەریاچەکان .



### ٣. دەریاچەی Pukaki

دەکەوێتە نیوزلەنداوە و ڕەنگێکی شـینی سـەهۆڵی زۆر جوانی هەیـە ، کە سـیمایەکی جیاکـەرەوەی دەداتێ ، دروست بوە بەهۆی پەنگخواردنەوەی ئاوی سەهۆڵاوەوە لە دەیان ساڵەوە و ئەو شـاخە سەهۆڵانەی دەوروبەریشی بەهـۆی بوونی ڕووبـاری سـەهۆڵی زۆرەوە بونەتە هۆی پێدانی ئەو ڕەنگە شینە بە دەریاچەکە کە دووەم گەورەترین دەریاچەیە لە شاخی ئەلبدا لە ناوچەی حەوزی ماکنزی و دەکەوێتە دورگەی باشوری نیوزلەنداوە .









### ٤. دەریاچەی لاجونی سوور


دەکەوێتە ولاتی پۆلیڤیاوە لە نزیک سـنورەکانی شیللی و ڕەنگە سوورەکەشـی دەگەڕێتەوە بۆ نیشتوە سورەکان و بۆیە سـورە بەرهەمهاتوەکان لە قەوزە سوروکانەوە . ئەم دەریاچەیەش مەنزڵگـەی زۆرێک لە باڵنـدەی نوحامی گولیە. کە دەشناسرێت بە باڵندەی فلامینگۆ و ژمارەیەک دەریاچەی بۆراکسیشـی تیادایە و ئەو دورگە سپیانەش لە بەهەڵمبونی دووبارەی دەریاچە وەرزیەکانەوە دروستدەبن وەک دەریاچەی لاجونی سوور .





### ٥. دەریاچەی kelimutu

پێکدێـت لـە ٣ دەریاچـەی ڕەنـگ جیاواز کە لەسـەر لوتکەی چاڵێکی بازنەییدان ، ئاسـایی دەریاچەکان شینن و زۆرجارانیـش دەگۆڕین بە ڕەنگی سـەوز و هەندێک جارانیش ڕەنگی سـوریان هەیـە ، ڕای باو دەربارەی ئەو ڕەنگانـە بریتیە لە بوونـی دەرچە لە توێکڵـی زەویدا کە پێشیان دەوترێت دەرچەی بورکانی ، کە یەکێکن لە سیما جوانەکان کە بونەتە هۆی سەرنجراکێشـانی گەشتیاران و هەروەها زۆرێک لە جیۆلۆجیەکانیش بۆخۆیان رادەکێشن سـاڵانە ، لەڕاسـتیدا بوونی ئەو ٣ دەریاچەیە و بەو ڕەنگە جیاوازانە و دەشـکەونە سـەر هەمان لوتکە سەرچاوەی زۆرێک لە گفتوگۆ و گرنگیدانەکانن .







### ٦. تاڤگەکانی هاڤاسۆ

هاڤاسـۆ کانیـۆن بەشـێکە لە گرانـد کانیـۆن و هۆزی هاڤاسۆبای لێنیشتەجێیە و لە گوندێکی بچوکدا دەژین کە گوندێکی دوورە دەستە لە ئەمریکادا، لەڕێگەی فڕۆکەوە دەتوانرێـت سـەردانیبکرێت و هـۆکاری سـەرەکیش بـۆ بەرگە گرتنی گەشـتیاران بۆ بینینی ئـەو هەموو ماوە دووروودرێژە بریتیە لە ئاوە ڕەنگ جوانەکەی و تاڤگەکانی هاڤاسـۆن،کە هۆکاری ڕەنگە جوانەکـەی ئاوەکەیە کە ناتوانرێت بۆ مـاوەی زۆر ببینرێت بەهۆی بوونی کانزای کاربۆنی بڵاوبۆوە بۆ خواررووی دەریاچەکە و ڕەنگەکەی دەگۆڕێت بۆ سـپی و هەڵدەستێت بە پێچەوانەکردنەوەی ڕەنگی قەوزەی سـەوز و خاکی و ئاسـمانە شینەکەش لە دواتردا ڕەنگێکی زۆر جیاواز و نایابی دەداتێ .





### ٧. دەریاچەی بلیتیفیتیش لە کرواتیا

١٦ دەریاچەی ڕێکخراو بەشێوەیەکی جوان لە نێوان شاخ و ڕێگا سروشتیە سـەوزەکاندا لە باخچەی دەریاچەکانی بلیفیتیشـدان ،کـە دادەنرێت بـە گەورەتریـن باخچەی نیشتیمانی لە کرواتیادا لەگەڵ زیاتر لە ١ ملیۆن سەردانیکەر سـاڵانە ، ئەم باخچەیە دادەنرێت بـەو جێگە یەکەمینەی

کە لەلایەن ڕێکخراوی یونسکۆوە دیاریکراوە وەک کەلتوری جیهانی تاڤگە سروشتیەکان کە دەریاچە بەرز و نزمەکان پێکەوە دەبەستێت کە جوانیەکی تەلیسماوی دەداتە جێگەکە بەهۆی بەلەمە کارەباییەکان و ئۆتۆمبێلە بەردەوام سوراوەکان یان بەپێ ڕۆیشتن،ئەم دەریاچانە لە ٤ وەرزی ساڵدا وەک گەوهەرێکی سروشتی زۆر جوان دەردەکەون .



### ٨ دەریاچەی پیتۆ لە کەنەدا

دەکەوێتە باخچەی بانفی نیشتیمانیەوە،ئەم دەریاچەیە خاوەن ڕەنگێکی فەیروزی ( شینی مات ) ی زۆر ناوازەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئاردێکی بەستوو کە دەرژێتە ناو ئاوەکەوە،و دەکەوێتە ناوجەرگەی سروشتیشەوە ، لەنێوان دارودرەخت و شاخەکاندا ، جێگەکە جوانیەکی نایابی هەیە ، ئەم باخچەیە بۆتە جێگەیەکی گەشتیاری زۆر سەرنج ڕاکێش .



### ٩. دەریاچەی فلاتهید لە ئەمریکا

دەریاچەیەکی سروشتی زۆر گەورەیە لە ڕووباری مسیسپی لە ولایەتی مۆنتانا لە ئەمریکادا ، ئاوی دەریاچەکە ڕوون و پاکە و وەکو ڕوونی ڕۆژ ڕوونە ، دەریاچەکەهێندە ڕوونە کە وادەزانی زۆر تەنکە بەڵام قولاییەکەی **٣٧٠** پێ دەبێت. کارە داهێنانەکانی ئەم دەریاچەیە بریتیە لە ڕەنگدانەوەی سەوزایی دارستانەکە لەسەر ئاوەکە لەڕۆژانی خۆشی بێ هەورو هەلا. گەشتیاران سەرەڕای جوانی دیمەنەکان دەتوانن بەپێ بڕۆن ویاری هەڵخلیسکان و سواری بەلەمەکانیش بن .



### ١٠. دەریاچە پەمەییەکە لە ئوستورالیا

ئەم دەریاچەیە دەکەوێتە گۆلد فێڵدز-ئەسپێرانس لە ڕۆژئاوای ئوستورالیا، ڕەنگێکی پەمەیی هەیە لە ئەنجامی دیاردە سروشتیەکانەوە کە زانایان هەوڵدەدەن ڕاڤەی بکەن . ڕەنگی دەریاچەکە دەگۆڕێت بە ئاستی جیاواز لە پەمەییەوە لەوەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تر کە وادەکات لەهەموو سەردانیکردنێکدا بە شێوەیەکی جیاوازتر دەربکەوێت .لەچواردەوری دەریاچەکە دارستانێکی چڕ هەیە و لای باشوریشەوە زەریا هەیە،ئەم دیمەنە سروشتیە جوانانە دڵ و دەرونەکان دەفرێنن .




## ١١. دەریاچەی کاریرای گشتی لە شیللی

دەکەوێتە نێوان هەردوو وڵاتی شیللی و ئەرجەنتینەوە . ئەم دەریاچەیە یەکێکە لە گرنگترین و بەناوبانگترین جێگەی گەشتیاری لە ئەمریکای باشووردا ، سەرەرای جێگەکەی کەشوهەوایەکی خۆشی هەیە و یاری وەرزشی جیاوازیشی تیادا دەکرێت . زۆرترین دیمەنە جوانەکان بریتین لەو پارچە مەرمەرانەی کە لەناو ئاوەکەدا هەڵکۆڵراون و کاتێک لێیان نزیک دەبیتەوە هێندەی تر جوانتر دەبن ، تیشکی ڕۆژ لەزۆر درزی ناو مەرمەرەکانەوە تێپەردەبن کە دەبێتە هۆی شکاندنەوەی سێبەرەکەی و بەرەنگێکی شین دەکەوێتە سەر ئاوەکە .



## ١٢. دەریاچەی شیمشل لە پاکستان

دەکەوێتە دۆڵی هونزا لە پاکستان ، یەکێکە لەو دەریاچە دەگمەنانەی جیهان کە لەشێوەی دڵدا بە سروشتی دروستبوە ، کە چواردەوری گیراوە بە دارستانی سەوز و شاخی بەفرینی ، کە دیمەنێکی جوانی دەداتێ ، بەتایبەتی کاتێک هەور ئاسمان دەگرێت ، جێگاکە بۆتە شوێنی مەبەستی شاخەوانەکان و ئەو کەسانەی حەزیان بە هەڵگەرانی شاخدا هەیە .




## ١٣. دەریاچەی جیپسلاند لە ئوستورالیا


بریتیە لە کۆمەڵێک دەریاچە و جێگەی کۆبونەوەی ئاو وەک دەریاچەی مولکی گشتی و دەریاچەی ڤیکتۆریا کە گەورەترین ڕارەوی ئاوی پێکدێنن لە ئوستورالیا . کە بریتیە لە دەریاچەی دۆلفین و باڵندەکان و قاز و بە زیندەوارنی کێوی دەوڵەمەندە.گەشتیاران دەتوانن مەلەبکەن و ڕاوی ماسی یان بەکرێگرتنی پاپۆر بۆ بینینی جوانیەکانی سروشت لە کەشوهەوایەکی هێمن و ئارامدا .



## ١٤. دەریاچەی بایکاڵ لە روسیا

دەکەوێتە باشوری سیبریا لە ڕوسیادا ، بایکاڵ بریتیە لە کۆنترین و قوڵترین دەریاچەی ئاوی شیرین لە جیهاندا، کە زیاد لە ٣٠٠ ڕووبارو ڕێرەوی ئاوی لە خۆدەگرێت. گەورەترین و ڕوونترین دەریاچەیە لە جیهاندا ، کە داهێنانی سروشتی زۆر لەخۆدەگرێت کە شاخ و داخی زۆریشی بەدەورەوەیە.دەریاچەکە زۆر سەرنج ڕاکێشە لەگەڵ دیمەنە سروشتیەکاندا .





# تۆڕەکانی ڕێگاوبانی کوردستان ........
# (لەنێوان گرفت و چارەسەر)

مامۆستای زانکۆ و ئەندازیاری ڕاوێژکار
**برهان محمد شریف**
هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە ئەندازیاری ڕێگاوبان
و فاکەڵتی ئەندازیاری زانکۆی سلێمانی
Burhanmuhameds@yahoo.com

گواســتنەوە و سیستەمی گواستنەوە ، تۆڕەکانی ڕێگاوبان وشــەقام و شــارێگا و ڕێڕەوەکانی هاتوچۆ ، یەکێکن لە پێــوەرو پێودانگ وســتاندەرو ناســەرەوەو ئاماژەکانی رادەی گەشــەو پەرەپێدانی بەردەوامگیری وپێشکەوتنی کۆمەڵگــاو وولاتــان . بەجۆرێــک ســالانە راپــۆرت وهەڵســەنگاندنە جیهانییەکانــی بــواری گەشــەپێدان وپۆلێن کردنی کۆمەڵگاکان کە ئامادە دەکرێن وپاشــان بلاودەکرێنــەوە ، ناتوانــن خۆیان نادیــدەو دووره پەرێز بگرن لەچۆنیەتی و رەوش وحاڵەتی گواســتنەوە وشەقام وتۆڕەکانی ڕێگاوبانی هەر وولاتێک کە خۆی لە ئاماژەو پۆلین کردنەکاندا دەبینێتەوە !

لە کوردســتان ، هۆکارەکانی گواســتنەوە و لێخورەکان ، هەمووشــارەکانی کوردســتانی کۆنترۆل کــردووە و پانتاییەکی زۆری لەم شــار و شارۆچکانە داگیر کردووە ، ســەرەنجام ڕووداوە دڵ تەزێنەکانــی هاتوچــۆ وەک دیاردەیەکــی رۆژانــەی ســەردەم و قەڵەباڵغی وســتی جووڵە و خنکاندنی شــەقامەکان و دواکەوتنی گەشــتیار و سەرنشــین بۆ شــوێن و کاری مەبەست لە کاتی خۆیدا ، تیــژرەوی و پابەندنەبــوون بــە خێرایــی ، پیس بوونی ژینگــەی شــارەکان و ژاوەژاوی ڕۆژانــە و ســەرف کردنی بڕێکی زۆری ســووتەمەنی و بە فیرۆدانی داهات وسەرمایەی نیشتمانی و ئابووری وولات ، لە دەست دانی خۆشەویســتان و بەردەوامی پرۆسەی کەم ئەندام کردنی کۆمەڵگا و لە دەســت دانی ئاسایشی تاک و کۆمەڵگا و وولات ، وێنەیەکن لە وێناکانی شەقامەکانی ئەم هەرێمە . وەستانی هەڵە و چوونە ژوورەوەو هاتنەدەرەوەی لەناکاو و خێرا و لە پڕی بارهەڵگر و ئامێرە گەورەکانی ئینشــائی و لێخورەکانی تر بۆ ناو شــەقام و شــارێگاکان ، وەستان



و پــارک کردنــی ئۆتۆمبێــل و لێخورەکان لە شــوێنی ڕێپێنەدراو نا شایستەو ...بەردەم دەرگای ماڵان و ڕێگرتن ! ، درێژەدان و بەردەوامی لەسەر پرۆسەی نیشتەجێ بوونی

ئاسۆیی بەشێوەیەکی بەرفراوان ، بەردەوامی گۆڕینی وەزیفە وکاری زۆنەکانی نیشتەجی بوون بۆ بازرگانی و گەشتیاری...هتد ، کەمی نرخ وهەرزانی نرخی پارک کردن لەناو جەرگە وناوەندی شارەکان ، بلاوی و بوونی ژمارەیەکی زۆری ئۆتۆمبێلی تەکسی ، نادروستی و نەشیاوی شوێن و ژمارەی ویستگەکانی سووتەمەنی لەناوشارەکان و هاو نە گونجاویان لەگەل ئاراستەکانی جوولەی ئۆتۆمبیلەکانی دانیشتوان « دانیشتوانی ناو شەقامی شەست مەتری مەلیک محمود وەک نموونە». لاوازی و سستی و نەبوونی پرۆسەی نۆژەنکردنەوەی شەقام و تۆڕەکانی ڕێگاوبان وهێماو نیشانەکانی هاتوچۆو تابلۆ وێنەیەکی تری شەقام و شا ڕێگاکانە .



فەرامۆش کردنی مافی پیادەڕەو؟! ، نەبوونی ئاراستە و ڕێڕەوی تایبەت بە پاسکیل و ماتۆڕ سوار ، کەمی و لاوازی و نەبوونی پرۆسەی ڕووناک کردنەوەو ڕۆشنکردنەوە و هێماو نیشانەو هێلکاری پێویست، بوونی تاسەی نادروست و چال و....هتد لەشەقام و شارێگاکان و ڕێگاوبانەکانی دەرەوە ، هەلـەو گرفت و ڕێگرییە هونەرییەکانی تصمیم ودیزاین ، ئاسانی و ئاسانکاری لە پرۆسەی وەرگرتن و پێدانی مۆڵەتی شۆفیری ، کۆبوونەوەی ئاوی بارانا و



بە مەلەوانگە بوونی ژێر بەرزەپرد و ناو ئەندەرپاسەکان و کوژانەوەی ئۆتۆمبێلەکان لەناویاندا لە وەرزی باران بارین وێنەیەکی نەخوازراوی تری کوردستانن .

هۆکارە ناڕاستەوخۆکانی کۆسپ و گرفتەکانی هاتوچۆ:-

١- بەردەوامی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و دیاردەی ئاوارەلەخۆ گرتن بێ پلانی پێشوەخت و نادروستی و نەبوون و لاوازی توێژینەوە لەلایەک و کارپێنەکردن بەتوێژینەوەکان لەلایەکی تر..

٢- خراپی و نادروستی و نازانستی دابەشبونی جوگرافی دانیشتوان ، جیاوازی چڕی دانیشتوان لەناوچە جیاوازەکان و چڕبونەوەیان لە پایتەخت و شارە گەورەکان و شارەکانی لێکەوتە سنوورییەکان « شاری کەلار وشارۆچکەی حاجیاوە وەک نموونە »

٣- لەئاست نەبوونی نەخشەی عمرانی لەشارەکان ، بوونی کەم وکوری لە تۆڕەکانی ڕێگاوبان ، نەبوونی ڕێگای بەدیل و ئەلتەرناتیڤ ، ڕۆیشتنی شارێگاکان بەناوشارەکان (دوکان و سید صادق و چوارقورنە و تەکیە وحەریرو خەلیفان وسۆران وەک نموونە) لەگەل نا گونجاوی دەروازە و خالەکانی دەرچوون و هاتنە ژوورەوە لە شارەکان.

٤- زۆربونی بێ سنوورو بێ بەرنامە و حساب بۆنەکراوی ئۆتۆمبێل بە تایبەنی ئۆتۆمبێلی تایبەت و تەکسی لە شارەکان ، لەگەل کراوەیی بازرگانی کردنی ئۆتۆمبێل و منافسەی کۆمپانیاکان وساخ کردنەوەی لە کوردستان ، بۆنموونە زیاتر لە ٧٣٠ هەزار ئۆتۆمبێلی تۆمارکراو لە پارێزگای سلێمانی و زیاتر لە ٢ ملیۆن ئۆتۆمبێلی تۆمارکراو لە هەرێمی کوردستاندا هەیە .




٤- بێ بەرنامەیی لە هێنانی جۆری ئۆتۆمبێل و لێخورەکان لەلایەک و بەهەند نەگرتنی قازانج و سوودی کڕیاران

و بەکارهێنەرانــی تــا رادەیەک ، کەوتنە ژێر پرسـیاری هەندی جۆری ئۆتۆمبێل و خراپی کوالێتیان .




٥- فەرامـۆش کــردن و نەبوونی بایەخ بە گواسـتنەوەی گشتی کەدووچاری شەلەل و ئیفلیج بوون هاتووە !

٦- سـوودمەند نەبـوون لــە هـۆکاری پێشـکەوتووی گواسـتنەوەی وەک :ترەم و میترۆو پاصی گەورە و دوو قــات وکارەبایی و.... هتد.لە کاتێکدا پانتایی و رووبەری پێویسـت بۆ گواسـتنەوەی تایبەت ٢٠ ئەوەندەی پانتایی پێویسـتە بە بەراوورد لە گواسـتنەوەی گشتی و هاوبەش ، بۆنموونە بۆ گواستنەوەی ٦٠ سەرنشین بە گواستنەوەی گشـتی لە پاصێکــی گــەورەی دووقات پێویسـتمان بە رووبەریکی ٣م × ١٢م هەیە ، بەڵام لە گواستنەوەی تایبەت ، ئەگەر ئەم ٦٠ سەرنشـینە بــە ٣٦ ئۆتۆمبێل بگوازرێنەوە رووبەرێکــی ٤٨٠ مەتــر دووجا داگیــردەکات ، ئەگەر ئەم ئۆتۆمبێلانە لە شــەقامێکی ٣ ڕێرەودا (3Lanes) بە ٣ ڕیزی ١٢ ئۆتۆمبێلی بە شەقامەکەدا تێپەڕن ئەوا رووبەری نزیکەی ٦٤٨ مەتر دووجا داگیر دەکات .

٨- تەرخــان نەکردنــی میزانیە و بوجەیەکی پێویســت و لەئاست داخوازیەکانی بنیات نانی ژێرخانی گواستنەوە و پەرەپێدان و وەبەرهێنانی گواستنەوە لەم هەرێمە . هەروەها



تەرخان نەکردنی بوجە بۆ پشتیوانی کردنی کۆمپانیاکانی بواری گواســتنەوە ، لەگەڵ نەبوونی گەشە و زیاد کردنی بە رێژەیەکی بەرچاوو ئومێد بەخش . لە کاتێکدا دەبینین لە وولاتان بوجەی زەبەلاح تەرخان دەکرێت ، بۆنموونە وولاتێکــی وەک ئەڵمانایا ســاڵی ١٩٣٢ بــۆ یەکەم جار یەکەم ئۆتۆبان بەمەبەستی بەستنەوەی شاری بۆن وکۆلۆنیا ، ناســراو بە (A 555) بە درێژایی ٢٠کم دروست کراو تا ئەمرۆ ئەم ئۆتۆبانە خزمەتگوزاری پێشــکەش دەکات! ، شــایەنی باســە خێرایی دیزان لەو رۆژگارەدا ١٢٠ کم/ کاژێر بوە لــە کاتێکدا خێرایــی ئۆتۆمبێلەکانی ئەوکاتە زیاتــر نەبوە لە ٦٠کم/کاژێر ؟! لە ئێســتا بری تیچوون بۆ






١کم لە ئۆتۆبان ٨,٢٦ ملیۆن یۆرۆیە ، هەروەها وولاتێکی وەک ئیســرائیل ، بوجەی تەرخان کــراوی بۆ ئەم بوارە لە ســالی ٢٠٠٠ نزیکەی ٥,٩ ملیار شیگل بووەو لە سالی ٢٠١١ بۆتە ٩,٨٨ ملیار شیگڵ .


٩-کەمــی و نەبوونــی کۆلێــج و بــەش و پەیمانگــاو ئەکادیمیاو ناوەندی پیشــەیی وزانستی تایبەت بەخوێندن لە بوارەکانی ئەندازیاری ڕێگاوبان و هاتوچۆو گواستنەوە و پێگەیاندنی کەسانی پسپۆر .

١٠- نەبونــی وکەمــی وخراپــی و لەئاســت نەبوونــی نیشانەکانی هاتوچۆو هێڵکاری لە ڕێگاوبانەکاندا .

١١- سستی و لاوازی وکەمـی چاککردنـەوەو نۆژەنکردنەوەی بەردەوام و ساڵانە بۆ ڕێگاوبانەکان.

١٢- نەبوونی هاوسـەنگی یان نەپاراسـتنی هاوسـەنگی

لەنێـوان گەشـە و برەودانـی کەرتەکانـی بازرگانـیٍ وگەشـتیاری ونـەوت لە هەرێمـی کوردسـتان لەگەڵ کەرتی گواستنەوە .



١٣- فـراوان کردنـی شـەقام لـە سـەر حسـابی ڕێڕەو شۆسـتەکانی پیـادەڕەو هەندی کات سـەری شۆسـتە دەخورێـت ، سـەرەنجام پیادەڕەو دێتە ناو شـەقام و ..... دەیان دەرهاویشتەی لێ دەکەوێتەوە .

دەسـت خسـتنە سـەر کێشـەکان ودانانـی پەنجـە لە سـەرپیتەکانی یەکەم هەنگاوی چارەسـەرەکانە ، پاشان سـەرنجدان لە کورتترین ڕێگا بۆ گەیشـتن بە چارەسەر وئامانجـەکان . هەندێ لە گرفت و کێشـەکانی شـەقام ڕێگاوبانەکانی کوردستان وهۆکاری چارەسەرنەکردنیان سەرچاوەی گرتووە لە :

١- نەبـوون یـان لاوازی جورئـەت و سـوور بـوون وبەردەوامی لە بریاردان ، لاوازی ئاشـنابوون بە هونەری بریاردان و بریار دروست کردن لەلایەن لایەنە پەیوەندی دارەکان ، کەئەمەش بەشـێکە لەوگرفت و کەم وکوڕی و کـورت هێنانانەی زۆرێک لـە دام و دەزگا میرییەکان بەئاستە جیاوازەکانیانەوە دووچاری بوون .

٢- دیاردەی لاوزای و سسـتی و نەبوونی پلانسازییەکی ووردو تۆکمە و دروسـت بۆ شـەقامەکان و شارێگاکان



لە شـار و شـارۆچکەکان ، لەو گرفتانەن کەنازانرێ یان ڕۆشن نیە کە کێ لێی بەرپرسیارە؟! شارەوانی ، ئەندازەی هاتووچۆ ، شارەوانییەکان ، ڕێگاوبان....هتد

٣- نەبوونـی ولاوازی پیشەسـازی ڕێگاوبـان لەلایەک و پیشەسـازی قیرو ئەسـفەلت و تەکنۆلۆژیای ئەسفەلت ودۆزینـەوەی بەدیل ومـادەی سـەربارکراو لەلایەکی تـر. وولاتێکـی وەک کوێـت لەپێنـاو باشـکردن وتایبەتمەندییەکانـی ئەسـفەلت لە سـاڵی ٢٠١٣-٢٠١٥ ناوەندی تویژینەوەی ووزەو بیناسـازی پەیوەسنامەیەکی بەبـری ١٠٩ هەزاردیناری کوەیتـی(٣٥٦٠٠٠$) لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی کوەیتی لەپێناو هەڵسـەنگاندنی کارایی وکاریگەری سـیوپەیف – Thiopave- ئەنجامداوە ، بە ووتەی ئەندازیاری پرۆژەکە ( سعاد خالد البحر ).

ئەسـتەمەکانی بەردەم پلانسازی گواسـتنەوە و شەقام و تۆری ڕێگاکان :

١-نەبوونی پلانی ڕۆشن ، نەخەملاندن یان نەبوونی توانای خەملاندنـی واقیعانە و دروسـتانەی قەبارەی هاتووچۆ و قەڵەباڵغی و جووڵەی لێخورەکان و جۆرەکانیانە لە شەقام و ڕێگاکان .



٢- کەمـی و نەبوونی کەسـی خاوەن بریـارە ، نەبوونی بوجەی پێویسـتە ، نەبوونی هاندان وبایەخدان و گرنگی پێدانی کەسانی دڵسۆز و پسپۆرە ، نەبوون و کەمی ئامراز و ئامێری پیشکەوتووی سەردەمە !

٣- نەبوونی و لاوازی صلاحیەت ! و بەرجەستەنەکردنی صلاحیات ، فەرامۆشکردنی پسپۆران .

٤- نەبوون یـان کەمی خوولی پێگەیاندنی ئەندازیاران و کادێری هونەری لاوو تازە پێگەیشتوان .

٥- نەبوونی یان لاوازی پەیوەندی و هەمەئاهەنگی نێوان

لایەنە پەیوەندی دارە کان و ناوەندو دەزگا زانستییە کانی زانکـۆو پەیمانگاکانـە ، بوونـی ڕۆتیناتـی کارگێری و سنووردار کردنی شتە کان ...هتد .

٦- کارنەکـردن یـان فەرامۆش کردنی بنەمـا و مەرجە زانستییە کانی پلانسازی گواستنەوە یە !



تـوێژنەوە کان ئاماژە بەو ڕاسـتیە دەکـەن لەهەندێ لە وولاتـان کـە ٪٧٠ هـۆکاری ڕووداوە کانـی هاتووچۆ دەگەڕێتـەوە بـۆ خراپـی ڕەوشـی پلانسـازی شـەقام وڕێگاوبانە کانە . لە کاتێکدا توێژەرێکی فەرەنسـی ئەوە پشت ڕاسـتدە کاتەوە کە ڕێژەی ڕاسـتەقینەی هۆکاری ڕووداوە کان لە ٪٨٠ خودی ڕێگاوبانە کانن !

لەگـەڵ هەموو ئەمانـە دەتوانین و لە تـواناماندا هەیە بە سـەرگرفت وکەلێن و کـەم وکوری یە کانـدا زاڵ بین وسەرکەوتووبین !

**چارەسەر بۆ ئێستا و ئاینده :**

١- بە پیشەسازی کردنی ڕێگاوبان لە کوردستان و بایەخ و گرنگیدان بە پیشەسازی و تەکنۆلۆجیای ئەسفەلت.

٢- کردنـەوەو دامەزراندن وفراوانکردنـی تاقیگە کانی بـواری ڕێگاوبان لـە قەزاکانی کوردسـتان و برەودانی زیاتریان لە پاریزگاکان .

٣- زیندوکردنـەوەی هێڵـە گشـتییە کانی هاتووچـۆ و بایەخدان و پوژاندنەوە وهاندانی گواسـتنەوەی گشتی و گرنگی و پشتیوانی و ڕێکخستنی گواستنەوەی خوێندنگە و زانکۆو پەیمانگاکان و فەرمانگە کان ، بەهەند وەرگرتن ودابین کردنـی مافی کەم ئەندامان لەناوپارک وشـەقام وتۆڕە کان.

٤- سوودمەندبوون و بە کارهێنانی بەڕێوبردن و کارگێری زیرەک لەسیستەمی گواستنەوەی ناوشارە کان .

٥- گرنگـی وبایەخی زیاتـر بەپارک و پـارک کردن ، فـراوان کـردن و نۆژەنکردنەوە و تمویـل کردنیان بۆ پارکی باڵەخانەیی و چەند نهۆمی ، دووبارە ڕێکخستنەوە و هێڵکاری پارکی شـەقام و شوێنەگشـتی و گۆڕەپانی فەرمانگە حکومییە کان و...هتد .

٦- بەرزکردنـەوەی تەمەنی پێدانی مۆڵەتی شـۆفێری بۆ ٢٠ سـاڵ لە جیاتی ١٨ ساڵ و بەهەند وەرگرتنی پشکنینی بیستن وگوێ لە دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێری .

٧- ئاراسـتەکردن و هاندانـی جەمـاوەری بـۆ جوولەی پیادەڕەو ڕۆشـتن بە پێ ، بەکارهینانی پاسـکیل لە شار و شارۆچکە کانی کوردستان .



٨- بنیاتنـان و دابینکردنـی پەیوەنـدی بەهێـز لـە نێوان شـەقامە کان وشـا ڕێگـاکان و فەراهەم هێنانـی انماگی هەمەچەشنە و دروست کردنی ڕێگای خێرا .

٩- دروسـت کردنی پەیوەندی دروست و شیاو لە نێوان باڵەخانـە و ئاپارتمان وشـەقامە کان ، تاوە کو کاریگەری نەرێنـی لەسـەر جوولـەی هاتوچـۆی ناوشـەقامە کان ڕوونەدات و بەرجەستە نەبێت .

١٠- دروسـت کردنـی پەیوەندی توندووتـۆڵ لە نێوان وەزارەت و فەرمانگـەو لایەنـی پەیوەندیـدار لەگـەڵ زانکۆکانی کوردسـتان و ناوەندە زانستییە کان ، گرنگی وبایەخدانـی زیاتـر بە ڕاوێژی زانسـتی و هـاوکاری و ڕاهێنان وکاری هاوبەش .

١١- گرنگـی و هانـدان و بایەخـی تایبـەت بـە بواری توێژینەوەی زانسـتی و بوونـی فایلی تایبـەت و بانکی زانیاری لە بواری گواستنەوە و هاتوچۆ .

١٢- تەرخانکردنـی میزانیە و بوجەیە کی پێویسـت و لە ئاست قەبارەی بنیاتنانی ژێرخانی گواستنەوە و پەرەپێدان وگەشـە و وەبەرهێنان وپشـتیوانی کردنی کۆمپانیاکانی

بواری گواستنەوە .

١٣- تکلیف کردن و ڕاسپاردنی سەرجەم شارەوانییەکان بەئامادەکردن ودانانی پلانێک ونەخشە ڕێگایەکی گونجاوبۆ شەقام و شارێگاکانی سنوورەکان یان، هەروەها بەڕێوبەرایەتییەکانی ڕێگاوبانیش بۆ ڕێگاوبانەکانی دەرەوە، لەگەڵ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی جێ بەجێ کرن و بەرجەستە کردن و بە دواداچوونی پلان ونەخشەکەی خۆیان کە ئەمەش شتێکی گران وئەستەم نیە !

١٤-کاراکردن وفراوانکردن و بایەخدانی زیاتر بە بەڕێوبەرایەتی و دەستەو بەشەکانی بواری توێژینەوەو دیزاین و نەخشەسازی و ڕاهێنان.



١٥- کردنەوەو دامەزراندنی پەیمانگا و ناوەندی پیشەیی و راهێنان لە بوارەکانی قیرو هاتوچۆو گواستنەوە و ڕێگاوبان و خزمەتگوزارییەکانی ڕێگاوبان .

١٦- ڕێکخستنی جوولەی هاتوچۆ لە شەقام و شا ڕێگاکان بەشێوەیەکی ووردتر و دروستر و زانستانەتر لە ئێستا وپیاچوونەوە وهەڵسەنگاندنی بەردەوامیان.بەمەش کەم کردنەوەی ڕووداو و، زیاتر بەکارهێنانی شەقام ، زیادبوونی خێرایی ، زووتر گەیشتن و دوانەکەوتن ، کەم سەرفکردنی سووتەمەنی ، شەکەت نەبوون و ماندوو نەبوونی شۆفێرو گرژ نەبوونی دەمار و کەمی فشار ...هتد فەراهەم دێت .

سەرچاوەکان/

١- تحسين تخطيط و استراتيجية عمران عاصمة-د.عباس محمدحسن .

٢- تنظيم الشوارع في امن المدن -حواس محمود-منبر الحرية .

٣- سياسة تطوير المواصلات في اسرائيل تخدم طبقات الميسورة اكثر من عامة السكان.عدي سوفير-مركز ادفا-ترجمة سعيد عياش .

٤- الاخطاء الهيكلية و الفنية في تصميم الطرق.

٥- الأوتوبان في ألمانيا.. مسرح لعشاق السيارات القادمين من جميع أنحاء العالم-http://www.almaniah.com/articles/view/521

٦- «تكنولوجيا الأسفلت» مشاريع رائدة https://alqabas.com/article/635875

٧-http://wiki.dorar-aliraq.net/iraqilaws/?p=5637









# چۆنێتی کارکردن لە سەر بەرنامەی ئیتابس ETABS


بەشی چوارەم

ئامادەکردنی/ ئەندازیاری تەلارساز

جەلال حەمە ئەمین




ئێستا لەم وانەیەدا هەوڵدەدەین کێش یان لۆدەکان بناسێنین بەبەرنامەکەمان ، بۆ ئەم مەبەستە دەچینە سەر لیستی (Define) پاشان ویندۆیەک شۆردەبێتەوە





کە تیایدا دەچینە سەر (Load Patterns) ئەوا ویندۆیەکی وەک ئەمەی خوارەوەمان دەداتێ





لەم ویندۆیەدا و لە هەموو کارەکاندا نزیکەی چوارجۆر لۆد هەیە,کە ئەوانیش (Dead Load) و (Live Load) و (Floor Cover) و(Wall Load), لەم ئیتابسە نوێیەدا تەنها (Dead Load)و(Live Load) کەمن دوایی (Floor Cover) و(Wall Load) ی بۆ زیاددەکەم،کە پاشان (Wind X) و(Wind Y) کە لۆدی هەوا یان بان و پاشان (Q X) و (QY) کە لۆدی زەمین لەرزەن, ئەمانە چۆن زیاددەکەم ؟




دەچین دەنووسین (Floor Cover) ئەم ویندۆیەمان دەداتێ




دەچیــن دەستنیشــانی (Type) دەکەیــن کــە لێــرەدا (Super Dead)یــان (Other)ە ، وە باشــتر وایــە (Other) هەڵبژێریــن ، بــۆ ئــەوەی ئــەو لۆدانــەی کــە مــن مەبەســتمە هەڵیبژێــرم و داخڵــی بکــەم ، هەرکــە هەڵمانبــژارد ئــەم ویندۆیــە دێتــە ســەر شاشــە





و دەچینــە ســەر (Self Weight Multiplier) ئەمیش دوو حاڵەتمان هەیە یان (0) یان (1) کە (1) واتای ئەوەیە کە ئێمە ئیختیار دەدەینە بە بەرنامەکە و دەڵێین خۆت لۆدەکانمان بۆ حساب بکە ، ئەمە واتای چییە؟ بۆ نموونە من سەقفێکم هەیە ئەستووری سەقفەکە ٢٠سم کە دەبێت من کێشەکەی یان لۆدەکەی داخڵ بکەمکە ئەمەیش = ts× گامای کۆنکرێت ، وە بە هەمان شێوە گەر من کەمەرەیکم هەبوو دەبێت دیسانەوە کێشەکەی حساب بکەم کە ئەویش =d× گامای کۆنکرێت، کە بەکورتی گەر بێت و (Dead) هەڵبژێرین ئەوالە (1) دادەنێین یان هەڵیدەبژێرین،وە باقی شتەکانی تر ئەوا (0) هەڵدەبژێرین ، وە واتای (0) ئەوەیە کە من کێشەکانی داخلدەکەم،پاشان کە ئەمانەمان داخڵکرد ئەوا دەچین کلیک لەسەر (Add New Load)





ئایا ئێستا چۆن ئەم قسانە لە ناو بەرنامە ئیتابس دا جێبەجێ دەکەین.
ئێستا دەچینە ناو ویندۆی ئیتابسەوە



و لەوێدا دەچینەسەر لیستی (Define) ویندۆیەک شۆڕ دەبێتەوە کە تیایدا (Load Patterns) هەڵدەبژێرین .




بەمە ویندۆیەک شۆڕدەبێتەوە کە لە خانەی (Load) دا دەنووسین (FC)




کە مانای (Floor Cover)ە ,وە لە خانەی (Type)دا (Others) هەڵدەبژێرین،





پاشان دەچینە سەر خانەی (Self Weight Multiplier)

دا دەنووسین (0)





پاشان دەچینە سەر لای ڕاستی ئەم ویندۆکراوەیەوە و دەڵێین (Add New Load)





بەمە ئاد دەبێت




بە هەمان بیرۆکەی پێشتر و لە خانەی (Load) دا دەنووسین (Wall)





وە لە خانەی (Type)دا (Others) هەڵدەبژێرین،




پاشان دەچینە سەر خانەی (Self Weight Multiplier) دا دەنووسین (0)




پاشان دەچینە سەر لای ڕاستی ئەم ویندۆکراوەیەوە و دەڵێین (Add New Load)





بەمە دێرەکە ئاد دەبێت




بەم شێوەیە زەمین لەرزە و با داخڵ دەکەین بەڵام لەگەڵ ئەوەی هەندێک شت لەم خشتانەدا دەبێت بگۆڕێت بۆیە لێرە وازی لێ دەهێنین لە بەرنامەکانی دواتر باسی زەمین لەرزە و باو بەفر دەکەین و پاشان (O.K) دەکەین.بەمشێوەیە ئێمە(Load Patterns)بە بەرنامەکەمان ناساند ، پاشان دەچین بۆ ناساندنی (Load Combinations) ، بۆ ناساندنی لۆد کۆمبانیشنس دەچینە سەر لیستی (Define) و پاشان ویندۆیەک شۆردەبێتەوە کە تیایدا دەچینە سەر (Load Combinations)





ئەوا ئەم ویندۆیە دێتە سەر شاشەکە



کاتێـک کـە کلیـک لەسـەر (Add New Combo) ویندۆیـەک دێتـە سەرشاشـەکە (Load Combinations Data) کـە لـە خانـەی (Load Combinations Name) دا دەنووسـین (ULT) .

کە $(ULT)= 1.4\times D.L+1.4\times FC+1.4\times Walls+1.6\times L.L$





پاشـان کـە (Dead) لـە خانـەی (3)دا زەربـی (1.4) (لەخانـەی (4) دەکەیـن و پاشـان (Add) لەخانـەی (5) دەکەیـن ئـەوا

$FC \times 1.4$ پاشان (Add)


$Walls \times 1.4$ پاشان (Add)

$Live \times 1.6$ لە کۆتاییدا ئەم ویندۆیە دێتە سەر شاشەکە


ئێسـتا ئـەم کردارەمـان چـۆن لـە ئیتابـس دا دەکەیـن بۆیـە دەچیـن ویندۆی ئیتابـس دەکەینـەوە




بۆیـە دەچینـە سـەر لیسـتی (Define) و لەوێـدا دەچینـە سـەر (Load Combinations)




ئەوا ئەم ویندۆیە دێتە سەر شاشەکە





پاشـان کلیـک لەسـەر (Add New Combo) دەکەیـن بـەم شـێوەیە ویندۆیـە دێتە سـەر شاشـەکە ،کـە لەخانەی (Load Combinations Name) دا دەنووسـین (ULT) وە پاشـان پێناسـەی (Dead) دەکەیـن و لـە بەرامبەریـدا دەنووسـین (1.4) پاشـان دەچیـن کلیـک لەسـەر (Add) دەکەیـن و پاشـان لـە خانـەی (Dead) کلیـک دەکەیـن و دەچیـن (Live) هەڵدەبژێریـن





و لە بەرامبەریدا دەنووسین (1.6)


پاشـان جارێکـی تـر (Add) دەکەیـن و پاشـان لەسـەر (Dead) کلیـک دەکەیـن و (FC) هەڵدەبژێرینـو لەبەرامبەریـدا دەنووسـین (1.4) وە پاشـان جارێکـی تـر (Add) دەکەیـن و پاشـان لەسـەر (Dead) کلیـک دەکەیـن و پاشـان ئیختیـاری (Walls) دەکەیـن و لەبەرامبەریـدا دەنووسـین (1.4)




پاشـان (O.K) دەکەیـن ، بەمـە حاڵەتـی ئەڵتیمەیتمـان پێناسـە کـرد





هـەر تەعدیلێـک بمانەوێـت بیکەیـن ئـەوا سـێلێکتی برگەکـە دەکەیـن و پاشـان دەچینـە سـەر (Modify \ Show Combo) بەمـە دەگەڕێینـەوە سـەر برگـەکان و چ تەعدیلاتێکمـان بـوێ دەیکەیـن .





گـەر ئێسـتا بمەوێـت حاڵەتـی وۆرکیـن زیـاد بکەیـن ، ئیتـر ئـەوە دیزاینکردنـی ئەسـاس بێـت یـان هەرشـتێکی تـر ، ئـەوا دەچینـە سـەر ویندۆکـەو دەڵێیـن (Add New Combo)





پاشـان ویندۆیـەک دێتـە سـەر شاشـەکەو لـە خانـەی (Load Combination Name) دا دەنووسـین (Work) پاشـان دەچینـە سـەر (Add) دەکەیـن بـۆ چەندجارێک,پاشـان دەچیـن تەعدیـل لەسـەر ژمارەکانـی بەرامبەریـان دەکەیـن کـە هەموویـان دەکەیـن بـە ژمـارە (1) و پاشـان (O.K) دەکەیـن .





وە دەتوانیـن حەرەکەیەکـی تـر بـە (ULT) بکەینو ئـەوا دەچینـە سـەر ویندۆکـە و دەڵێیـن (Add New Combo) بەمـە ویندۆیـەک دەکرێتـەوە کـە لەخانـەی (Load Combination Name) دا دەنووسـین (ULT) وە لـە خانـەی خـوارەوەدا دێیـن




(Work) هەڵدەبژێریـن وە بەرامبەریشـی دەکەیـن بـە (1.5) پاشـان (O.K) دەکەیـن .




وە هـەر شـتێکم بوێـت بسـرمەوە ئـەوا دەچینـە سـەر خانـەی (Delete Combo)





پاشان (O.K) دەكەین ، بەمشێوەیە (Load Combination) بە بەرنامەكە ناساند.بەمشێوەیە لیستی (Define) مان تەواوكردو ماتریاڵمان زەبت كردو سەكشنەكانمان ناساندو پاشان پێناسەی (Load) و (Load Combination) ناساند .پاشان دەچینە سەر هەنگاوی ژمارە چوار كە ئەویش بریتییە لە (Draw) یەكەم شت كە دەیكەین بریتییە لە كێشانی پایە.





ئەوا دەچین پەستان دەخەینە سەر (Draw) و پاشان ویندۆیەك شۆردەبێتەوە لەوێدا دەچینە سەر (Draw Beam \ Column \Brace Object) پاشان ویندۆیەكی تر شۆردەبێتەوە لەوێدا دەچینە سەر (Quick Draw Column (Plans ,3D) وە هەمان لیستی (Draw) لەلای چەپ هەیە ، هەروەكوو لە وێنەكەدا دیارە ، گەر كلیك لەسەرئەو ئلیكۆنە بكەین كە لە هێڵە سورەكەدایە هەمان كردارمان دەداتێ.


ئێستا دەتوانین بپرسین ئایا ئێمە ڕەسمەكان لە نهۆمی یەكەم یان سەردابدایە یان دووەمە یان دەیەمدایە دەكێشین ، دەبێت ئەوە بزانین كاتێك وێنەی پایەیەك دەكێشین ئەوا پایەكە لە خوارەوە دادەبەزێت ، ئەمە ئەوەمان پێ دەڵێت كە دەبێت لەسەرەتادا ڕەسمی پایەكان لە نهۆمی یەكەمدا بكێشین ، وە گەر دابەزیتە سەر نهۆمی سەرداب ئەوا ناتوانین ڕەسمی بكەین بۆ ڕوونكردنەوەی ئەم حاڵەتە دەبێت بچین ڕوونكردنەوە لە بەرنامەی ئیتابسدا بكەین .





ئێستا لەبەنامەی ئیتابسدا دەمانەوێت ڕەسمی پایەكان لە نهۆمی یەكەمدا بكێشین نەك سەرداب ، بۆ ئەم مەبەستە دەچینە سەر شریتی سەرەوە و پەستان دەخەینە سەر (plan)





لە پاشاندا دەچین نهۆمی یەكەم هەڵدەبژێرین و پاشان (O.K) دەكەین.بەمشێوەیە نهۆمی یەكەم دێتە سەر شاشەكەو لە گۆشەی سەرەوە نووسراوە ((plan view-1-z=4(m)) ئەمە ئەوە دەگەیەنێت كە ئەو پلانەی لەسەر شاشەكەیە نهۆمی یەكەمە، بەلاّم گەر ئێستا گەر بمانەوێت بچینە نهۆمێكی ترەوە،ئەوا دەچینە سەر شریتی سەرەوە و



دەچینە سەر سەهمەکانی کە سەرو خواری لەسەرە ئەوا سەهمێکیان دەمانبات بۆ نهۆمەکانی سەرەوە و سەهمێکی تریان دەمانبات بۆ نهۆمەکانی خوارەوە ، وەگەر بمانەوێت بەخێرایی بجولێین ئەوا دەچینە سەر (plan) پاشان ویندۆیەک دێتە سەرشاشەکە و چ نهۆمێکمان بوێت هەڵیدەبژێرین.بەلاّم ئێستا من دەمەوێت دەست بکەم بە رەسم کردن ، چۆن رەسم بکەین؟بۆ ئەم مەبەستە دەچینە سەر لیستی (Draw) و پاشان ویندۆیەک شۆردەبێتەوە لەوێدا دەچینە سەر(Draw Beam \ Column \Brace Object) پاشان ویندۆیەکی تر شۆردەبێتەوە لەوێدا دەچینە سەر (Quick Draw Column (Plans ,3D) هەڵدەبژێرین.




ئەوا ویندۆیەکی وەک ئەمەی خوارەوە دێتە سەر شاشەکە





ئەم شاشەیە پێمان دەڵێت (Property) ی کارەکەت بریتییە لە پایەی (C30x60) وە لێرەدا ووشەی (Angle deg,) زۆر گرنگە کە ئایا ئەو پایانەی کە رەسمی دەکەین بە چ گۆشەیەکە سفرە یان وەستاوە یان هەر پلەیەکی تری هەبێت.وە ووشەی (Cardinal Point) کە لە بەرامبەریدا نووسراوە (5)Middle Center) کە ئەمە شتێکی نوێیە لە بەرنامەی ئیتابسدا ،کە ئەمە واتە چەند خاڵێکمان دەداتێ کە پایەکەی پێبکێشین.





ئێستا ئەمە لە بەرنامەی ئیتابسدا جێبەجێدەکەین ، بۆیەپەستان دەخەینە سەر (plan) و پاشان ویندۆیەک دێتە سەرشاشەکەو تیایدا نهۆی یەکەم هەڵدەبژێرین




پاشان (O.K) دەکەین ، وە بۆ ئەوەی کە پایەیەک بکێشین دێین دەچینە سەر لیستی (Draw) و پاشان ویندۆیەک شۆردەبێتەوە لەوێدا دەچینە سەر (Draw Beam \ Column \Brace Object) پاشان ویندۆیەکی تر شۆردەبێتەوە لەوێدا دەچینە سەر (3D, Quick Draw Column (Plans) هەڵدەبژێرین.
پاشان شاشەیەکمان بۆ دەکاتەوە،







یان دەتوانین ئەمە لابەین و لەرێیی لیستی لای چەپی شاشەکە دەتوانین بچینەسەر ئایکۆنی پایە




هەمان شاشەی پێشووترمان دەداتێ




وە لەخانەی (Property) دا لەبەرامبەریدا لەسەر سەهمەکە کلیک دەکەین و ویندۆیەک شۆڕدەبێتەوە کە تیایدا (C30x60) هەڵدەبژێرین



وە ئەوانی دواتر ناگۆڕم تا دەگەمە سەر (Cardinal Point)کلیک لەسەر بەرامبەری دەکەین ویندۆیەکمان بۆ دەکاتەوە کە تیایدا چ جۆرێکمان بوێت ئەوە هەڵدەبژێرینو کە لێرەدا (1)bottom left)





کە بەم شێوەیەی لێ دێت لە ویندۆکەدا




پاشان دەچمە سەر پلانەکەو دەست دەکەم بە کێشانی



گەر جارێکی تر بچینە سەر ویندۆکەی پێشتر کە نووسراوە (1)bottom left) ئەمە واتای گرتنی برگەی پایەکە لەلای چەپ و لەبەشی خوارەوەیدا ،بەڵام گەر بمانەوێت لە (Center) دا بیگرین ئەوا دەچینەوە سەر (Cardinal Point)کلیک لەسەر بەرامبەری دەکەین ویندۆیەکمان بۆ دەکاتەوە کە تیایدا(5)middle center) هەڵدەبژێرین





ئەوا پایەکە لە سەنتەردا دەگیرێت



وە گەر بمەوێت پایەیەک بکێشم لەبەشی خوارەوەیدا و نەمەوێت نیوەی بێتە دەرەوەی پلانەکە

ئـەوا چیدەکەیـن ؟


ئەوا دەچینەوە سەر ویندۆی پێشووتر (Property of Object) پاشان کلیک لە بەرامبەری (Cardinal Point) ئەمجارە (Bottom Right(3) هەڵدەبژێرین ،





ئەوا دەچینە سەر پایەی گۆشەی لای راست و ئێمە پایەکەمان بە شێوەیەک گرتووە کە گۆشەی خوارەوەی لای راستی پایەکەیە بۆیە دەچینە سەر پایەی گۆشەکەو کلیکی لەسەر دەکەین




وە تا ئێستا پایەکانمان بەشێوەی ئاسۆیی دەکێشا گەر بمانەوێت بە ستوونی بیکێشین ئەبێت چی بکەین ؟ئەوسا دەرۆینە سەر ویندۆی پێشووتر (Property of Object) و دەچینە سەر (Angle ,deg) گۆشەکە دەکەین بە (90)





بۆیە دەچین دەست دەکەین بە کێشان




بەم شێوەیە دەست دەکەین بە کێشان تا هەموو پایەکان تەواو دەکەین




وە ئەمەی خوارەوە بریتییە لە شکڵی کۆتایی کارەکەمان




وە گەر بێت و من رەسمی پایەیەکم بە هەڵە کێشابوو چی بکەین ؟دەبێت بیکوژێنینەوە ، بەڵام چۆن بیکوژێنینەوە؟




بۆیە دەبێت سێلێکتی بکەین بەڵام چۆن سێلێکتی دەکەین ، دێین سێلێکتەکە لەلای چەپەوە دەبەین بۆ لای راست ، پاشان دیلێتی دەکەین ،




چۆن بزانین ئەو پایەیەی کە سێلێکتمان کردووە بریتییە لەو پایەیەی کە دەمانەوێت و پایەی نهۆمی ٣،٢،.... نییە؟ بۆ ئەم مەبەستە تەماشای لای چەپ و لەبەشی خوارەوەی ویندۆکە نووسراوە (Frame 1, 1Joint Selected) ئەمە واتای ئەوەیە کە نهۆمی یەکەمە ،





پاشان دەچینە سەر ڕەسمکردنی شیرۆڵ و کۆد.کە ڕەسمی ئەمانە لە لیستی (Draw)دان ،کە دەچینە سەر لیستەکەو پاشان ویندۆیەک شۆڕدەبێتەوە کە تیایدا دەچینە سەر (Draw Floor \ Walls Object ) پاشان ویندۆیەک لە تەنیشتەوە دێتە دەرەوە کە تیایدا دەچینە سەر (Draw Walls (plan)




یان بە ڕێگایەکی خێراتر دەتوانین لە ڕێی لای چەپی هەمان ویندۆوە و لەڕێی ئەو دوو ئایکۆنەوە شیرۆڵ دەکێشرێت کە یەکەمیان لەڕێی خاڵەوە دەکێشرێت و دووەمیان شیرۆڵ بەخێرایی دەکێشرێت کە لە بازنە سوورەکەدان . ئەم قسانە چۆن لە ئیتابسدا دەکەین ، بۆ ئەم مەبەستە دێین ئیتابس دەکەینەوە ،کە ویندۆکە کرایەوە دێین پایەیەک دەسڕینەوە لە ڕێی بردنی ویندۆیەک لە بەشی خوارەوەی پایەکە و بردنی بۆ سەرەوەی بەرەو ڕاست




ئێستا چۆن بزانین ئەو نهۆمەیە ؟بۆ ئەم مەبەستە سەیری لای خوارەوەی ویندۆکە لە لای چەپی دەکەین ، گەر نووسرابوو (Frame 1, 1Joint Selected) ئەوا ئەو نهۆمە بریتییە لەو نهۆمەی کە ئێمە مەبەستمانە. پاشان دیلێتی دەکەین ، ئێستا چۆن دەتوانین ئەو هەنگاوەی کە کردومانە بیگەڕێنینەوە ، ئەوا دێین (CTRL+Z) دەکەین بەمە پایەکە دەگەڕێتەوە، بەڵام گەر بمانەوێت هەموو شتەکان سێلێکتی بکەین ، چی دەکەین؟بۆ ئەم مەبەستە دێین ویندۆیەک لەلای ڕاستەوە بەسەر هەموو کارەکەماندا دەبەین بەرەو چەپ ،




یان لە ڕێی (CTRL+A) یان دەڕۆینە لای چەپی شاشەکە و سێلێکت ئۆڵ دەکەین .





بەڵام چۆن بزانم کە من هەموو شتەکانم سێلێکت کردووە ، بۆ ئەم مەبەستە سەیری لای چەپی ویندۆکە لە بەشی خوارەوەی بکەین ،گەر نووسرابوو (Frame Selected 13,Joint 26) کە مانای 13 فرێم نووسراوە واتە 13 پایە ، ئەوا کارەکەمان دروستە .ئەوا ئێستا دەمەوێت ڕەسمی شیرۆڵ بکەین بۆ ئەم مەبەستە دەچینە سەر (Draw) پاشان ویندۆیەک شۆڕ دەبێتەوە کە تیایدا دەچین (Draw Floor \Walls Object) هەڵدەبژێرین ، پاشان ویندۆیەک لە تەنیشتەوە دێتە دەر کە تیایدا دەچینە سەر (Draw Walls) (Plan)





پاشان شاشەیەکی ترمان بۆ دەکاتەوە، هەمان ئەو ویندۆیەیە کە پایەکەمان پێکێشا ، بۆیە دەچینە سەر (Property) و لە خانەی بەرامبەری دەنووسین (W20)





پاشان دەست دەکەین بە کێشانی شیرۆڵەکە و بزانین لە چ شوێنێکدایە




تا بە تەواوی دەیکێشین




لە ڕێی کلیکی لای ڕاستەوە لە ڕەسمکێشانەکە دەردەچین . وە گەر تەماشای سری دییەکەی بکەین دەبینین شیرۆڵەکەی بۆ کێشاوین.




وە گەر بگەڕێینەوە پێش واتە ئەم کردارەی پێشتر لابەین و سەر لە نوێ چ بە ڕێگایەکی خێرا شیرۆڵەکە بکێشین دەبێت چی بکەین ؟بۆ ئەم مەبەستە دەچینە لای چەپی ویندۆی ئیتابس و کلیک لەسەر (Quick Draw Walls) و کلیکی لەسەر دەکەین ،پاشان هەمان ویندۆی پێشتر دێتە سەر شاشەکە و





پرۆپەرتی دەکەین بە دەبلیوو 20 و دەچین رەسمی شیرۆلەکە دەکێشین ئەویش بە تەنها کلیک کردن لەسەرئەو هێڵەی کە شیرۆلەکەی لەسەرە




وە گەر لەبەشی دووەمیشدا شیرۆڵ هەبێت ئەوا دەچین سیچلێکتی ئەو هێڵە دەکەین کە شیرۆلی دووەمی تێدایە




وە دوا شت کە لەم وانەیەدا هەمانە پاش ئەوەی کە رەسمی پایەو شیرۆلمان کێشا




وە ئێستا حاڵەتێکی گرنگ هەیە کە ئەویش بریتییە لە سەپۆرتات ،کەواتە بابەتی سەپۆرتات یانی چی ؟ بۆ ئەم مەبەستە دەچین پەستان دەخەینە سەر (Plan)




پاشان دەچینە نهۆمی (Basement)




ئەم (Basement) سوودی چییە ؟ ئایا ئەو سەپۆرتانەی کە ئێمە هەمانە چ جۆرێکن ؟ ئایا (Hinge) یان (Fixed) یان (Roller) بەڵام ئەم دامەزراوەی کە ئێمە هەمانە بریتییە لە (Height Rise) و من مۆدێلم خستۆتە کار، وە ئەو سەپۆرتاتانەی کە هەمانە بە (Fixed) دایدەنێین، ئایا ئمە چۆن دەکەین ؟ دەچین سێلێکتی هەموو خاڵەکان دەکەین ، وە تەماشای لای چەپی بەشی خوارەوە بکەین دەبینین نووسراوە (Jointed Selected 18) کەوتە راستە پاشان دەچینە سەر (Assign) و ویندۆیەک دەکرێتەوە کە تیایدا دەچین (Joint) هەڵدەبژێرین ، پاشان ویندۆیەک لە تەنیشتەوە دێتە دەرەوە و تیایدا (Restraints ) هەڵدەبژێرین .




وە پاشان جۆری پایەی کە هەمان بریتییە لە (Fixed)





ئایا ئەم قسانەمان چۆن لە ئیتابسدا جێبەجێ دەکەین؟ بۆیە دەچینە ئیتابسەوە و دەچینەکلیک لەسەر (Plan) دەکەین و بەمە ویندۆیەک دێتە سەر شاشەکەئەوا تیایدا(Base) هەڵدەبژێرین،




پێش ئەوەی دەست بکەین بە کێشانی سەپۆرتات ، تێبینیەکی گرنگ هەیە کە دەبێت بیڵێین دەبینین لەلای چەپی ویندۆکە شیرۆلو پایە بە تۆخی دیار نین ، ئەمە واتای چییە؟لەبەر ئەوەی کە نهۆمی (Base) دا تەنها سەپۆرتی تێدایەو تایبەتە بە سەپۆرتات.وە



گەر بمانەویچت کۆر بکێشین چۆن دەیکێشین؟بە هەمان شێوە دەچینە سەر لای چەپی ویندۆکەو درۆوڵ هەڵدەبژێرین ، ئەوسا دەچین دەست دەکەین بە کێشانی کۆرەکە وە گەر بمانەوێت سەپۆرتەکان دابنێین ئەوا دەچین پەستان دەخەینە سەر (Plan) و بەمە ویندۆیەک دەکرێتەوە کە تیایا دەچین (Base) هەڵدەبژێرین ، پاشان (O.K) دەکەین.






وە پاشان دەچین سێلێکتی هەمووی دەکەین بە هێنانی ویندۆیەک لەبەشی سەرەوەی لای ڕاست بەسەر هەموو کارەکەو ڕاکێشانی بەسەریدا بەرەو لای چەپ




پاشان دەچینە سەر لیستی (Assign) و ویندۆیەک دەکرێتەوە کە تیایدا دەچین (Joint) هەڵدەبژێرین ,پاشان ویندۆیەک لە تەنیشتەوە دێتە دەرەوە و تیایدا (Restraints) هەڵدەبژێرین .





















وه پاشان جۆری پایەی کە هەڵدەبژێرین بریتییە لە (Fixed)




پاشان (O.K) دەکەین .ئێستا چۆن تەئکید ئەبین کە سەپۆرتەکان لە جۆری (Fixed)ن ، دێین سێلێکتی هەمووی دەکەین و پاشان دەچینە سەر (Assign) و پاشان کلیک لە (Joint) دەکەین وپاشان (Restrants) هەڵدەبژێرین ، بەمە ویندۆیەک دێتە سەر شاشەکە و پێمان دەڵێت کە جۆری سەپۆرتەکە بریتییە لە چی؟



# چاوپێکەوتن



## ئەندازیاری کیمیاوی
# سۆران دلاوەر جەلال

ئامادەکردنی
گۆڤاری ئەندازیاران

لەم ژمارەیەی گۆڤارەکەماندا بە مەبەستی زیاتر ناساندن و سود وەرگرتن لە شارەزایی ئەندازیاریکی بە ئەزموون چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ئەندازیاری کیمیاوی بەڕێز ( **سۆران دلاوەر جەلال** ) سازدا و لە وەلامی پرسیارەکانماندا بەم شێوەیەی لای خوارەوە بۆمان دوا ...

ئەندازیاران : ناوی سیانی؟
وەڵام : سۆران دلاوەر جەلال

ئەندازیاران : بەروار و شوێنی لە دایک بوون؟
وەڵام :( ١٩٧٥/٧/٧ ) –پارێزگای بەغداد

ئەندازیاران : قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و زانکۆتان لە چ ساڵ و جێگەیەک تەواو کردووە و پسپۆریتان لە چ بوارێکی ئەندازەییدا هەیە؟
وەڵام/ –خوێندنی سەرەتایی:– ١٩٨٦
–خوێندنی ئامادەیی:–١٩٩٢
–خوێندنی زانکۆ:– ١٩٩٨ بەغداد زانکۆی تەکنۆلۆجی و لە بواری ئەندازەی کیمیاوی .

ئەندازیاران : پلە و پۆست و ناونیشانی وەزیفیتان لە ئێستادا چیە و لە کوێن ؟
وەڵام :– بڕیاردەری بەشی ئەندازەی کیمیاوی – کۆلێژی ئەندازیاری – زانکۆی کۆیە.

ئەندازیاران : ئەو پرۆژانە چین کە ئەنجامتان داون یان سەرپەرشتیتان کردوون لە ژیانی وەزیفیتاندا و چ پرۆژەیەکی خۆتانتان لە هەموان پێ سەرکەوتوترە ؟
وەڵام :١. دروستکردنی زەیتی خواردن
٢. دروستکردنی میسانول Methanol
٣. دروستکردنی Ethyl Benzene
٤. Acetic Acid

ئەندازیاران : چۆن بەراورد دەکەن لە نێوان ئەو پرۆژانەی کە لە کوردستان جێبەجێدەکرێت لەگەڵ ئەوانەی لە وڵاتانی دەرەوەی جێبەجێدەکرێن لە ڕووی ئەندازیاریەوە؟
وەڵام : – لە ڕووی ئەندازیاریەوە باشە بەڵام دەبێت پرۆژەکان زیاتر بن چونکە خواستێکی زۆر هەیە لەسەر بەرهەمی خۆماڵی.

ئەندازیاران : ئەو خولە زانستیانە چین کە بینیوتانن و لە چ وڵاتێک بوون ؟
وەڵام :– خولی Process Control
– خولی unit operation
– خولی gasoline testing method


ئەندازیاران : ڕێنمایی و ئامۆژگاریتان چیە بۆ ئەندازیارانی نەوەی نوێ؟
وەڵام :– هەوڵ بدەن بایەخ بە لایەنی پراکتیکی بدەن .

ئەندازیاران : دوا وتەتان...
وەڵام: هیوادارم کوردستان ببێتە وڵاتێکی پیشەسازی و کشتوکاڵی پێشکەوتوو.

# کـۆچـی دوایـی

ئەم لاپەڕەیەمان بۆ گۆڤارەکە زیادکرد تایبەت بە کۆچی دوایی ئەندازیاران، کە بەهەر هۆیەکەوە بێت کۆچی کۆتایی دەکەن و دەکەونە بەر بەزەیی و بەخشندەیی پەروەردگاری مەزن ،لەلایەک وەک ڕێزێک بۆ ئەندازیاران و بەنەمر هێشتنەوەی ناویان لە تۆماری ئەندازیاراندا و دەبێتە مێژوویەک بۆ خانەوادەکانیان و دەچنە ئەرشیفی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان و لەلایەکی تریشەوە بەڵگەیەک دەبێت بۆ کۆتایهاتن بە ژیان و خزمەت و بەخششەکانیان وەک بڵاوکراوەیەکی فەرمی ئەندازیاران .. بەهیوای ئەوەی هەموو ئەندازیارانی ئازیز لەهەموو بەڵاو کارەسات و ڕووداوێکی دڵتەزێن بەدووربن و هەمیشە نەمر بن ، بەڵام مردنیش بۆ هەموانە و هەرئەوەندەمان لەدەست دێت کە بڵێین

(انا للّه وانا الیه راجعون)...



**ئەندازیار / دلێر صدیق عبدالله** / لە شـاری سـلێمانی لە ساڵی ١٩٤٣ لە دایک بووە ، دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری ( شارستانی ) لە زانکۆی بەغداد لە ساڵی ١٩٧١، مەخابن لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/١٢ دا کۆچی دوایی کرد.



**ئەندازیار / فەرهاد حەمە صالح** / لە شـاری سـلێمانی لە سـاڵی ١٩٦٠ لەدایک بووە ، ئەندازیار بوو لە بەڕێوەبەرایەتی گواسـتنەوەی وزەی سـلێمانی ، دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری ( کارەبا ) لە زانکۆی سەلاحەدین لە ساڵی ١٩٨٨ ، مەخابن لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/١٤دا بە نەخۆشی کۆرۆنا کۆچی دوایی کرد.

# پلە بەرز كردنەوە

ئەندازیاری بەڕێز:


كۆميتەی باڵا و لقەكانی **یەكێتی ئەندازیارانی كوردستان** ، دوو هەفتە جارێک كۆبوونەوەی ئاسايی خۆيان دەبەستن و لە كۆبوونەوەكانياندا بڕيار لەسەر بەرزكردنەوەی پلەی ئەو ئەندازيارانە دەدەن كە داوايان پێشكەش كردووە و هەموو مەرجەكانيان تێدايە . لەخوارەوە ناوی ئەو ئەندازيارانە دەنوسين كە لە (١ / ١٠ / ٢٠٢٠ تا ٣١ / ١٢ / ٢٠٢٠ ) پلەيان بەرز كراوەتەوە:

| یەكەم : بەرزكردنەوەی پلە لە (یاریدەدەر) وە بۆ (كارا) | | | |
|---|---|---|---|
| رابەر رزگار محمد | ئامانج مستەفا احمد علی | روكسان سالار نجيم تۆفيق | علی محمد فخری عبد |
| احمد محمد رۆوف عبدالقادر | مير جمال عبدالفتاح | احمد اسعد قادر | بروسك ئاراس قادر |
| ئاوات مستەفا محمد امين | بەرهەم عبدالرحيم عبدالله | ئاری احمد علی | جبار عزت حەمە فرج |
| كۆسار فؤاد تۆفيق | عيرفان بورهان حسين فتاح | كاڵێ سردار محمد | ژينا ابراهيم احمد |
| داستان كمال طاهر | سنار فريد عبدالله | هەورامان مستەفا قادر | سەردەم سەلام شكر |
| هەردی عبدالله حسين | احمد قصی صبحی | باخان كامل فتاح | كانياو كاروان كمال محمد |
| داستان طاهر لطيف | سيامەند صالح محمد | بەهمەن علی قادر | مستەفا جەلال مستەفا |
| محمد عبدالله محمد | نەوژين علی احمد | شڤان فاضل محمد نەجيب | رۆژگار احمد عبدالله |
| شايان سالار احمد | ئاری ابراهيم حسن | باخان كامل فرج | هاوكار فائق عبدالرحمن |
| سۆلين عمر محمد | | | |

| دووەم : بەرزكردنەوەی پلە لە (كارا)وە بۆ (ڕێپێدراو) | | | |
|---|---|---|---|
| صفوان طارق حامد | بەختيار امام صاڵح | زانا عبدالخالق محمد | هەيان ابوبكر عارف |
| ديار سليم مجيد | كەژان هێرش محرم | توانا رسول محمود | فەرمان رؤوف فقێ احمد |
| ڕەنجدەر فتاح حەمە رسول | ڕەوەز نجاة عثمان | ژاڵە علی عارف | دارۆ شەماڵ احمد |
| دەريا عەتا انور | هاودين محمد زيرەك | اسكندر فتاح محمد | حسن كامل سعيد |
| هاوڕێ عمر حمە كريم | حسام محمد علی | سەردەم سلام شكر | كامەران عبدالحميد محمد |
| محمد فاتح جميل | دەريا عەتا انور | شەن هيوا عمر | بان غفار فرج |
| هۆزان لەتيف رؤوف | ئارام حەمەد زۆراب | كارزان علی حسين | برهان سلێمان رسول |
| ديار ابراهيم علی | حمد فائق رحيم | فريدون بهاء الدين عمر | ئاسۆس عبدالعزيز محمد |
| چيا عمر قادر | مەريوان علی محمود | هێمن عبدالله رشيد | هەرێم محمد لطيف |
| بلال كمال حەمە علی | احمد جوهر | ڕێژين عبدالله شريف | شادان محمد شريف |
| كاوە بەشار شيخۆ | گۆران محمد احمد | ڕۆژان حسێن يابە | ڕۆژ جواد عزيز |
| كاروان عوسمان مستەفا | سلمان ڕزگار محمد | عمر زيد عبدالرحمن | اريوان جليل ستار |
| ئارام سعيد حمە عبدالله | ارشد عزيز محمد | سۆران جعفر خالد | خەبات فەرهاد عبدالقادر |
| سامان علی عبدالله | ميران علی عبدالله | ڕۆزە ياسين عبدالله | شەهرۆ قادر حسين |
| بڕوا احمد سعيد | | | |

| سێيەم: بەرزكردنەوەی پلە لە (ڕێپێدراو) وە بۆ (ڕاوێژكار) | | | |
|---|---|---|---|
| كاروان أحمد كريم | كارزان أحمد كريم | سردار عادل محمد | نەبەز صادق حەمە رحيم |
| سامان اسماعيل ابراهيم محمد | علاء حسن علی | احمد محمد حسن | ئومێد شريف محمد امين |
| كاردۆ ميرزا عزيز | زينۆ نوزاد صاڵح | علی محمد علی | ئاری صديق علی |
| سردار سلێمان شريف | فريدون احمد يوسف | صفوان طارق احمد | ديار طاهر عبدالله |
| محمد أحمد اسماعيل | هەژار محمد خدر | زانا عبدالرحمن علی | هێمن علی عبدالله |
| بڕوا عبدالحميد محمد أمين | خالد حسێن محمد | بەختيار احمد مستەفا | محمد عمر علی |
| ڕەوا عادل جلال | | | |

بنەوتار :-



# ساڵی ٢٠٢٠ ناسۆرترین ساڵەکانی سەدەی بیست و یەکەمی جیهان ! ........

• بەداخەوە مێژووی مرۆڤایەتی سیخناخە لە کارەسات و جەنگ و کاولکاری و نەخۆشی و ململانێی نارەوا و داگیرکاری و زوڵم و چەوساندنەوەی مرۆڤ بۆ مرۆڤ و زیندەوەران و تەنانەت ئەو ژینگەیەی کە خۆشی تیایدا دەژی . مرۆڤ بۆخۆی بونەوەرێکی لەلایەک داهێنەرو ئاوەدانکەر و خاوەنی شارستانێتیە نەمرەکانی مرۆڤایەتیە و زیاد لە پێنج هەزار ساڵە لەسەر گۆی زەوی گوزەران دەکات و گەلێک داهێنانی گەورە و ناوازە و سەرسورهێنەری داهێناوە تا کاراوانی مرۆڤایەتی و گەشەسەندن و ئاوەدانی گەیاندۆتە ئەم قۆناغەی ئێستا . بەڵام لە پاڵ هەموو ئەم کار و چالاکییە بێوێنە و سەرسورهێنانەیدا ، سەدان و هەزاران کارەسات و کاولکاری و نغرۆکردنی مرۆڤایەتی و شارستانێتیەکانیشی ئەنجامداوە، کە زۆرێکیان بێ مەبەست و لە نەزانین و غافڵگیرییەوە بوە و زۆربەی تریشیان بە مەبەست و بە پلانی پێشوەختە ئەنجامیداون ،گەلێکجاران هۆکارەکان کەسی و بنەماڵەیی و نەتەوەیی و یان ئاینی و مەزهەبی بوون، کەبونەتە هۆی هەڵایسانی جەنگە گەورەکانی جیهانی یان جەنگە ناوخۆییە نەبراوەکان یان سەرهەڵدانی دوژمنایەتی و کوشت و کوشتار و کاولکاری کە لەکۆتایشدا تەنها و تەنها مرۆڤایەتی و ژینگەی گۆی زەوی زیانی گەورەیان پێکەوتوە .

• جا هەر قۆناغە یان سەدە یان ساڵ و مانگ و ڕۆژەکانی مێژووی مرۆڤایەتی هەریەکەیان بە ڕووداوێکی گەورە و گورچکبڕ و کارەساتبار دەناسرێنەوە ، ئەوەتا ساڵانی ١٩١٤-١٩١٨ جەنگی جیهانی یەکەم و ساڵی ١٩٢٩-١٩٣٣ چەقبەستوویی گەورەی ئابوری و ساڵانی ١٩٣٩-١٩٤٥ جەنگی جیهانی دووەم و ساڵانی ١٩٥٢-١٩٩١ جەنگی سارد و دەیان نمونەی زیندووی تر.کە هیچ کات مرۆڤایەتی بەبێ جیاوازی ئاوات بۆ ئەو قۆناغ و سەردەمە تاریکانەی مرۆڤایەتی ناخوازێت .

• جا لەوچوارچێوەیەشدا سەدەی بیست و یەکەم و بە دیاریکراویش ساڵی ٢٠٢٠ کە سەرەتای بەناو سەدە و قۆناغێکی نوێ بوو ، بە کارەساتێکی مرۆڤایەتی دەستیپێکرد کە بریتیە لە پەتای کۆرۆنا ( کۆڤید-١٩ ) کە لەسەرەتای ساڵەوە تاکو ئێستا کە نزیکبوینەتەوە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠، هەر بەردەوامە و هیچ کەس و لایەن و وڵاتێکیش ناتوانێت پێشبینی کۆتاییەکەی بکات ، تائێستا تەواوی مرۆڤایەتی و زانست و زانیاری و زاناکان دەستەوستانن لەبەردەم ئەم پەتا کوشندەیەدا کە لەماوەی تەنها ١١مانگدا زیاد لە ٥٥ ملیۆن کەس توشبوون و نزیکەی ١ملیۆن و ٥٠٠ هەزاری کوشتوە و بە سەدان ملیار دۆلار زیانی ئابوری گەیاندۆتە تەواوی گۆی زەوی و بە ڕادەیەکی بەرچاو ترس و دڵەڕاوکێ و مەترسی بلاوکردۆتەوە بەناو تەواوی وڵاتان و کۆمەڵگاکاندا و ئاشتی کۆمەڵایەتیشی خستۆتە بەر مەترسی و دارمانی ئابوری زۆرێک لە وڵاتانی پێشخستوە و کورتهێنانی بودجە و داهاتی

ساڵانەیان و گەشە و ئاوەدانیانی خستۆتە بەر مەترسیەوە.پەتای کۆرۆنا بۆتە پەتای سەردەم و سەدەی بیست و یەک و بۆتە بکوژ و مەترسیەکی گەورە بۆ سەر ئێستا و ئایندەی تەواوی مرۆڤایەتی .

• بەم شێوەیە ساڵی ٢٠٢٠ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بۆتە ساڵێکی رەش و پر مەترسی و کوشندە و ناسۆر بۆ تەواوی گۆی زەوی ، ئەم ساڵە ساڵی نەهامەتی و برسێتی و بێکاری و دواکەوتوویی و راوەستانی گەشەی ئابوری تەواوی مرۆڤایەتی بوو . ساڵێک بوو کە هیچ کات ئاواتی پێناخوازرێت ، ساڵێک بوو کە لەناو ساڵەکانی ئەم سەدەیەدا رەنگە ببێتە وێسگە وخاڵێکی تاریکی ئەوتۆ کە جیاکەرەوە دەبێت لە پێش و لەدوای خۆی.گەر هەندێک ساڵ بۆ ئەو کۆمەڵگا یان ئەو وڵات یان ئەو ناوچەیەی جیهان ساڵێکی پر وەیشومە و کارەسات و جەنگ و کارەساتی سروشتی و ژینگەیی کوشندە بوبێت،ئەوا ساڵی ٢٠٢٠ ساڵێکی ئیقلیمگیری سەرتاسەری و جیهانی بوو بۆ تەواوی مرۆڤایەتی و هەموانی وەکو یەک بێزار و دڵتەنگ و کارەساتبار کردوە بەهۆی لەدەستدانی زۆرێک لە خۆشەویستان و ئازیزانیان و زۆرێک لە خێزانەکانی هەڵوەشاندۆتەوە و زیاتریشی لە منداڵان بێ دایک و باوک و بێ سەرپەرشتیار خستوە، گەلێک کەسی کۆستباران کردوە و لەوەش زیاتری بێکار و برسی کردوە،ئەم ساڵە و ئەم پەتایە هەموو مرۆڤایەتی یەکسانکردوە لە تووشبون و کوشتن و نەهامەتی و برسێتی و هەژارکەوتندا ، چونکە دەوڵەمەند و هەژارانی وەکو یەک گرتۆتەوە ، رۆژهەڵات و رۆژئاوای پێکەوە گرێداوە لە نەهامەتیدا ، جەنگ و ململانێکانیشی تارادەیەک گەرمتر کردوە،رەنگە ببێتە هۆکاری سەرهەڵدانی ناچاری هێرش و پەلامار و جەنگی گەورەتریش لە جیهاندا .

• بۆیە بەهەق ئەم ساڵی ٢٠٢٠ و ئەم سەرەتای سەدەی بیست ویەکەش ئەوەمان پێدەڵێن کە ئایندەی مرۆڤایەتی زۆر رۆشن نابێت لەبەر چاوچنۆکی سەرمایەداران و دونیای سەرمایەداری لەلایەک و سەرهەڵدانی جەنگ و ململانێ نارەوا سیاسی و ئابوری و ئەمنیەکانیش لەلایەکی ترەوە لەنێوان هەمواندا لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوادا ، لەنێوان باکور و باشووریەکانیشدا،لەنێوان دەوڵەمەند و هەژارەکاندا ، لە نێوان رەش پێست و سپی پێستەکاندا ، بۆیە گەر بیرکردنەوە و رکابەرایەتی مرۆڤەکان بگاتە رادەی شێتبوونی تەواوەتی ولە عەقڵ و ئاوەز دەربچێت ، ئەوا رەنگە دەیان ساڵی تری وەکو ساڵی ٢٠٢٠ لەم سەدەیەدا دووبارە ببنەوە و هێندەی دی ئایندەی مرۆڤ و مرۆڤایەتی و ئاوەدانی و گەشە و پێشکەوتنەکان بەرەو تونێلێکی تاریک و تونتر ببەن و ژیان و گوزەرانی سەر گۆی زەویش بکەنە مێژوویەکی رەش و کاولکاری و ئەم شارستانێتیە پێشکەوتوەش بکەنە هەواڵێکی رابووردوو لە نەمان و لە ناوچونی وەک هەموو شارستانێتیەکانی سۆمەری و بابلی و ئەگریکی و رۆمانی و یۆنانی و ...هتد .

• بەهیوای ئەوەی ساڵی ٢٠٢٠ زوو کۆتایی پێ بێت و قۆناغ و سەردەمێکی ئومێدبەخش چاوەروانی هەموان بکات و هەموو بەڵا و ناسۆر و ناخۆشیەکانی ساڵی ٢٠٢٠ مان لە بیر باتەوە .

**گۆڤاری ئەندازیاران**